تیپی شانۆی ئاشتی کەرکوك
کتێبی ژمارە - 1

# فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی

وەرگێڕان و ئامادەکردنی
کاردۆ

2006



ناوی کتێب: فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی
بابەت: زاراوەی شانۆیی
ناوی وەرگێڕ و ئامادەکار: کاردۆ
لە بڵاوکراوەکانی تیپی شانۆی ئاشتی کەرکووك- 1
دەرهێنانی هونەری و بەرگ: فەهد شوانـــی
هەڵەچن: فریاد ئەحمەد
تایپ: شیلان ئەنوەر
چاپخانە: ئارابخا- کەرکووك
چاپی یەکەم- 2006

لەکتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی( 384 ) ساڵی( 2006 ) دراوەتێ

## پێشکەشە بە :

**گیانی تژی لە میهرو‌ئارامشی باپیرم**

**نەنکم وخاڵم**

**تیپی شانۆی ئاشتی**

**«گەر ئەو ناوانەی سەرەوە نەبوونایە منیش نابووم»**



## پێش دەستییەکی کورت :

لە مێژەدرکم بەوە کردووە کەیەکێك لە کەم وکوڕییەکانی شان
کوردی نەبوونی فەرهەنگێکی شانۆییە بە زمانی کوردی* دی
ئەوەش بووە تە هۆی ئەوەی کە شانۆکاری کورد دووچاری نامۆ بو
بێت بەرامبەر بەو دنیایەی کە بەردەوام کایەی تێدا دەکات ,
ڕاستیدا بەو پێیەی کە خودی خۆم تە ڨلی دنیای شانۆم دەتوانم ب
بە داخەوە زۆرینەی شانۆکارانی لەمەڕ خۆمان بە دەگمەن ئاش
هەندێك لە زاراوە شانۆییەکانن ،هەندێك پێیانوایە "شانۆ" تەنها
کۆیەکە و نمایشتی لەسەردەکرێ ،بەبێ ئەوەی بزانن کەبە سە
زاراوەی لێدەکەوێتەوە و زۆربەی ئەو زاراوانەیش خودان رەهە
گەلێکی جیاوازن ،هۆکارەکەیشی وکو پێشتر ئاماژەم پێدا دەگەڕێت
بۆ نەبوونی فەرهەنگێك کە بەزمانی کوردی زاراوەکان شرۆڤەبکات
ژبەر ئەوە هزرم هەمیشە دنەیدەدام کە ( معجم المصطلح
الدرامیه والمسرحیه_د.ابراهیم حمادە ) وەربگێڕمە کوردی ،لێ دەپ
ئەوەی کە سەرچاوەگەلێکی ترم بەرچا و کەوت بەتایبەتی (مع
المصطلحات المسرحیة_سمیرالجلبی)بۆم دەرکەوت ک

زاراوەگەلێکی زۆرهەن لە فەرهەنگی یەکەمدا باسنەکراون ،بۆیە بڕیارمدا کە هەردوو فەرهەنگەکە پێکەوە ئامادەبکەم و وەریبگێڕمەسەر زمانی کوردی،ئەمە جگە لەوەی کەچەندین زاراوەی ترم لەڕێی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا دەستکەوتووەو خستومنەتە سەری ..سەبارەت بەچۆنێتی وەرگێڕانەکەش بەپێی توانا هەوڵمداوە زاراوەکوردییەکان لە ئینگلیزییەکەیەوە وەربگێڕم کەدەکاتە سەرچاوە بنەڕەتییەکەی خۆی، لێ هەندێ جارناچاربوومە وپەنام بردووەتە بەر عەرەبییەکەی ،لە بابەت راڤەکردنەکەشییەوە تەنها لە عەرەبییەوە وەرمگێڕاوە لەبۆ هەردووکیشیان سودم لەچەندین فەرهەنگی زمانەوانی و هونەری و ئەدەبی بینیوە لەوانە:

المورد انكليزي_عربي (منيرالبعلبكي) المنجد عربي _عربي (منير البعلبكي)

**فەرهەنگی کوردستان کوردی _کوردی (گیوموکریانی) هەنبانە بۆرینە _ فرهنگ کردی _ فارسی (هەژار)**

**فەرهەنگی جاف ئینگلیزی _ کوردی (ئیحسان جاف)**

**قاموسی زمانی کوردی / کوردی _ کوردی (زەبیحی)**

فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی/ کوردی _ ئینگلیزی، ئینگلیزی _ کوردی (بەختیارسەجادی _ محەمەد مەحمودی) لەدوماییدا خوازیارم کە توانیبێتم لەچوارچێوەی ئەم ئەزموونەمدا سودێکم بە "شانۆو شانۆکاری کورد" گەیاندبێ.



*مێژوی ئامادە کردنی ئەم فەرهەنگە دەگەڕێتەوە بۆ سـ
(2000) کەتاکو ئەو دەمە کتێبخانەی کوردی لە فەرهەنگی شانۆ
بێبەش بوو بەلاّم خۆشبەختانە لە ساڵی(2004)دا کامەران سوب
کتێبێکی لەو بارەوە بە چاپ گەیاند.

# A

**پەیوەست بوون الاندماج Abandon**

**کاتێکە کە ئەکتەر دەچێتە ناخی ئەو کارەکتەرەی ڕۆڵی دەبینێت.**

**شانۆی ئابی مسرح آبي bbey Theatre**

**ناودارترین شانۆکانی (دبلن)ە و سەنتەری بزاڤی شا**
**(ئێرلەند)ییە.**

**شانۆی بێهودە اللامعقول- العبث bsurd, Theatre of The**

**لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو بزاڤی بێهودەیی لە (ئەوروپا**
**گەشەی سەند. ڕێبەرانی ئەم بزاڤە پێیان وابوو کە بوون (الوجـ**
**خودان چ ئینتیما و میتۆدێك نییە, و چ واتایەکی (بابەتی)شی نی**
**بەم پێیە خودی مرۆڤ ئەو بێ لایەنییە لادەبات و واتایەکی گونجاوی**
**دەدۆزێتەوە. کاتێك کە دەوترێت (فلاّنە رەفتار, یا ئەوی دی نامۆڕاڵی**

نەك لەبەر ئەوەی بەهایەکی بابەتییانە لە ئارادایە و ڕەفتارەکانی مرۆڤی پێ پێوانە دەکرێن, بەڵکو لەبەر ئەوەی مرۆڤ خۆی پێوانەی لەبۆ مۆڕاڵ داناوە. هەر بۆیە ئەو ڕێباز و پرۆگرامانەی کە خەڵکی لەبۆ باڵاکردنی ڕۆحی خۆیان دەستنیشانی دەکەن بێ واتان, چونکە ئەو بەهایەی کە نموونایەتی لەسەر بونیاد دەنرێت هیچ کاتێك بوونیان نییە چونك (ڕاستیی بابەتیی) بوونی نییە. سارتەر, و کامۆ وای بۆ دەچن کە مرۆڤ دەبێت, خۆی بۆ خۆی پشکنەری ئەو بەهایانە بێت کە ڕەگەڵیدا هەڵدەکات نەکو جڵەوی خودی خۆی بداتە دەستی چەمکە بووماوە (متوارپە)کانی کۆمەڵگاوە.

**کانبۆرە, قارەمان, پاڵەوان بهلوان Acrobat**

کەسێکە کە لە شانۆگەرییەکدا چاونەترس و پاڵەوانی بنوێنێ.

**ستودیۆی ئەکتەران استديو الممثلين Actors Studio (Stras Berg)**

(ئیلیا کازان) و (لی ستراسبێرگ) و چەند کەسێکی تر لە (نیویۆرك)دا دروستیان کرد بۆ ئەوەی ئەکتەر لە ڕێی کاری تیپگەرییەوە بتوانێت پەرە بە ئەزموونەکانی خۆی بدات.

**ڕووناکی جەختکردن اضاءة توكيدية AccountLighting**

ئاراستەکردنی ڕووناکییە ڕووەو شوێنێکی دیارکراو بەمەبەستی جەختکردن لەسەر بوونی (ڕووناکی).

**ئامادەکردنی شانۆیی المسرحة Aclaptaion Dramatic**

دەردەست کردنی دراماتیك



1–دووبارە نووسینەوەی دەقی شانۆگەرییەکە, و هەروەها ڕێکخس و سازاندنیەتی دەگەڵ بارودۆخی ئەو کاڤارەی کە تێیدا پێشکە دەکرێت.

2–ئامادەکردنی چیرۆکێك یا نۆڤلێتێکی درێژە بە شێوەی دە شانۆیی.

**دەنگییەکان الصوتيات coustics**

ئەو فاکتەرانەن کە دەبنە هۆی ئافتاوی و گەیاندنی دەنگ. بەشێك لێکۆڵەران وای بۆ دەچن کە ئەکتەری (گریك)یی جۆرە دەمامێکی بە بردبێ, کە دەمێکی تایبەتیی هەبووبێ و دەنگی زەبەلاح کردبێتە وەلێ زۆربەی ئەو لێکۆڵەرانە پێیان وایە کە هۆڵی شانۆی یۆنانی خ لەخۆیدا فاکتەری گەیاندنی دەنگەکان بووبێت ئەویش دەگەڕێتەوە چەند سۆنگەیێك.

1–بوونی بەربەستێك کە دەکەوێتە لە پشتی بینەرەوە.

2–ئەو دەڤەرەی کە شانۆگەرییەیەکەی لەسەر پێشکەش دەک (دەنگ)ی ڕووە و سەرەوە دەنارد چونك بینەران لە بەرزیی دادەنیشت

3–هەر لەبەر ئەوەی شانۆی یۆنانیی میچدار نەبووە زایەڵەیە ئەوتۆشی دروستنەکردووە تاکو دەنگەکان لێك جوودا نەکرێنەوە.

**پەردەی شانۆنامە, بەش الفصل Act**

یەکەیەکی سەرەکییە لە بۆ پێکهێنانی شانۆگەرییەك کە کردە (ف گشتییەکەی بۆ چەند یەکەیەکی ستراکچەریی دیار کراو دابە بووبێت, هەروەها دەشێ (بەش) بکرێتە چەند یەکەیەکی ستراکچەر چکۆلانە ئەوجا پێیان دەوترێ دیمەن یا بینراو (مشهد).

**درامای نواندن** **دراما التمثيل** **Action Drama**

ئەو شانۆییەیە کە بۆ نواندن نووسرابێت.

**پشوو** **استراحة** **Act Inter Missio (Interval)**

پشوویەکە دەکەوێتە نێوان بەشەکانی شانۆگەرییەکەوە.

**ئەکتەری مێ** **ممثلة** **Actress**

رەگەزی مێ شانۆی رۆمانی هێنایە سەر شانۆ, و هەمیشەش رۆڵی ئافرەتێکی بێئابڕووی پێدەدرا.

**ئاستی نواندن** **المستوى التمثيلي** **Acting Level**

ئاستەکانی نواندن بە دانانی زنان (مصگبە) لەسەر تەختەی شانۆکەدا دروست دەبن.

**ئەکتەر** **ممثل** **Actor, Performer**

ئەو کەسەیە کە لە شانۆگەرییەکدا رۆڵێك یا زێتر دەنوێنێ. لە سەرەتاکانی درامای (گریك)دا و لە سەدەی شەشەمی (پ. ز) (تسبس) ئەکتەری یەکەمی هێنایە ئاراوە بۆوەی لەتەك (کۆرس)دا رۆڵی خۆی ببینێ, فێجا (ئەسخیلۆس) ئەکتەری دووەم و (سۆفۆکلیس)ش ئەکتەری سێهەمی داهێنا ئیدی بە جارێك برەوی بە مەرگەساتی (گریك)دا. ئەکتەر لەلای یۆنانییەکان بریتی بووە لە کەسێکی هۆزانڤان و جێی متمانەی خەڵکی. وەلێ لەلای رۆمانەکان رۆڵی شانۆیی بە کۆیلە و کەسانێك دەدرا کە لە نێو کۆمەڵدا خودان دەنگ و دۆرێکی خراپبن. لە سەدەکانی ناوەڕاست و چەرخی راپەڕیندا ئەکتەران کەسانێکی (گەڕۆك... دەرۆزەکەر... جادووگەر.. پێخواس) بوو بەهەر



حاڵ ئەکتەر جگار دژایەتیی دەکرا تا ئەو رادەیەی کە کڵێس
فەرەنسی بڕیارێکی دەرچوواند کە ئەگەر ئەکتەرێك گیانی لە دەس
بدات ئەوە نابێت ئایینیانە لە گۆڕ بنرێت.. بەڵام لە کۆتایی سەد
نۆزدەدا پێناسەی ئەکتەر گۆڕاو بوو بە ئۆرگانێکی رێزلێنراوی
کۆمەڵگە.

**ئەکتەری بەڕێوەبەر** **الممثل المدير** **Actor Manger**

ئەو ئەکتەرەیە کە شانۆیەك بەکرێ دەگرێ, یا بەڕێوەبەرایەتیی تیپ
دەکات و رۆڵە سەرەکییەکانی ئەو شانۆگەرییانەی کە خ
دەیانهێنێتە بەرهەم تەنیا بۆ خۆی دەیانسپێرێ.

**بەهرەی نواندن** **موهبة التمثيل** **cting Talent**

کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لەسەر کەسێتیی ئەکتەر, و دەشتوانر
لە میانی ئەو بەهرەیەوە پەرە بە توانستی نواندنی ئەکتەر بدرێت.

**کردەی شانۆیی** **الفعل المسرحي** **ction, Stage**

مەبەست لەو چالاکییە جەستەییانەیە کە ئەکتەر لەسەر سەک
شانۆدا ئەنجامیان دەدات. ئیدی گەر باوێشکێك, یا ورتەیەك,
پەیڤاندنێك بێت.

جۆرەکانی کردەی جەستەیی:

| | | |
|---|---|---|
| کردەی بەرەواژیی | فعل معكوس | Reversed Action |
| کردەی هەڵکشان | فعل صاعد | Rising Action |
| کردەی هاوکات | فعل متزامن | Simultan Action |
| کردەی داکشان | فعل هابط | Instantaneous Action |
| کردەی مەودادار | فعل ممتد | Long Action |

**مۆسیقای نێوان بەشەکان**    **موسيقى بين الفصول**    **Act- Tune Music**

پارچە مۆسیقایەك بوو لە هاوێری بەشەکاندا دەژەنرا.

**نواندن**    **التمثيل**    **Acting**

پیشەی (ئەکتەر)ە.

**ناوچەی نواندن**    **منطقة اللعب**    **Acting Area (Space)**

ئەو بەشەیە کە نواندنی لەسەر دەکرێت.

**کردەی دراماتیك**    **الفعل الدرامي**    **Action,Dramatic**

ڕووەو پێش چوونی ڕووداوی نێو گرێچنەکەیە

**کارا خوازیی**    **مذهب الفاعلية**    **Activism**

جۆرێکە لە ڕێڕەوی گوزارشت خوازیی و پێی وایە کە شانۆ دەبێت چارەسەری قەیرانە کۆمەلأیەتییەکان بکات.

**سەرپێی کردن**    **الاقحام**    **Ad-Lib**

ئەو چەند وشەیەیە کە ئەکتەر لەکاتی بەرجەستەکردندا دەیخاتە سەر تێکستەکە.

**تەقلە ڕووناکیی**    **مزجة ضوئية**    **Additive Lighting**

تێکەلّ کردنی دوو ڕووناکییە دوو ڕەنگی جیاوازیان هەبێت.



**مەودای جوانیناسی**    **المباعدة الجمالية**    **esthetic Distance**

مەبەست لە دۆزینەوەی بۆشاییەکی جوێکەرەوەیە لە نێوان ک
هونەرییەکە و بینەرەکەیدا واتا دەبێ چەشنە مەودایەکی هەستیارەک
ئافەریدە بکەین لە نێوان پێداویستییە کردەوەییەکانمان و ئەوەی
کارە هونەرییەکە دەیورووژێنێت. بۆیە ئەو بینەرە زاتدارەی کە
ڕەفتاری ژنەکەی خۆی بەگومانە.. ناتوانێت هەستە تایبەتەکانی خ
لە ساتی بینینی شانۆگەریی (عوتەیل)دا فەرامۆش بکات و قێجا وە
هەر ڕووداوێکی ژیان تێی دەڕوانێت نەك بەرهەمێکی هونەریی. و
مەبەستش لە (مەودا) ئەوەنییە کە بینەر بابەتییانە لە خود دابڕێ
بەڵکو مەبەست دوورە پەرێزییە لە کارە تایبەتییەکانی خودی خ
بینەر بۆوەی بە ئاوەزێکی فراوانەوە بڕوانێتە کارەکە.

**پاشبەند**    **تلحيقة**    **fter- Plece**

شانۆگەرییەکی کورتە, یا سەمایێکە- پاش تەواو بوونی شانۆگەر
سەرەکییەکە نمایشت دەکرێ.

**کارتێکردنی یادەوریی**    **الذاكرة المؤثرة**    **ffective Memory**

یەکێکە لەو ستایلانەی کە (ستانسلاڤسکی) بانگەشەی بۆ کردو
کە ئەویش بریتییە لە ئافەرید کردنەوەی هەستەکان لەسەر شانۆ
بەواتایەکی دی ئەکتەر لەسەر شانۆدا ئەزموونەکانی ژیانی تایبەت
خۆی دەهێنێتەوە یاد لەبۆ خوڵقاندنی هەستە ڕاستەکییەکان.

**شانۆگەرییبانگەشە کردن لەبۆ یاخی بوو**

**مسرحية الدعوة إلى التمرد**    **git- Prop The Atre**

له بەرایی (سی)یەکانی سەدەی بیستەم لە (ئەوروپا) و (ئەمریکا)دا هاتووەتە ئاراوە و لەسەر بنەمایەکی (مارکسی)ییانە بانگەشەی لە بۆ یاخی بوون و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی دەکرد

**مشت ومڕ المساجلة Agon**

مەبەست لەو سەر بتدۆ (مجادلە)یەیە کە دەنێوان دوو کارەکتەری جیاوازدا دروست دەبێت کە لە کۆمیدیای دێرینی یۆناندا باو بووە. وەلیٚ لە سەردەمی نڤاردا زاراوەکە واتای ململانێی نێوان دوو کارەکتەر دەگەیەنێت لە ساتێکی جەخاراویدا.

**نامۆ بوون التغريب Alienation Estrangement**

چەمکی (نامۆ بوون) هەمیشە پێوەندە بە شانۆی (برێخت)ەوە (1898– 1956) گەرچی خۆیشی داینەهێناوە. نامۆ بوون لەلای برێخت (نامۆ کردنی– باو–)ە (جعل المألوف غريباً) کە ئەویش توانستێکە بینەر ناچار دەکات کە چتێکی باو و متۆ (مألوف) بە نامۆ بزانێت.

**شانۆگەریی خوازە مسرحية مجازية Allegorcal Play**

مەبەست لەو شانۆگەرییەیە کە واتایەکی دی لەودیوی چیرۆکەکەیەوە بەرجەستە دەبێت. کەسێتیی لەم چەشنە شانۆگەرییانە چەند تایبەتمەندییەك لەخۆ دەگرێت لەوانە:

1–کارەکتەر چ ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی و سایکۆلۆژیی نییە.

2–بەرجەستە کردن و دەستنیشان کردنی ئایدیایەکی پەتییە وەکو (چاکە, خراپە, یەکسانیی, ژێرکەوتن و... هتد).



**تیپی ئەستێرەکان ممثلوا مسرحية كلهم نجوم All- Star Cast**

شانۆگەرییەکە کە ئەکتەرەکانی مەزن و ناسراوبن.

**ئەکتەری سەرجەم ڕۆڵەکان**

**ممثل قادر على اداء جميع الادوار All- Round Actor**

ئەو ئەکتەرەیە کە لە توانستی دایە سەرجەم ڕۆڵەکانی ن
شانۆگەرییەکە بنوێنێت.

**ناسازیی مێژوویی التناقض التأريخي Anachronism**

**ناتەبایی مێژوویی**

باسکردنی ڕووداوێك, یا بەکار بردنی کارەکتەرێکە, لە ڕۆژیارێ
دیار کراودا, بە مەرجیٚ ئەو کەسە, موڵکی ئەو ڕۆژیارە نەبێت. وە
زانراوە (شەکسپیر) لە چەند شانۆگەرییەکیدا ئەم ناسازییەی بە
هێناوە.. بۆ نموونە لە شانۆگەریی (شا– جۆن– 3/ 1592)دا وش
تۆپ (مدفع)ی بەکار بردووە لە کاتێکدا ئەو جۆرە چەکە لە سەردە
ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکەدا دانەهێنرا بوو.

**دژە پاڵەوان الخصيم Antagonist Villain**

ئەو کەسێتییەیە کە دژایەتیی پاڵەوان دەکات.

**کردەی ڕابوریو الحدث السفلي Antecedent Action**

نمایشت کردنی ڕووداوی ڕابردوو یا نهۆیە.. ئەمیش پاژێکە
(دەرخستنی دراماتیك).

**دەسپێك** — **ابتداءة** — **Antelude**

کورتە شانۆییەك بوو لە شانۆی (گریك)دا بەر لە نمایشتکردنی شانۆییەکی درێژ خایەن پێشکەش دەکرا.

**دژە تەشق** — **الانهباط** — **Anti- Climax**

دیالۆژێکە، یان دیمەنێکە لە ناکاوێکدا روودەدات، و لە ئاستی دیالۆژ، و (کردە) کاریگەرەکانی پێشووتر کەم دەکاتەوە.

**دژە شانۆ** — **اللامسرح** — **Anti Theatre**

بزاڤێکە پتر هەوڵ بۆ شیکردنەوەی دۆخ و سروشتی شانۆیی دەدات وەك لە نمایشتکردنی چیرۆکێکی شانۆیی.

**ناسینەوە** — **التعرف** — **Discovery Anagnorisis**

یەکدی ناسینەوەی دوو کەسە پاش دابڕانێکی درێژ خایەن.

**هەڵکشان** — **تصعید** — **Anabasis**

هەڵکشانی کردەکانە رووەو تەشق (ژروە).

**ئەپۆللۆنیەن** — **الابوللونیة** — **Apollonian**

نیشتە لە کتێبی (لەدایك بوونی تراژیدیا- 1872)دا پێی وایە مەرگەساتی یۆنانیی کە هەمیشە بە هیوڕ و سەنگین و زرنگ وەسپ دەکرێ... دەر ئەنجامێکی خۆرووی هزرێکی هێمنانە نییە... گەر شانۆگەرییە جەخاراوییەکە باس لەو رەوشتە بەرز و جوانانە دەکات ئە



(ئەپۆللۆ)ی خواوەندیی هونەرەکان چاودێریان دەکات، ئەوە خو
مەرگەساتەکە قەرزار باری (دیونیسۆس)ی خواوەندەی (مەی)یـ
چاودێری هەراگەریی و هزری (شێتانە)یە... بەم پێیە تراژیدیـ
یۆنانیی ئاکامی تەقلێکە لە خۆشنوودییەکی هەراگەر
(دیرنیسیۆس)ی توندڕەو و لە هۆشمەندیی و دادوەریی (ئەپۆللۆن)یـ
نیشتە و ویستی هزر بکاتە هاودژی حەز (غریزە) و پێشکەوتنـ
بکاتە هاودژی سروشتی سەرەتایی.

**پێشبەری شانۆ** — **جبهة المسرح** — **Apron= Fore Stage, The Blak**

بەرایی شانۆ... ئەو بەشەیە کە رووەو بینەرە.

**رەخنەی ئەرستۆیی** — **النقد الارسطي** — **Aristoterian Criticism**

مەبەست لەو رەخنەیەیە کە لەسەر شرۆڤە و خوێندنەوەک
(ئەرستۆ)دا بینا دەکرێت. هەروەها ئەم زاراوەیە بە هاودژی رەخن
ئەفلاتۆنی دادەنرێت.

**شانۆی بازنەیی** — **مسرح الارینة** — **Arena Theatre**

**شانۆی ئەرێنا**

بەو شوێنە بازنەیی یا شێوە بازنەییە دەوترێت کە دەکەوێ
ناڤەڕاستی نمایشتگەکە و نمایشتی لەسەر دەکرێت بینەرش
دەوروبەریدا دادەنیشێ و تێی دەڕوانێ.

**ڕەوانبێژی** — **سلامة النطق** — **Articulation**

دەربڕینی وشەکانە بە ڕەوانیی و بێ هیچ ئاڵۆزییەك بێگومان ئەمەش لە تایبەتمەندییەکانی ئەکتەری سەلیقەیە.

**کۆمیدیای خۆکرد　ملهاة التصنع　Artificial Comedy**

بەو (کۆمیدیا)یە دەوترێت کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایێکی خودان ئاکاری خۆکرد بێت.

**هونەر بۆ هونەر　الفن للفن　Art For Arts Sake**

ڕێبازێکی جوانخوازییە لە هونەردا. سەرەتا شاعیری ئەڵمانیی گۆتە (1811 –1872) وەکی شۆڕشێك بەکاری هێنا دژ بە بەکار بردنی هونەر لە پێناوی گوزارشت کردن لە خود. بە بۆچوونی ئەو ئامانجی هونەر دەبێت بۆ خودی هونەر بێت. کەسانێك وا لە ڕێبازەکە تێگەیشتبوون کە وەکی فۆرمێکی هونەریی دنەی وێژە دەدات لەبۆ قوتار بوون لە پرنسیپە ئاکارەکییەکان چونکە تەنێ بڕوای بە هونەرایەتیی هونەر هەیە, هەروەها کۆمۆنیزمەکانش سەرزەنشتی ئەم جاڕدانەیان دەکرد کە هەوڵی جودا کردنەوەی هونەری دەدا لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە. گەرچی ئەم سوژەیە لە بواری شیعرەوە هاتە ئاراوە وەلێ هەندێك لە درامانووسان بە دەنگییەوە هاتن و پشتگیرییان لێدەکرد, وەکی: مترلنك, ئۆسکار وایلد.

**هونەرمەند, هونەرکار　فنان　Artist**

کەسی خاوەن خهونەر, یا کەسێك کە سەرگەرمی هونەر بێت.

**کەنارگیریی, تەریك بوون　التجنیبیة　Aside**



پاژێکی تاکە کەسییە, بە دەنگێکی بیستراو لەبۆ خودی خۆی یا بی
دەیڵێتەوە کە تێیدا گوزارشت لە پلان, و مەبەست, و سۆزی خ
دەکات بە مەرجێ لە جێیەکی چۆڵ و تەنیاش بێت (واتا هەر جێیە
چۆڵی سەر شانۆ). وەلێ سەبارەت بەو ئەکتەرانەی دی کە لە کا
کانارگێڕییەکەدا لەنێو دیمەنەکەدان ئەوە بەهیچ جۆرێك گوێ بیس
قسەکان نابن یا هەر گوێیان لێ نییە.

**یاریدەدەری دەهێنەر　مساعد المخرج　ssistant Director**

ئەو کەسەیە کە هاریکاری دەهێنەرە لە ساتی دەرهێناندا.

**بینەر　المشاهدون　Attendace**

ئەو کەسەیە کە ئامادەی بینینی شانۆگەرییەکە دەبێت.

**درامای ئۆگستیی　الدراما الاوغسطية　ugustan Drama**

دەگەڕێتەوە بۆ (ئۆگستس)ی قەیسەری یێکەمی قەڕاڵست
(امبراگوریە)ی ڕۆمانیی کە لە ساڵی (27– 14) فەرمان ڕەوای
کردووە. لەم سەردەمەدا وێژەی ڕۆمانیی بەهۆی نووسینەکانی ئۆڤ
و هۆراس, و فرجیلەوە گەیشتە ئاستێکی فرە بەرز.. بۆیە گەر وێ
لەهەر سەردەم و شوێنێکدا گەشەداربێ, و لە ئاستێکی بەرزدا خ
بنوێنێ دەشێ ناوی لێ بنرێت (ئۆگستیی).

**هۆڵی دیتن　قاعة المشاهدة　Audiforium**

ئەو کاڤار (ناوچە)ەیە کە بینەرانی لێ دادەنیشن بۆ بینی
شانۆگەرییەکە

# B

**ديمەنى ناو پۆش    بطانة منظرية    Baking**

ئەو ديمەنەيە كە لەسەر ديمانەيێك يا پارچە كۆتاڵێك دەكێشرىَ و بينەر لە رێى دەلاقەيێكەوە دەيبينىَ وەكو- دەرگا, پەنجەرە, وهتد...

**ڕووناكى دوواوە, پشتەوە**

**اضاءة البطانة الخلفية    BackingLight**

دەكەوێتە ئەوديوى بەرچاوگەكان (المناظر)ى سەر تەختەى شانۆ, كە لە ميانييەوە تيشكى خۆر دروستدەكرێت

**ڕەوشەنكارى چكۆڵانە    كشاف صغير    Baby Spot Light**



سەرچاوەيەكى رووناكيى چكۆڵانەيە كارى ناردنى رووناهييە
جەخت كراوە بۆ سەر ئەكتەرێك يا دەڤەرێكى سەر تەختەى شانۆكە.

**ئەوديوى سەكۆى شانۆ    الحجرات الخلفية للمزرح    ck Stage**

ئەو كاڤارەيە كە دەكەوێتە ئەوديوى تەختەى شانۆوە و بريتييە
ژوورى ئەكتەر, و جلك, و ئارايشت, و هۆڵەكانى مەشق, و پشوو.

**زەنگى پەردە    جرس الستارة    Bar Bell**

زەنگێكە بينەران لە دەستپێكردنى شانۆييەكە ئاگادار دەكاتەوە.

**شەكسپير پەرستى    الوثنية الشكسبيرية    rdo latry**

بەو كەسە دەوترێت كە شەيداى شەكسپير بێت تاڕادەى پەرستن.

**هاوسەنگيى    التوازن المسرحي    Balance**

هاوسەنگ كردنى بەرچاوگەى شانۆييە لە رووى دابەش كرد
(جوڵەى شانۆيى, و كارەكتەر, و رەنگ, و سێبەر, و قەبارە
رووناهيى).

**باڵىَ    بالية    Ballet**

چەشنە سەمايەكى واتا بەخشە لەگەڵ مۆسيقادا ئەنجام دەدرێت.

**بانيژە, هەورەبان    الشرفة    alcony**

دەڤەرێكە بينەرى لىَ دادەنيشێت, دەكەوێتە بەرزايى هۆڵەكەوە.

**بيرچوونەوە    النساية    alloon**

هەندێجار ئەكتەر لەكاتی نواندنیدا چەند دێرێك یا چەند بڕاوتێكی لەبیر دەچێتەوە.

**پاشینە, پاشەكی (باكراوند) خلفية– ظهار Background**

1– بەرچاوگەكانی پشتەوە.

2– دەنگەكانی پشتەوە.

3– ئەو دۆخە كۆمەڵا سیاسییانەیە كە ڕووداوەكانی نێو شانۆییەكە باسی لێوە دەكەن.

**پەردەی پاشینە ستارة خلفية Back Drop**

پەردەیەكە وێنەی لەسەر كێشراوە بەسەر ناوچەكانی پشتەوەی سەكۆكەدا شۆڕ دەكرێتەوە بۆ ئەوەی ئاسمان یا هەر دیمەنێكی سرووشتیی نیشان بدات.

**تیۆری باكۆنیی النظرية البيكونية Baconian Theory**

لە سەدەی هەژدەدا سەری هەڵداوە و پێیوایە نووسینەكانی شەكسپیر بەرهەمی (فرانسیس بیكۆن)ن (1561– 1526) و (شەكسپیر)ش جگە لە جوتیارێكی نەخوێندەوار هیچی تر نەبووە, وەلێ لەپاشاندا بەهۆی نەبوونی بەڵگەیەكی بڕوا پێكراو و ئەم (تیۆر)ە لەناو چوو, و بێ ئەوەی لە ئاستی ئەو بنووسە مەزنەش كەم بكاتەوە.

**پێكەنینی هەڵەشەیی ضحكة طائشة Bad Laugh**

ئەو پێكەنینەیە كە بینەر لە ساتێك یا هەڵوێستێكی شانۆییدا دەریدەبڕێت بێ ئەوەی ئەو هەڵوێست (موقف)ە شایەنی ئەو پێكەنینە بێت.



**تەختەی پەتیی مرزح عار are Stage (Naked)**

مەبەست لەو ساتەیە كە تەختەی شانۆكە چۆڵ بێت و چ دیكۆ
بەرچاوگەیەكی لەسەر نەبێت.

**پاڵەوانی بارۆكی البطل الباروكي Baroque**

گرنگترین شەقڵەكانی ئەم پاڵەوانە لە لای بیركۆرنی (606
16684) ئەمانەن:

هەڵچوون.

سۆزگەرییەكی هەڵایساو.

لەگەڵ پاراستنی نەریتی شكۆمەندیی مەرگەسات (تراژیـ
پێكهاتنی چەمكی (بارۆكی) لە هەست كردن بە مەزنیی و درك كردن
كۆتایی ژیان دەگەڕێتەوە بۆ دوو سۆنگە:

پێشكەوتنی زانست.. بەتایبەتیی گەردووناسیی كە بۆ مر
سەلماند (زەوی) سەنتەری نموونەیی شكۆداری گەردوون نییە.

درووستبوونی وڵاتە تازەكان و پشت گوێ خستنی چینی پرۆلیتار
سەرهەڵدانی بیروكراتییەتێكی مەركەزیی زلهێز.

**گاڵتەجاڕیی ژووری نووستن تمثيلية فراش Bedroom Farce**

**گاڵتەجاڕیی رایەخ**

پاژێكی گاڵتەجاڕییە هەڵوێستێكی بریندارکەر لەبۆ حەزی گش
دەخاتە ڕوو.. ئەو هەڵوێستەش لە ژووری نووستندا پیشان دەدرێت

**قاقای پێكەنین ضحكة ساخنة elly Laugh**

پێكەنینێكە بینەر دەكانگای دڵییەوە سەبارەت بە ڕەزامەندیی خۆی بەرامبەر بە دیمەنێك دەریدەبڕێت.

**نمایشتی خێرخوازیی   عرض خيري   Benefit Performanc**

نمایشتێكە قازانجەكەی دەدرێتە ئەكتەرێكی نێو شانۆگەرییەكە, یا ئەكتەرێك كە وازی لە شانۆ هێنابیّ, یاخود دەدرێتە خێزانەكەی.

**نمایشتەكانی ئینجیل   مسرحيات الكتاب المقدس   Bible- Histories**

ئەو نمایشتانەن كە بابەتەكانیان لە ئینجیلەوە وەردەگیران.

**میكانیكسی ژیاریی   المكنية الاحيائية   Bio Mechanics**

سستمێكی ڕاهێنانە دەرهێنەری ڕووسیی (مایر هۆڵد) دایهێناوە بۆوەی ئەكتەر لەسەر تەواوی ئەو ئەرك و فەرمانانە رابێت كە لە لایەن دەرهێنەرەوە پێی ڕادەسپێردرێت

**تاریك كردنی ناكاو   اظلام سريع   Black- Out**

تاریك كردنێكی ناكاوە لەبۆ ئیفێكتی دراماتیكیی وهەروەها بواردانێكیشە بۆ بەخێرا گۆڕینی بەرچاوگەكان.

**تاریك كردنی ناكاو   اظلام سريع   Black- Out**

تاریك كردنێكی ناكاوە لەبۆ كارتێكردنێكی دراماتیكیی و بواردانێكشە بۆ خێرا گۆڕینی بەرچاوگەكان.

**سازشكردنی جوڵە   مواءمة حركية   Blend**



سازاندن و ڕێكخستنی بزاوتی جەستەی ئەكتەرە بۆوەی هاوشـ
ئەكتەرەكانی تر بجوڵیّ و چالاكی جەستەیی بنوێنێت.

**كورسی كوێر   كرسي مسرحي اعمى   Blind Seat**

ئەو كورسییەیە كە بینەری لەسەر دادەنیشیّ و تەنیّ بەشێكی د
كراوی تەختەی شانۆكەی لێوە دیارە.

**شانۆگەریی تۆقاندن (زەهلەبردن)**

**مسرحية ارعابية   Blood &Thunder Play**

پارچە نمایشتێكە تژییە لە دیمەنی كوشتن و خوێن ڕشتن
تۆقاندن, و ئاڵۆزیی.

**شانۆی گەرماوەكانی خوێن**

**مسارح حمامات الدم   lood Tup Theatre**

ئەو (شانۆ)یانەیە كە نمایشتەكانی سەبارەت بە كوشتن و تیرۆر
چاندنی ترسە لە ناخی بینەردا.

**باژەن   الة المؤثرات الرياحية   Blower**

ئامێرێكە باژەنێكی زەبەلاحی بە قەدەوەیە و دەنگی (با) درووس
دەكات

**خاڤك, كۆبە   البرقع   Border**

پەردەییێكی ئاسۆیی درێژە, دەكەوێتە پشتی كەوانەی شانۆوە. كا
ئەم (خاڤك)ە شاردنەوەی بۆشایی سەر شانۆكەیە.

**درامای بۆرژوازیی**   **الدراما البرجوازية**   **Bouregois Drama**

ئەو شانۆگەرییە مەرگەسات ئامێز, و شێلگێرانەیە کە لە بنەڕەتدا دەگەڵ کەسێتیی و قەیرانەکانی چینی ناوەڕاستدا هەڵس و کەوت دەکات.

**شانۆی بۆلشۆی**   **مسرح بولشوي**   **Bolshoi Theatre**

شانۆی نیشتمانییە لە (مۆسکۆ), لە ساڵی (1774)دا دامەزراوە و دوو هەزار بینەر لەخۆ دەگرێت.

**شانۆگەریی بۆلیڤارد**   **مسرحيات البولفار**   **Boulevard Drama**

ئەو بەزمەساتانەن کە لە فەرەنسادا بە مەبەستی قازانجی دارایی نمایشت دەکرێن.

**بۆنێس**   **بَوْن**   **Bones**

کانزایێک بوو لە شێوە دراودا, کاربەدەستانی شانۆ ئینگلیزیی بۆ هاوەڵ و دۆستانی ئەکتەر درووستیان دەکرد. بۆوەی بەبێ پارە و پول ئامادەی شانۆگەرییەکە بن.

**لۆگ**   **لوج**   **Box**

کوردییەکەی و عەرەبییەکەی لە (loge)ی فەرەنسییەوە وەرگیراوە کە دەڤەرێکە دەنێو هۆڵی شانۆدایە بۆ بینینی شانۆگەرییەکە بینەری لێدادەنیشێت چونکە نرخی پسوولەی ئەم دەڤەرە هەرزانترە.

**سەربازی بەرزفڕی درۆزن**
**الجندي النفاخ- المتباهي**   **Braggart Soldier**



کارەکتەری سەربازێکە شانازی بە پاڵەوانێتییەکەوە دەکات کە داهێنانی خەیاڵی خۆیەتی.

**داگرتەکی خزمەتگوزاریی**   **حوامل الخدمة**   **Bridge Service**

چەند زنانێکی هەڵواسراوە کارمەندانی رووناکیی یا بەرچاوگەکان
رێی ئەم زنانانەوە دەتوانن کاری خۆیان بە ئاسانیی ئەنجام بدەن.

**بڕۆدوای**   **برودواي**   **Broadway**

ئەو شەقامە گشتییەیە کە دەکەوێتە ناوچەی شانۆ بازرگانییەک
(نیویۆرک).

**رایەڵ**   **عارضة خشبية**   **Btten (Bat)**

پارچە دارێکی ئەستوور و درێژە لە مێچی تەختەی شانۆکەدا
ئاسۆیی تا رادەیەکی دیار کراو شۆڕ بۆتەوە بۆ ئەوەی ئامێرەک
رووناکی و پاژی بەرچاوگەکانی پێوە هەڵواسرێن.

**شانۆگەریی بێرلێسك (تەوساویی)**   **مسرحية برلسّية**   **Burlesque**

1- لاسایی کردنەوەی کارێکی وێژەییە لە رێی شێواندنییەوە
چەشنێکی گاڵتەجاڕیانە.

2- لاسایی کاریی گاڵتەجاڕیانە.

**کار, ئاخێز, جووڵە**   **الشغل الحركي**   **Business**

ئەو کار و چالاکییانەیە کە ئەکتەر لەسەر سەکۆی شانۆ ئەنجامیان دەدات.

**بوسکین** **البوسکین** **Buskin**

1- شانۆگەریی تراژیدیی. 2-نواندنی تراژیدیی.

# C

**دابەشکردنی رۆڵ** **توزیع الادوار** **Cacting, Distribution**

هەڵبژاردن و دیارکردنی ئەو ئەکتەرانەیە کە رۆڵەکانیان پێ دەسپێرن.

**شانۆگەریی سیخناخ** **مسرحیة کبسولیة** **Capsule Play**

شانۆگەرییەکە رووداوەکانی لە دەڤەرێکی تەسک و تەنگدا بەرپا دەبن.



**دوایین هەنگامە** **الفجیعة** **Catastrophe**

ئەو رووشەیەیە کە کۆتایی بە ململانێی نێو شانۆگەرییەکە دەهێنێ

**رۆڵی رووژەیی** **دور ماسي** **ameo Part**

ئەو رۆڵە لاوەکییەیە کە ئەکتەرێك بەرجەستەی دەکات و دەبێ
مایەی سەر سوڕمان.

.

**بزاڤی راوە مێش** **حرکة صید الذباب** **Catch Flies**

چەند جوڵەیەکە ئەکتەرێك ئەنجامی دەدات بۆ ئەوەی سەرنجی بی
بەلای خۆیدا رابکێشێت. ئەم کارەش بە سەرپێیەکی نادرووس
دادەنرێت.

**بەس بێژیی، زۆر بلێی** **القوقأة, الثرثرة** **Cackle**

بەو ورتانە دەوترێت کە ئەکتەر لە ساتی بیرچوونەو
دیالۆکەکانیدا دەیکات.

**پاکژ بوونەوە** **التطهیر** **Catharsis**

پاکژ کردنەوەی سۆزەکانە دەڕێی بەزەیی و ترسەوە (یا پاکبوونەو
لەو هەستانە). ئەرستۆ لە پێناسەی تراژیدیادا پاکژ بوونەوە
سوودمەندییەك دەزانێ کە لە ئەنجامی بینینی مەرگەساتەک
بەرجەستە دەبێت.

**ریکلامی ژوورەوە** **لوحة الاعلان الداخلي** **Call Board**

هامارێکە نووسراوی ڕێنمایی یا تێبینییەکانی تایبەت بە کارمەندانی شانۆگەرییەکی لەسەر هەڵدەواسرێت.

**درامای سوار چاکیی — الدراما الفوارسية — Cavalier Drama**

جۆرێکە لەو شانۆگەرییانەی کە لە (سی)یەکانی سەدەی (17) لە ئینگلتەرادا هاتووەتە ئاراوە. ئەم درامایە سەبارەت بە جەنگی نێوان دوو وڵات دەدوا, و هەوڵی چارەسەر کردنی ململانێی ڕامیاریی دەدا.

**چاودێرگە — الرقابة — Censor Ship**

ئەو لایەنەیە کە چاودێریی شانۆگەرییەکان دەکات و سانسۆریان لەسەر دادەنێت

**میچ — سقف — Ceiling**

کوتاڵێکی پەیتکراوی ئاسۆییە دەبێتە مێچی بەرچاوگەیێکی ناوەکی (داخلی) هەروەها بۆشایی ئاسمانی سەکۆی شانۆکە دەشارێتەوە.

**کارەکتەر — الشخصية — Character**

ئەو کەسە زیندووەیە کە بەشداری لە ڕووداوەکانی نێو شانۆگەرییەکە دەکات و ئەکتەر دەچێتە پێستییەوەبێسو هەر (کارەکتەرێك) تایبەتمەندیی خۆی هەیە لەوانە:

- کارەکتەری بگۆڕ — DynamicCharacter
- کارەکتەری لاوەکیی — MinorCharacter
- کارەکتەری نەگۆڕ — StaticCharacter
- کارەکتەری سەرەکی — LeadingCharacter
- کارەکتەری کلێشەیی — StockCharacter



**کارەکتەری جێگر**

**الشخصيه النائبه — aracters Representing Groups or forces**

کارەکتەرێکە دەبێتە سیمبوڵێك بۆهێزی دەسەڵات و کارەکتەرگەلێ
تر کە لەسەر شانۆدا دەرناکەون بۆ نموونە: لە شانۆگەریی (ماکبێس
(ماکدۆف) هێمایەکە بۆ بزووتنەوەی شۆڕشی (سکۆتلەندا).

**شانۆی منداڵان — مسرح الاطفال — hildrens Theatre**

شانۆیەکە تایبەتە بە نمایشتکردنی شانۆگەریی منداڵان.

**کۆرس — الجوقة — Chorus**

دەستەیێکی سترانبێژە, یا سەماکەرە, یا بێدەنگە لە نواند
بەشداریی دەکات, یا سەبارەت بە ڕووداوەکان دەدوێ, یاخود دەگ
ئەکتەرەکاندا قسان دەکات, هەندێ جارش بە بێدەنگییە
گوزارشتکار بوونی خۆی دەسەلمێنێ.. بەکارهێنانی کۆرس
یۆنانەوە گوێزراوەتەوە بۆ ڕۆمان و لە مانیشەوە بۆ ئەلیزابیسییەکان

**منداڵی ئەستێرە — النجم الطفل — Childrens Star**

مەبەست لەو ئەکتەرە منداڵەیە کە لە نێو خەڵکدا ناسراوە.

**وێناکردنی کەسێتیی — تصوير الشخصية — Charaterization**

ئافەریدەکردنی شێوەی کارەکتەرێکە لەمیانەی وێناکرد
تایبەتمەندییەکانییەوە وەکو:

- ڕەگەز — Sex

سایکۆلۆژییەت.

باری کۆمەلأیەتیی و هتد.

**شانۆگەریی مێژوویی   مسرحیات المؤرخات   Chronicle Plays**

دەردەستکردنێکی درامایییە لەبۆ رووداوە مێژووییەکان- ئەویش لە زنجیرە شانۆییەك یا تاقە شانۆگەرییەکدا دەگەلّ جەخت کردن لەسەر رووداوە سەرەکییەکان.

**باربوکاری گریکیی   الخرجوس- الممول الاغریقي   Choregus**

هاوولأتییەکی دەولّەمەند بوو ئەرکی کڕینی جل و بەرگی شانۆیی و دابین کردنی کرێی راهێنانەکانی (کۆرس)ی دەگرتە ئەستۆ, وەنیّ (ئەکتەر) میریی چاودێری دەکرد.

**کلاسیسزم   الكلاسيّة   Classicism**

یەکەم کەس کە ئەم زاراوەیەی داهێنا نووسەری لاتینیی (ئۆلیۆس گێلۆس) بوو, ئەوە بوو لە سەدەی دووەمی زایندا کتێبێکی نووسی و تێیدا دوو دەستەواژەی بەکار هێنابوو:

* (Scriptor Classius) بنووسی دەستندە: واتا ئەو نووسەرەی کە بۆ هەمووان دەنووسیّ.. وەلیّ لە سەدەکانی ناوەڕاست و چەرخی راپەڕیندا وشەی (Classius) چەمکی دی جیاوازی لێبووەوە وەکو:

ئەو کارە گریکیی و لاتینییە دێرینانەی کە لە پۆلی (Classes) نێو خوێندنگە, و پەیمانگە, و دانیشگاکاندا شایستەی خوێندنەوە و راڤە کردن بوونە.



**نواندنی کلاسی   تمثيل اتباعي   Classica Acting**

شێوازێکی نواندنە لە رێی سەنگین کردنی ئاخێز و هەڤپەیڤینەکان کەوشەنەکانی واقیع دەبەزێنێت.

**تراژیدیای کلاسی   المأساة الكلاسية   lassical Tragedy**

مەرگەساتێکی گریکیی, یا رۆمانیی یاخود هەر تراژیدیایەکە بابەتی گریکیی, یا رۆمانی دەخاتە روو.

**بڕین, کورت کردنەوە, کرۆك کردن   التجزيز   Clip**

درکاندنی دیالۆکە بەر لەوەی ئەکتەری بەرامبەر وتە و دیالۆکی خ تەواو کردبێت.

**قۆشمە, خەمرەوێن   المهرج   Clown**

ئەو ئەکتەرەیە کە رۆلّی کارەکتەرێکی خەمرەوێن و پێکەنینا دەبینێت, و هەندێجار لە دووتوێی تەوسەکانییەوە پەند و قس نەستەق دەرەبڕێت. بڕوانە شانۆگەریی (رەشەبا 1611)ی شەکسپیر

**درامای خوێندنەوە   المسرحية القرائية   Closet Drama**

شانۆگەرییەکە کە بۆ خوێندنەوە نووسرابێت نەك نواندن.

**شانۆگەریی خورج و شمشێر**

**مسرحية العباءة والسيف   Cloak- and- Sword Play**

شانۆگەرییەکی رۆمانتیکییە لە سەدەی شازدە و حەڤدە لە (ئیسپانیا)دا پەرەی سەندووە. ئەم شانۆگەرییە تژی بووە لە فاکتەری وروژاندن وەکی:

پاڵەوانێتیی، زۆرانبازیی، دڵداریی بە پەنهانیی. کارەکتەرە پۆزەتیڤەکان زێتر خورجیان لەبەر دەکرد و شمشێرێکشیان بەلا قەدەوە دەبەست. کۆتایی هەمیشە گەشدار و خۆشنوود بووە.

**تەشق** **ذروة التأزم** **Climax**

ساتی ئاڵۆزیی، و یەك لایی کردنەوەیە. ڤێجا کردەکان رووەو گۆڕان دەچن، ئەشێ لە نێو شانۆگەرییەکدا تەشقی سەرەکیی و چەندین تەشقی تری لاوەکی هەبن.

**تەڤلە شانۆیی** **المسرح المزجية** **Conamination**

ئامەدەکردن و نووسینەوەی شانۆگەرییەکە بە پشت بەستن بە دوو شانۆگەریی بنەڕەتیی.

**جل و بەرگی شانۆیی** **الازیاو المسرحیه** **Costume,Theatical**

ئەو جل و بەرگەیە کە ئەکتەر لە ساتی نمایشدا لەبەری دەکات.

پۆشاکی نواندن لە ئاهەنگ و بۆنە ئایینیەکانی نەتەوەکانی پێشوتر، تا رادەیێك هێماگەرییانە بووە.. بۆ نموونە هەر خوداوەندێك جلکی دەستندەی خۆی هەبووە.

ئەکتەری تراژیدیای گریکی، جگە لە دەمامك و پێڵاوی تایبەت بە نواندن دوو جۆر پۆشاکی بەکار دەهێنا:



چیشن (chiton) بریتی بوو لە پۆشاکێکی درێژی درەوشەدا
کەمەر پشتێن... ئەم جۆرە پۆشاکە خەڵکی ئەسینا لەبەریان دەکرد.

هەروەها پۆشاکی تایبەت لەبۆ (میر، شوان، دەرۆزەکەر، جەنگاو
بەکار دەبرا) بەڵام لە شانۆیی یە گاڵتەجاڕییەکاندا دوو جۆر جلك بە
دەبرا.

لە تراژیدیای (رۆمان)یشدا پتر جل و بەرگی یۆنانی بەکاردەبر
لەبری (chiton) (Synmata) یان بەکارهێناوە، وەلێ لە (کۆمیدیا
جل و بەرگ پێکهاتەی شێوازێکی یۆنانی و تاڕادەیێکی
هێماگەرییانە بووە بۆنموونە:

جلکی (سپی) بۆ پیرەمێردان بەکارهێنراوە.

جلکی (خۆڵەمێشی) بۆ مێملان.

جلکی (زەرد)یش بۆ ستەمکاران بەکارهێنراوە

**خۆکرد** **الافتعال** **Contrived**

بەو (کارەکتەر... رووداو... کۆتایی)یە دەوترێت کە نووسەر
گونجاندن یا بێ هیچ پێ قایلبوونێك درووستی دەکات.

**درامای جەفەنگ ئامێز** **دراما ملهوية** **Comed Drama**

پارچە شانۆییەکە خودان ئایدیایەکی مەزنترە لە بەزمەسات وە
کۆتاییەکی خۆشنوودی هەیە.

**رەوڕەوەی رەنگ** **عجلة الالوان** **Colour Wheel**

رەوڕەوەیێکە چەند پالأوتەیەکی (رەنگ)ی لەخۆ گرتووە، لە سا
بەکار هێنانیدا رەنگی جۆراوجۆر دەبەخشێت.

**سەرەك کۆرس    قائد الجوقة    Cory Phaeus**

ئەو کەسە بوو کە لە درامای گریکدا کۆرسەکەی بەڕێوە دەبرد.

**شانۆگەرییەکانی خەرگا    مسرحيات البلاط    Court Plays**

لە سەردەمی راپەڕینەوە تاوەکو بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسا ئەم جۆرە شانۆییە لە ئیتالیادا باو بووە ئامانجیشی بەسەر بردنی کات و خۆشنود کردنی (شا) و دارو دەستەکەی بووە.

**شانۆگەریی کۆڤێنترای    مسرحية كوفتري    Coventry Paly**

کۆڤێنترای شارێکە لە (یورکشیر) کە ئەویش دەکەوێتە نێوەندی (ئینگلتەرا). لێکۆڵەران دیرۆکی (42) شانۆگەریی ئاینیی دەگەڕێننەوە بۆ شاری تاین کە گوایە بەرهەمی ئەو دەڤەرەن.

**شانۆگەریی بازرگانیی    المسرح التجاري    Commercial Theatre**

ئەو شانۆیەیە کە بایەخ بە قازانجی دارایی دەدات و هەمیشە ئاستی هونەریی و هزریی فەرامۆش دەکات.

**شانۆی کۆلۆسیۆم    مسرح كولوسيوم    Colosseum**

یەکێك بوو لە شانۆ دێرینەکانی (رۆما) شوێنی پەنجا هەزار کەسی تێدا دەبووەوە.

**شانۆی کۆمەڵگەیی    المسرح المجتمعي    Community Theatre**

تیپێکی شانۆییە پێکهاتووە لە ئارەزوومەندانی شانۆ و نمایشتەکانشی پتر لە (دێی) یا ناوچەیەك پێشکەش دەکات.



**کارەکتەری هاودژ    الشخصية الضدية    ounter Player**

کەسێتییەکە دژایەتی پاڵەوانی شانۆگەرییەکە دەکات.

**کردەی بەردەوام بوون    الحدث المتصل    ontinuos**

بەردەوام بوونی گەشەسەندنی کردەکانە.

**کۆمیدیا, بەزمەسات    الملهاة- الكوميديا    Comedy**

سەرچاوەی بەزمەسات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاهەنگە ئاینییانەی
گریکەکان بەناوی (کۆمۆس)ەوە لەبۆ (دیۆنیزیۆس)ی خوداوەندی
و شادیی سازیان دەدان. مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یێکە
سەدەی شەشەمی (پ. ز). گەرچی لە سەرەتادا کۆمیدیا لە ئاستێ
نزمدا بووە وەلێ لەسەر دەستی هونەرمەندی گریك (ئەریستۆفانی
448 پ. ز- 388 پ. ز) گەیشتە ترۆپك و بوو بە هونەرێ
سەربەخۆی فرە مەزن. هەر بۆیە (ئەریستۆفانیس)ش بە پێشەوای
هونەرە دادەنرێت. کۆمیدیای شیعریی گریکیی بەپێی دیرۆك و رو
پەرەسەندنییەوە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت:

أ- بەزمەساتی دێرین: زۆرینەی کارەکانی (ئەریستۆفانی
دەگرێتەوە.

ب- بەزمەساتی ناوەند: مەبەست لەو بەرهەمانەیە کە لە ماو
(400- 300)ی بەر لە زایین هاتوونەتە ئاراوە.

ج- بەزمەساتی نڤار (نوێ): بەرهەمەکانی میناندەر لەخۆ دەگر
(343- 291 ب. ز).

لە تایبەتمەندییەکانی کۆمیدیا:

1- پێوەندییەکی راستەوخۆی دەگەڵ ژیاندا هەیە و گرنگییەکی تەواو بە کێشەکانی نێو کۆمەڵ دەدات.

2- تەریك بوون و دووره پەرێزیی مرۆ بە رەوا نازانێت و هەمیشە بایەخ بە کۆمەڵ و چینەکانی نێو کۆمەڵگا دەدات و لەمەڕ جیاوازییەکانیانەوە دەدوێت.

3- بە پێکەنین دەست پێدەکات و بە سەرزەنشت و گلەییەوە کۆتایی پێدێت.

## کۆمیدیای بارودۆخ ملهاة المواقف Comedy Of Situation

بەزمەساتێکە زێتر پشت بە بینا کردنی گەڵاڵەی دراماتیکیی دەبەستێت وەك لە پشت بەستن بە وێنا کردنی کەسێتییەکان. هەروەها نووسەر بایەخ بەو دۆخانە دەدات کە دەبنە مایەی پێکەنین.

## کۆمیدیای پیلان (فرڵداغ) ملهاة التدسيس Comedy Of Intrigue

بەزمەساتێکە بایەخ بە گەڵاڵەیێك دەدات کە لەسەر فرت و فێڵ, و پیلان دانانی گاڵتەجارییانە بینا کرا بێت.

## کۆمیدیای رەفتارگەرایی الملهاة السلوكية Comedy Of Manners

لە سەردەمی ژیانەوە لە (ئینگلتەرا)دا سەری هەڵداوە.

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمیدیایە:

1- لەسەر تەڵەکەبازیی و پێوەندیی سۆزداریی ناشەرعیی بینا دەکرێت.

2- رەخنە لەو رەفتار و داب و نەرێتە کۆمەڵایەتییانە دەگرێت کە چینە ئاریسۆکراسەکان پەیڕەویان دەکەن.



## کۆمیدیای سەرپێی

## الملهاة المرتجلة mmedia Dell Arte Improvised Comedy

چەشنە کۆمیدیایێکە تێکستەکەی لەلایەن ئەکتەرانێکی پسپۆ
بەسەرپێیی دێتە بەرهەم. رەچەڵەکی ئەم چەشنە دەگەڕێتەوە
مێژووی دێرینی رۆمان, وەلیٚ لە سەدەی شازدەهەم لە (ئیتالیا)دا
بووە, پاشان لەوێوە رووی کردووەتە وڵاتە ئەوروپییەکانی دی.
کۆمیدیایەدا چەند کارەکتەرێکی کلێشەیی نەگۆڕ دەکاتەوە وەکو:

- دۆتتۆر: کەسێتییەکی پۆلۆنییە لاسایی دکتۆر دەکاتەوە.
- ئارلێکون: کەسێتییەکی لاوەکییە نۆکەری پانتالوونە و کەسێ
فێڵباز و گاڵتەجارە.
- کاپیتانۆ: سەربازێکی درۆزنە و هەمیشە شانازیی ب
پاڵەوانێتییەکانییەوە دەکات.
- سکاراموچ: نۆکەرێکی ئاژاوەبگێڕە.

## کۆمیدیای سرووشتە چوارینەکان ملهاة الامزجة omedy Of Humours

شانۆگەرییەکی بەزمەساتی رەخنە ئامێزە تێیدا کردەی دراماتیک
پشت بە وێنا کردنی کەسێتییەك دەبەستێت کە خاوەنی خویە
تایبەت بێت و رەوشت و رەفتاریشی دەبێت بەپێی ئەو خووە بێت.

## کۆمیدیای کەسێتیی ملهاة الشخصية Comedy Of Character

کۆمیدیایێکە زێتر بایەخ بە لێکۆڵینەوە دەدات سەبارەت
(کەسێتیی) وەك لە گەڵاڵە یا هەر فاکتەرێکی دی.

**گەیەنەری ئەلتریكیی (فیشە) موصل كهربي Connector**

بریتییە لە دوو ئامرازی چكۆڵە كە وزەی ئەلتریك بە ئامێرەكان دەگەیەنن.

**گرێ ئاژنیی التعقيد Complication**

لە ساتی گەشە سەندنی رووداوەكاندا و لە ئاكامی رووداوێكی كتوپڕ یا هۆكارێكی نوێدا چەشنێك گۆڕانكاریی چاوەڕوان نەكراو دێتە ئاراوە كە پاڵەوان دووچاری ململانێیك دەبێت دەگەڵ دژێكدا.

**ململانێی دراماتیك الصراع الدرامي Conflict Dramatic**

ململانێیەكە دەنێوان دوو هێزی هاودژدا, و لە ئەنجامی بەیەكدا دانیاندا كردەی شانۆیی گەشە دەكات. بێگومان ململانێی شانۆیی لە فاكتەرە كاراكانی بەدواداچوونە (تشويق)ە.. ململانێیش پلەی خۆی هەیە:

- ململانێی وەستاو (كەم كاریگەر) صراع راكد Static Conflict
- ململانێی بازبران (لە دووی یەك روو نادات) صراع متوپب Jumping Conflict
- ململانێی هەڵكشان (كاراو بەرەو دووایە) صراع صاعد Rising Conflict
- ململانێی روو لە بەرپا بوون صراع صاعد Overe Conflict

**مۆسیقا نووس مؤلف موسيقي Composer**

ئەو هونەرمەندەیە كە مۆسیقای شانۆگەرییەكان دادەنێت

**نەریتە شانۆییەكان الاصطلاحات الدرامية Conventions, Dramatic**



هەمیشە لە نێوان نووسەر و بینەردا لەسەر چەند نەریتێكی شانۆ
جۆرە رێككەوتنێك هەیە كە رۆحی راستەكییانە بە رووداوەك
دەبەخشێت چونكە ناكرێت لەسەر تەختەی شانۆ سەروبەری ژ
پیشان بدرێت لەو چەشنە نەریتانەی كە بینەران لەسەری كۆكن:

ئەو رووداوانەی لە ژیاندا رۆژیارێكیان پێدەچێت.. لەسەر شانۆدا
مەودای چەند كاژێرێكدا روودەدەن.

جێ گۆڕكێ پێكردنی رووداوەكان لە كیشوەرێكەوە بۆ ئێكێكی دی
پابەند بوون بە كەرەستە رەمزییەكانی نێو دیمەنەكان كە گو
راستین و بەرجەستەی چت و مەكی راستەكیی و گەورەتر دەكەن.

دیالۆژی شانۆیی- بەتایبەت شیعر- دیالۆژی رەوانی ژیانە.

**نەگونجان عدم التباين على المسرح Contrast**

بێگومان شتەكان بەهۆی دژەكانیانەوە جودا دەكرێن. بوو
پۆشاكێكی رەشی شانۆیی دەنێو پۆشاكی تری سپیدا دەبێ
ئەنگیزەی پرسیار كردن كە راڤە كردنێكی ئامانج بەخشی دەوێت.

هەمان شت سەبارەت بە بوونی: بزاڤ و وەستان- نووتەككرد
رووناككردن- زەبەلاحیی و چكۆلەیی- هێور بوونی كارەكتەرێ
یاخی بوونی ئێكێكی دی- هتد....

**نمایشتی ئاخاوتن تمثيلية تحادث Conversation Piece**

پارچە شانۆگەرییەكە زێتر پەنا دەباتە بەر دیالۆك و ئاخاوتن وەك
جوڵە كردە.

**نمایشتی خەرگا (كۆشك) عروض البلاط Cour Show**

ئـەو نمايشـتە شـانۆييەيە كـە (شـا) يـا دارو دەسـتەكەى، يـان چاكخوازانى شانيشينەكەى باربووى دەكەن.

**نهێنيار نجي Confident**

هاوەڵێكى دڵسۆزى پاڵەوانەكەيە كە تەواوى پەنهانييەكانى خۆى لا پەنى دەكات بۆ ئەوەى بينەرش ئاشناى نهێنييەكانى بێت- پاڵەوان-، يان نهێنيار ئەو رووداوانە دەگێڕێتەوە كە ناكرێت لەسەر شانۆدا بنوێنرێن وەكو باسكردنى جەنگ.

**هەڵگرى ديكۆر الوزان Coumter We Ight System**

ئامێرێكى دەستيى يا ئەلتريكييە لەبۆ هەڵگرتن و دانانى پارچەكانى ديكۆر بەكار دەبرێت.

**هێڵى لاوەكيى خط درامي ثانوي Counter Plot**

هێڵێكى لاوەكيى نێو رووداوەكانە و يارمەتيى هێڵى سەرەكيى دەدات.

**بەرواژيى كردن التعاكس في التمثيل Counter**

كاتێكە كە ئەكتەر پێچەوانەى ئەكتەرێكى دى گوزەر بكات، كە ئەويش بە مەبەستى هاوسەنگ كردنى سەكۆى شانۆكەيە.

**بيناخوازيى البنائية Constructivism**

(مايرهۆڵد)ى رووسيى (1873- 1943) وەكو بزاڤێك دژايەتيى واقيعيەتى پێدەكرد ئەويش بە پێكهێنانى بەرچاوگەى نيمچەپەتيى (تجريد) كە شێوەكانى تێدا كورت دەكرانەوە.



لە بوارى ديكۆر سازييدا شێوەى خۆشڕۆ (سەيارە) و خانوو بەر
هتد.. لەسەر تەختەى شانۆدا بە چەند هێڵكارييەك كورت دەكاتە
لەبرى درەخت كاريتەى ساكار دادەنێت و چەند لكێكى بۆ درووس
دەكات.. بەيژەكانيش دەلالەتى چيا دەبەخشن كە دەكرێ ئەكت
پێيياندا هەڵژنێ و هتد..

**پابەند بوون الالتزام Commit Ment**

پاش جەنگى جيهانيى دووەم ئەم زاراوەيە واتايێكى نوێى لەخۆ گ
لە نووسينەوەى درامادا پابەندبوون، پابەندبوونە بە چارەسەر كرد
كێشەكانى كۆمەڵگا، وەلێ نەك تەنيا پانۆڕاما كردنى رووداوەكان ب
بەڵكو بانگهێشت كردن بێت رووەو گۆڕان و رووەو چاكتر. لە رو
تيۆرييەوە ئەم پابەندبوونە دەشێت هەڵقووڵاوى ديدێكى كۆمۆنيزمى
بوونخوازييانە بێت. هەروەها زاراوەكە لەبۆ دژايەتيى كردن
خوازيارانى گوزارشت كردنى ئازادانەى هونەرمەند بەكار دەهێنرێ
واتا هونەر لە پێناو هونەردا نەك لە پێناو قەيرانى كۆمەڵايەتيى و ش
تر.

**پاڵوێنەى رەنگ مرشح الالوان Colour Medium**

دەفەيەكى رووبەر ديار كراو، و ديودەرە، و رەنگاوڕەنگ
دەچەسپێنرێتە قەد سەرچاوەيەكى رووناكيى بۆ ئەوەى روونا
ئاسايى بگۆڕێتە سەر رووناكييەكى رەنگدار.

**پشووى پێكەنين ئامێز ترويح ملهوي Comic Relief**

پاژێکی پێکەنیناوییە دەخرێتە سەر تراژیدیا بۆ ئەوەی لە دڵەڕاوکێ و پەشێویی بینەر کەم بکاتەوە.

**پۆشین, شاردنەوە** **تغطية تمثيلية** **Cover**

دۆخێکە ئەکتەر دەسەر شانۆدا بە جوڵەیێکی تایبەت ئەکتەرێك یا هەر چتێکی دی لەبەر دیدی بینەردا بشارێتەوە.

**کۆتاڵی شانۆیی** **القماشيات المسرحية** **Covering Material Cloth**

کۆتاڵی کەتان بێ یا هەر کۆتاڵێکی دی بە مەرجێ تەنك و قرار (متین) بێت, بۆ ئەوەی بتوانرێ بە سانایی بۆیە بکرێ.. ئەم کۆتاڵە هەندێك جار بۆشاییەکانی سەر تەختەکەی پێ دەپۆشرێت.

**تیپی شانۆیی** **فرقة مسرحية** **Company, (Dramatic,** Theatrical, Acting )

کاستێکە بریتییە لە ئەکتەر, و دەرهێنەر, و بەڕێوەبەر, و چەند تەکنیککارێکی دی کە ئەرکیان بەرهەمهێنانی شانۆگەرییە.

**قژی کرێپی** **شعر كريبي** **Crepe Hair**

قژێکی دەستکردە, ردێن و سمێڵی لێ درووست دەکرێت.

**هەڵسەنگاندنی رەخنەگران** **تقدير النقاد** **Critical Reception**

دید و بۆچوونی رەخنەگرانە سەبارەت بە شانۆگەرییەك.

**قەیران, ئاریشە** **الازمة** **Crisis**



ئەو ساتەیە کە لە دەرەنجامی ململانێی بەردەوامی نێـ
کارەکتەرەکان درووست دەبێت و دەبێتە فاکتەری گۆڕان
ڕووداوەکان.

**هێما, کیو** **اشارة** **Cue**

هێمایێکی خێرایە لە ڕێی بزاوتنی دەست, یا زەنگ یان ڕووناکییە
رەنگاوڕەنگەوە دروست دەبێ و ئاراستەی ئەکتەر یا سەرپشـ
ئامێری دەنگ و هتد.. دەکرێت بۆوەی دەست بەکاری نەخشەیێك
کە لەسەری ڕێککەوتوون وەکو هێمای چوونە ژوورەوە- هێمـ
پەردەدادانەوە.

**ئەکتەری میوان** **ممثل ضيف** **uest Actor**

ئەکتەرێکی ناودارە, بانگهێشت دەکرێت بۆوەی وەکو میوانێـ
شانۆگەرییەکەدا بەشدار بێت.

**پەردە** **الستارة** **Curtain**

ڕووبەرێکە لە کۆتاڵێکی ئەستوور هەمیشە لەسەر تەختەی شا
بەکار دەهێنرێت, بێگومان (پەردە)ی شانۆی تەقلیدی هەمە چەشنـ
هەر یەکەو تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە:

جۆرەکانی پەردەش ئەمانەن:

-پەردەی بەرایی Front Curtain

ئەو پەردە سەرەکییەیە کە دەکەوێتە پشتی کەوانەی شانۆیی, ئەر
ئەو پەردەیە شاردنەوە و ئاشکرا کردنی شانۆگەرییەکەیە.

پەردەی بەراییش چەند جۆرێکە

پەردەی ئیتالیی: پێکدێ لە دوو پارچەی یەکسان بەیەك. لە ساتی کردنەوەکەدا لە (لا)کاندا ون دەبن, و لە پێوەدانیشدا دەگەنەوە یێك.

پەردەی ئەڵمانیی: بریتییە لە کۆتاڵێکی یەك پارچە, لە کاتی کردنەوەدا رووەو سەرێ هەڵدەکشێ, و لە پێوەدانیشدا شۆڕ دەبێتەوە.

پەردەی دووهەم: دەکەوێتە پشتی پەردەی بەرایی زۆرجاریش هەمان ئەرکی پەردەی بەرایی هەیە. کاتێك کە ئەم پەردەیە پێوە دەدرێت, و ئەوی پێشەوە- بەرایی بەکراوەیی دەمێنێتەوە ئەوە دەگەیەنێت کە لەو دیوەوە دیمەنەکان دەگۆڕدرێن.

پەردەی بەرچاوگە: بەشێکە لە تەواوکەری بەرچاوگەکان و دەکەوێتە قوڵایی شانۆکەوە.

**پەردەی دەسپێکردن فصل افتتاحي Curtain Raise**

نمایشتێکە هەمیشە کۆمیدییە و لە یەك پەردەدایە.. بەر لە نمایشتی شانۆگەرییە درێژەکە پێشکەش دەکرا و چ پەیوەندییەکشیان بەیەکەوە نەبوو, ئەم نەریتە لە سەدەی نۆزدە و لە (ئینگلتەرا)دا باو بووە.

**خولی شانۆیی الدورة المسرحية Cycle of Plays**

زنجیرە شانۆییەکە چارەسەری یەك کێشە دەکات, و هەمان (کارەکتەران)ش هەڵیدەسوڕێنن.. هەر وەکی خولی (یۆرك) کە لە (48) شانۆگەریی پێکدێت و سەبارەت بە پەرچووە ئاینییەکان دەدوێن.

**پەردەی سایکلۆراما الستارة الصدفية Cyclorama**



پەردەیەکی کەوانەییە لە پاشینەی بەرچاوگەکەدایە کە گوزارشت
ئاسمان دەکات یا هەستێك بە بوونی رەهەندێکی بێ کۆتا
دەبەخشێت.. ئەویش لە کاتێکدایە کە رووناکییەکی تایبەتی بخرێت

# D

**دادایيزم الدادية Dadaism**

1-بزاڤێکی شۆڕشگێڕانەبوو, بنووس, و هونەرمەندە لاوەک
سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم بەرپایانکرد. ئامانجی بزاڤەکەش
داواکردنی دیموکراسییەتێکی رەها, و شۆڕشکردنە سەر زاراو
سۆسیالیستیی, و بیر و باوەڕی ئاکارەکیی بۆ ماوە بوو.

2-لە ساڵی (1916)دا (تزارا) لە شاری (زیوریخ)دا ئەم بزاڤ
دامەزراند و پاشان رووی کردە پاریس بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوبیرەکان
بنەماکانی فەلسەفە, و هونەر, و لۆژیکی ئاسایی بڕوخێنێ, و بیرۆ
و گوزارشت لە یەك بترازێنێت, ئەویش بە مەبەستی ئەوەی گو
دژایەتیی جەنگ, و ئەو شارستانییەتە دەکات کە مرۆڤی کەنەفت
ماڵ وێران کردووە.

3-پاش کۆتایی هاتنی جەنگ ئیدی دادایزم رووەو نەمان دەچ
هەتاکو (سوریالی) بوو بە بەرەچەی (ورشە).

4-یەکەم شانۆگەریی دادایزم (پیاوی پووش- 1917) بوو کە لە نووسینی نیگارکێشی ئەڵمانی (ئۆسکار کوکوتشکا)بوو.

**Dark** **مظلم** **تاریك**

ئەو ساتەیە کە شانۆکە هیچ نمایشتێکی تێدا نەبێت.

**Deusex Machina** **الالة الالهیة** **ئامێری خوداوەند**

زاراوەکە لاتینیەو واتای (خواوەند لە ئامێرە). لە شانۆی یۆنانیی خوداوەند یا مەردووم لە نێو گالیسکەیەك یاخود گەمیەیەك دا لە ئاسمانەوە دەردەکەوت.

یۆربیدس دووازدە جار ئەم ئامێرەی لە تراژیدیاکانیدا بەکار بردووە بۆ نموونە: پاش ئەوەی (میدیا) کە هەردوو کوڕەکەی خۆی دەکوژێت.. لە نێو گالیسکەیەکە و هەردوو تەرمەکەشی هەڵگرتووە و لە ئاسمانەوە دەر دەکەوێت.. جاسۆنی مێردیشی لەخوارەوەیە و بۆ بەختی رەشی خۆی دەکروزێتە.

ئەم ئامێرە زێتر لە دوا ساتی رووداوەکاندا دەردەکەویٚ.

**Delivery** **الالقاء** **دەمدوو کردن, بێژان**

ئەو شێوازەیە کە ئەکتەر بۆ درکاندنی دیالۆژەکانی هەڵیدەبژێرێت .

**Dead- Pan Face** **وجه غیر معبر** **رووخساری بێگوزارشت**

مەبەست لەو دەموچاوەیە کە دەگەڵ گوتەکاندا هیچ گوزارشتێك نابەخشێت.



**شانۆگەریی روونکاریی, شیکاریی**

**Detectiv Play (Drama)** **مسرحیة اللغز السري**

شانۆگەرییەکە لەسەر گرێیەکی ئاڵۆز بینا دەکرێت و لە ئاکامدا کر
و هۆکار ئاشکرا دەکرێن.

**شانۆگەریی ژێرکەوتوو**

**Dead at The Box Office** **مسرحیة ضد الشباك**

شانۆگەرییەکە بینەر روو لە پەنجەرەی پسوولەی چوونەژوورەو
ناکات. واتا بیٚ بینەرە.

ئەو شانۆگەرییەیە کە بینەر رووی تێناکات.

**Development** **التطور** **گەشەکردن**

1- ئەو کردانەیە کە پاش (پێشەکیی) دێن و رووداوەکان رو
گەشە سەندن دەبەن.

2- ئەو رووداوانەیە کە بەهۆی یەکترەوە گەشە دەسەنن.

**Denouement** **الحل** **گریٚ کردنەوە**

دوا بەشی شانۆگەرییەکەیە پاش ئەوەی دەگاتە تەشقی رووداوەکا
واتا روودانی کارەسات لە تراژیدیادا, و کۆتاییەکی خۆشنوودش
کۆمیدیادا.

**Decorum** **اللائقیة** **گونجان**

گونجاندنی رەفتارێکە دەگەڵ ئەو کارەکتەرەی کە وێنا دەکریٚ.

**Declamation** — **التمثيل الخطابي** — **نواندنی گوتەیی**

ئەوەیە کە ئەکتەر وشەکانی بە شێوەیێکی (خۆکرد... هەڵچو.. زریکەزریك, ویزەوین) بڵێتەوە.

**Debut** — **الطلعة الاولى** — **یەکەم نواندن**

مەبەست لەو ئەکتەرەیە کەبۆ یەکمجار لەسەر تەختەی شانۆدا دەردەکەوێت و دەچێتە پێستی کارەکتەرێکەوە.

**Depth (Stage)** — **عمق الخشبة** — **قووڵایی سەکۆی شانۆ**

مەودای نێوان بەرایی سەکۆی شانۆ و دیواری پشتەوەیە.

**Deuteragonist** — **الممثل الثاني** — **ئەکتەری دووەهەم**

مەبەست لەو ئەکتەرەیە کە (ئەسخیلۆس) خستیە پاڵ ئەکتەری یەکەمەوە.

**Devil** — **شيطان** — **ئەهریمەن, ئاپتەر, شەیتان**

لە زۆربەی شانۆگەرییە ئەورووپییەکاندا وەکو کەسێتییەك رۆڵی خۆی هەبووە.

**Dialect Play** — **تمثيلية لهجية** — **نمایشتی دیالێکت**

**نمایشتی شێوە زمان**

شانۆگەرییەکە پشت بە کارەکتەرێیك دەبەستێت کە بە شێوە زمانێکی لۆکاڵ (ناوچە)یی بدوێت.

**Diction** — **المقولة** — **گوتە**



ئەو ووشە دەستنیشان کراوانەن کەشێوەی نووسین یان دەرکک
بەکاردێت زمانیش بەپێی ئامانجی بەکار هێنانی لە بنووسێکەو
ئێکێکی دی جیاوازیی هەیە.

**Disguise** — **التخفي** — **خۆ شاردنەوە, خۆلێگۆڕین**

1-ئەکتەر بەلاسایی کردنەوەی تایبەتمەندیی کەسێتییەکی شانۆ
کەسێتیی راستەقینەی خۆی دەشارێتەوە.

2-لاسایی کردنەوەی کەسێتییەکی تر... واتا جگە لە رۆڵی یەک
رۆڵێکی دیش ببینێت.

**Dionysian** — **الديونيسيوسية** — **دایانیزوسی**

(دایانیزوس) لەلای گریکدا خواوەندی (مەی, پیتاندن, هێزی بەف
سەر بزێویی نابەجێ)یە, وەکی زانراوە شانۆی یۆنانیی ل
کۆنسێرتانەوە دروست بووە کە بە دەستە جەمعی لە بۆ بەخشند
(دایانیزوس) سازدەدران.

**دەرهێنەر** — **المخرج**

**Director(American)  Producer(British)**

سازدەر و رێکخەری کارە شانۆییەکەیە... تێکستەکە لەسەر کاغەز
دەگوێزێتەوە سەر شانۆ و لە رێی بەرجەستە کردنیەوە بینەر بە ب
دیدی نووسەر ئاشنا دەکات, ئەمە جگە لەوەی کە ئایدیا و خەی
خۆیشی رەنگدانەوەی لەسەر دەبێت. دەرهێنەر وەکی کەسێ
سەربەخۆ و تەرخان بوو لەبۆ کاری دەرهێنان لە کۆتایی سەد
نۆزدەدا هاتە ئاراوە.. دەڵێن گوایە (سۆفۆکلیس) خ

شانۆگەرییەکانی خۆی دەرهێناوە هەروەها (مۆلیێر) و چەندین بنووسی دی بەو کارە هەستاون, ئەگەرێکو بنووس خۆشی دەرهێنەر نەبوایە ئەوە کاری دەرهێنان یان بە دەستەجەمعی, یان لە ژێر چاودێریی ئەکتەرێکدا ئەنجام دەدرا.

**رووبەڕوو بوونەوە التواجه Direct- Profile Position**

رووبەڕوو بوونەوەی دوو ئەکترە بە مەرجێ کەناری دەم و چاویان ڕاستەوڕاست ڕوو لە بینەران بن.

**نواندنی مۆسیقا ئامێز تمثيل مموسق Diseur**

ئەو نواندنەیە کە مۆسیقای لەگەڵدا بەکار دێت.

**دیسرامب ديثرامب Dithramb**

ئەو سروودە ئایینیە بوو, کە لە شانۆی (گریك)دا کۆرس دەیچڕی وتێیدا ستایشی (دیۆنیسیۆس)ی خوداوەندی دەکرد.

ئەرستۆ لە (هونەری شیعر)دا ئاماژە بەم زاراوەیە دەکات ودەڵێ (مەرگەساتی دێرین لە سروودە یسرامبیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە).

**نواندنی ناشایستە تمثيل منكور Die Standing Up**

ئەو نواندنەیە کە لە ئەنجامدا لەلایان بینەرانەوە چ ڕێز و ستایشێك بەدەست ناهێنێ.

**نووتەککار معتام Dimmer**

ئەو شتەیە کە لەبۆ جەخت کردن یا کەمکردنەوەی ڕووناکیی بەکار دەبرێت.



**هەڤپەیڤین (دیالۆگ) الحوار Dialogue**

ئەو ئاخاوتنەیە کە لەنێوان دووکەسدا ئەنجام دەدرێت.

**شانۆگەریی فێرکاریی المسرحية التعليمية Didactic Play**

ئەو شانۆگەرییەیە کە هەڵگری (چەمکێك, هەڵوێستێك, ئایدیایێك هتد..) بێت بە مەبەستی فێر کردن.

**تاریك کردن, دم التعتيم Dim**

کەم کردنەوە ڕووناکی سەر تەختەی شانۆکەیە بە مەبەستی ئەو
ڕۆژیارێك بەسەر ڕووداوەکاندا تێبپەڕێت, یا بۆ وێناکردنی دۆخێ
سایکۆلۆژیی بەکار دێت.

**شانۆی بەڵگەنامەیی المسرح التسجيلي ocumentary Theatre**

وەکو بزووتنەوەییێك لە دووای شانۆگەریی (جێگر– 19663
دەستی پێکرد کە لە نووسینی بنووسی ئەڵمانی (هۆخهۆت
دەرهێنانی (ئەروین بسکاتۆر)بوو, ئامانجی شانۆگەرییەکە
نمایشتکردنی پاژێکی مێژوو بوو وەلێ بە دیدێکی هاوچەرخییانەو

**شانۆگەریی سەك المسرحية الكلبية Dog Drama**

ئەم شانۆگەرییە لە سەدەی نۆیەمدا باو بووە, و تێیدا سەگێ
ڕاهێنراو ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە.

**تراژیدیای خێزان المأساة العائلية omestic Tragedy**

شانۆگەرییەکی شێلگیرە, کارەکتەرە سەرەکییەکانی لە هەردوو چینی (ناوەڕاست و نزم)ەوە وەردەگیرێن و چارەسەری قەیرانەکانی نێوانیان دەکرێت.

**دۆن جوان　　دون جوان　　Don Juan**

کەسێتییەکی ناوداری نێو وێژە ئەوروپییەکانە کە لە سەدەی حەڤدەدا هاتۆتە ئاراوە.

**دراما　　دراما　　Drama**

تروومی (اصل)ی زاراوەکە یۆنانییە و لە (dran)ەوە وەرگێڕاوە کە بە واتای (کار دەکات- یا کردەوەیەکە و پێی هەڵدەستێت) ڤێجا لە زمانی لاتینییەوە چووە نێو هەندێك زمانانی (ئەوروپا)ی نڤارەوە.

ئەرستۆ لە پێناسەکردنی درامادا دەڵێت (لاسایی کردنی کاری مرۆیە). لە شرۆڤە کردنی ئەم پێناسەیەدا رەخنە سازان دووچاری چەندین دووڕیانی ئالۆز بوونە, رەنگبێ شیاوترین (راڤە) لەم دەستەواژەیەدا ئەوەبێ کە وتراوە دراما لە فاکتەرگەلێکی بلەخش (جوهر)یی پێکدێت وەکو:

1-چیرۆك.
2-بەشێوەی (کردە)دا دەڕێژێت نەك گێڕانەوە.
3-لە وتەکاندا تایبەتمەندیی دیار کراو هەیە.
4-ئەکتەر هەڵیدەسوڕێنێت.
5-دەبەردەم بینەردا ئەنجام دەدرێت.

**درامای خوازە　　الدراما المجازية　　Drama Clef**



مەبەست لەو پاژە شانۆییەیە کە دەروازەیەکی هزر (فکر)یی لە بی
دەکاتەوە بۆ ئەوەی درك بەوە بکات کە ئەو کارەکتەرانە ئاماژە
کەسانی زیندوو دەکەن, و لە ژیانی رۆژانەدا دەژین.

**تەکنیکی دراما نووسین　　الفنيّە المسرحيە　　Drama Turgy**

واتا چۆنێتیی نووسینی دراما.

**خوازەی دراماتیك　　المغزى الدرامي　　ramaticMetaphor**

بیرۆکەی سەرەکیی نمایشتەکەیە کە پێویستە لە سەرجەم کارمەند
شانۆگەرییەکە پابەندی بن و لەو میانەی رووداوەکانەوە هەوڵ
بەرجەستە کردنی بدەن (خوازە دراماتیکییەکە).

**درامای هەستەکان　　دراما الاحاسيس　　rama of Sensibility**

جۆرە درامایەکە هەوڵدەدات ئەوە بسەلمێنێت کە مرۆڤ بە سروش
چاکخوازە دیارە ئەمەیش لە رێی وروژاندنی هەست و سۆزەوە د
ئەنجام.

**درامای هزرەکان　　دراما الافكار　　Drama of Ideas**

ئەو شانۆگەرییەیە کە بەر لە هەر شتێك بایەخ بە تاوتوێ کردنی
هزرانە دەدات کە زێتر وابەستەی دۆخی کۆمەڵایەتیی و رامیار
هاوچەرخن.

**رەخنەگری شانۆیی　　ناقد مسرحي　　rama Critic**

ئەو کەسەیە کەبەپێی میتۆدێك, یا قوتابخانەیێك شانۆگەری
هەڵدەسەنگێنێ.

**شانۆگەریی دراماتیك　　مسرحية درامية　　Dramatic Play**

ئـــەو شـــانۆگەرییەیە کـــە بـــەپێی ویســـتەکانی تەختـــەی شـــانۆ دەنووسرێتەوە.

**درامای قۆناغ (میوانخانە)**

**دراما قاعات الاستقبال Drawing- Room Drama**

مەبەست لەو شانۆگەریانەیە کە باس لـە هەندێك لـە لایەنـەکانی ژیـنی کۆمەڵایەتی چینی دەوڵەمەند دەکەن, بە مـەرجێك کردە سـەرەکییەکان دەهۆڵی میواندا بێنە ئاراوە.

**راهێنانی کۆتایی, دووا راهێنان التدريبة النهائية Dress Rehearsal**

یەکەم نمایشتی شانۆییەکەیە کە بەبێ بینەر ئەنجام دەدرێت.

**شانۆگەریی دوو کەسیی مسرحية شخصيتين Duo Drama**

شانۆگەرییەکە تەنیا دوو کارەکتەری قسەکەری تێدایە.



# E

**زنانی رەوڕەوەدار المصطبة ذات العجلْ Eccyclema**

زنـانێکی داریـنـە, لەسـەر چـەند رەوڕەویـەك راگـیر کـراوە و لـە شـان[...] گریکدا بەکار براوە. کاری ئەم زنانە پتر بۆ ئاشکرا کردنی رووداوەک[...] ئەو دیـوی شـانۆ بـەکاردەبڕا بـۆ نموونـە گـەر پاڵـەوانێك یـا کارەکتـە[...] بکوژرایە دەخرایە سەر زنانەکە و لـەو دیـوەووە رووەو سـەر شـانۆ پـ[...] پێوە دەنرا.

**شانۆی فێرکاریی المسرح التعليمي Educational Theatre**

تیپێکی شانۆیە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك شانۆخواز کە خوێندنگەیەك یا دەزگایەکی پەروەردەیی بە مەبەستی خۆشگوزەران کردنی خوێندکاران سەرپەرشتی دەکات.

**کارتێکەرە شانۆییەکان المؤثرات المسرحية EffectMachines**

ئەو ئامێرانەن کە ئیفێکتی وەکو بروسکە و باران و دووکەڵ دروستدەکەن.

**ئەندازیاری ئەلکتریکی مهندس الاضاءة Electrician**

ئەو کارمەندەیە کە بەرپرسی خستنە کاری ئامێرەکانی رووناکیی و ئامێرە ئەلتریکییەکانی ترە.

**تەختەی بڵندکاریی المرزح المصعدي Elevator Stage**

سەکۆیەکە پێکهاتووە لە چەند پارژێکی بزواو بە چەشنێك کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە و بەپێچەوانەشەوە دەبزوێت. ئەم سەکۆیە لەبۆ کاری دیکۆر و بەرچاوگەکان بەکار دەهێنرێت.

**دراما ئەلیزابێسیی الدراما الاليزابيثية Elizabethan Drama**

مەبەست لەو شانۆگەرییانەیە کە لە سەردەمی ئەلیزابێسی یەکەمی شاژندا پێشکێش دەکران, ئەو سەردەمەش بە سەردەمی زێڕینی درامای ئینگلیزی دادەنرێت کە بە داخستنی شانۆکان لە ساڵی (1642)دا کۆتایی پێ هاتووە.

**کۆتایی یەکییکەرەوە نهاية حاسمة Emphtic Ending**



کۆتایی پێهێنانی شانۆگەرییە بە چەند دێرێك, یا رووداوێك
کاریگەرییەك لەلای بینەر جێ بهێڵێت.

**دەلاقەی ئینگلیزی الفتحة الانكليزية EnglishTrap**

دەلاقەیەکە لە تەختی شانۆکە دایە لە بۆ چوونە ژوور و هاتنە
بەکار دەبڕێت.

**درامای داستانایی الدراما الملحمية pic Drama**

برێخت (1898- 1956) لەرێی ئەم زاراوەیەوە دژایەتی شا
تەقلیدیی دەکرد گرنگترین ئادگار و تایبەتمەندییەکانی ئەم درامایە:

1-باس لە کێشەی کۆمەڵ دەکات وەك لە تاك (فرد).
2-وتووێژ دەگەڵ (هزر) دەکات نەك (سۆز).
3-دەیەوێت بینەر خۆی بڕیار بدات.
4-پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت.
5-دەبێ بینەر بێدار بێ, و وابەستەی کردەکان نەبێت.

**دووا وتە الاختتامية المسرحية Epilogue**

دیمەنێکی بەرجەستەکراوە یان وتارێکە و ئەکتەرێك لە کۆتا
شانۆگەرییەکەدا دەیڵێتەوە.

**شانۆی داستانایی المسرح الملحمي Epic Theatre**

رێڕەوێکی نڤاری شانۆیە لەسەر دەستی دەرهێنەری ئەڵمانیی ئێ
بسکاتۆر و بیرتۆڵد برێخت هاتە ئاراوەو فاکتەری بە نامۆ بوونی ت
پراکتیزە کرا. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی رێڕەوی تاین بریتییە لە

بایەخدان بە ناوەڕۆك زێدەتر وەك لە فۆرم.
بایەخدان بەڕاستیی وەك لەخوازە (مجاز).
ستایلەکەشی چیرۆکاویی و فێرکارییانەیە.

**ئێپەزود ابسود Episode**

لە بنەڕەتدا زاراوەکە یۆنانییە(epeisodion)0 لە تراژیدیای گریکدا بریتیی بوو لەو دیمەنەی کە دەکەوتە نێوان دوو ستران لە سترانەکانی کۆرس. بڕوانە (ئستاسیمۆن).
بەبۆچوونی (ئەرستۆ) شانۆی (ئێپەزود) ئەوەیە کە لە چەند ڕووداوێك پێکدێت کە لەسەر بنەمای ناچارەکێتیی (الحتمیە) وا بەستەی یێکدی نابن ڤێجا دەڵێین شانۆگەرییەکی بازنە دیمەن.

**شانۆگەریی کشانەوە مسرحیة انسحابیة Escape Play**

شانۆگەرییەکە بینەر دنە دەدات لەبۆ خۆگێل کردن لە ڕووداو و قەیرانە سەختەکانی ژیان وەکو: برسێتیی، هەژاریی، خوونکاریی، سڕینەوەی مۆڕاڵ وهتد.

**تەکنیکی دەرخستن التقدیمة الدرامیة Exposition**

پێشەکییەکە لە بۆ دۆخ و گرێ ئاژنییە چاوەڕوان کراوەکان.. ئەمەش زێتر لە ڕێی کارەکتەرێکی لاوەکییەوە دێتە دی.

**چۆڵ کردن، جێ هێشتن المخرَّج Exodos**

دوا پاژە لە مەرگەساتی گریکدا کە ئەکتەران و کەسانی کۆرس لە سازبەندەکەدا جێ و شوێنی خۆیان جێ دەهێڵن.



**دەرچوون اشارة الخروج Exit**

ئاماژەیەکە لەبۆ دەستنیشان کردنی ئەکتەرێك بەکار دەبرێت دەبێت سەکۆی شانۆ ببوێرێ و بچێتە دەر.

**دەرگای چوونەدەر باب الخروج Exit**

دەرگایەکە بینەری لێوە دەچێتە دەرێ.

**شانۆگەریی ئەندێشەی رازاوە**
**مسرحیة الخیال المزرکش Extra Vaganza**

1- نمایشتێکی ساکارە. بابەتەکانی پشت بە میتۆلۆژیا و چیر
خەیالاوییەکان دەبەستێت، (بلانشیەی)ئینگلتەرایی بە خوڵقێنەری
چەشنە دەناسرێت.

**شانۆی ئەزموونگەریی مسرح تجریبي Experimental Theatre**

شانۆیەکە هەمیشە هەوڵی دۆزینەوە ستایلی نوێ دەدات و
قاوغێکدا قەتیس ناخوات.

**گوزارشت خوازیی التعبیریة Expressionism**

1- گرنگترین بزاڤی شۆڕش خوازەکانە کە دژ بە قوتابخان
سرووشت خوازیی و ڤێجا کاریگەر خوزایی (الانگباعیە) سەری هەڵد
2-لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم بزاڤە:
أ- زەبر دەستیی (ئامێر) و دەستبەسەراگرتنی مرۆڤ، وای
هونەرمەندان کرد دەرك بە گرنگیی ئامێر بکەن لەبۆ خزمەتی مرۆ.

ب– توێژینـەوەكانی (فرۆیـد) و دەروونناسـانی دی توانیـان زانیـاریی نوێ سەبارەت بە پەنهانی یەكانی دەروونی مەردووم ئاشكرا بكەن.

ج– دەرك كردن بە ونبوون دەنێو چرستانی كۆمەڵگادا.

ح– كاریگەریی هەندێك لە شانۆییەكانی (ئسترەند بێرگ).

3– گوزارشت خوازیی كار بۆ بەرجەستە كردنی پەنهانییەكانی ناخی مرۆڤ دەكات.. چونكە لە دیدی ئەواندا راستی مرۆڤ لە قووڵاییەكانی ناخیدا دەدۆزرێتەوە نە لە رووالّەتە دەرەكییەكان.

گرنگترین تایبەتمەندییەكانی شانۆی گوزارشت خوازیی:

فرەیی دیمەن و بەشەكان.

بـوونی ئێـك كارەكتـەری سـەرەكیی كـە دووچـاری گۆلێـژەێیكی سایكۆلۆژیی توند بووبێت.

كارەكتـەرەكانی دی لـە نێو كەشێكی تـەماویی و ئاڵۆزدا مەلـە دەكـەن وەلێ دونیای رووداوەكان شێوێنراون.

كارەكتەرەكان كلێشەیی و نەگۆڕن و ناوی ئاساییانش لێ نانرێن لە بـری (هـێمن, قوبـاد, رۆسـتەم) دەوترێـت:(بـەڕێز سـفر, دكتـۆر, بـاوك, نووسەری بانك, نامۆ, دەرۆزەكەر, هتد..).

زمـان تـا رادەێیـك خێـرا و دووره لـە نەخشـەكانی رەوانبێـژیی وەلـێ هەستیارانەیە.

نوانـدن خێرایـە و دەگـەڵ مۆسـیقا و دەنگـە رەمزییەكانـدا ئـەنجام دەدرێت.

بەكار هێنانی جلكی سەیر و نامۆ.

4– ناودارترین شانۆگەرییەكانی ئەم چەشنە:

– سۆناتای تارمایی: ئۆگست سترەند بێرگ (1907).

– قەڕاڵ جۆنس: یۆگین ئۆنیل (1888– 1953).



– گۆڕان: ئەرنست توللەر (1918).

## بوونخوازیی الوجودیة Existentialism

رێبـازێكی فەلسـەفی و مرۆڤایەتییـە. لـە سـەردەم و پـاش جـەن
جیهـانیی دووهـەم چـەمكی ئـەم رێبـازە ناسـرا. گەرچـی بـەر ل
سەردەمەش (بوونخوازیی) خودان پێشەوای دێرین بووە وەكو: پیتۆ
ئەڵمانیی (هیگەر) كە دەستێكی باڵای هەبووە لە داڕشتنی رێبازەكە.

بوونخوازەكان پێیان وایە كە هەر چتێك بوون و چیەتیی (ماهیّە)یە
هەیە. چییەتیی كۆی ئەو تایبەتمەندییانەیە كە (چت)ەكە هەڵگریا
بەم پێیە ئەو (چییەتیی)یە بڵـەخش (جـوهر) و كڕۆكـی ئـەو شـتە
(بـوون)ش ئامـادە بـوونێكی راسـتەكییانەی ئـەو (شـتە)یـە لـە
بۆشاییەكی ئەم جیهانەدا. (شت)ش چییەتیی نابێت گەر بەڕاستیی
بوونـەی نـەبێت: بە واتایـەكی دی چ كـاتێ شـتەكان خـودان (بـوون)
ئەوجا دەكرێ لەمەڕ شێوە, و قەبارە, و چییەتییەكانییەوە بدوێین (
پـۆل سـارتەر) پێشـەوای بوونخـوازی هاوچـەرخ پێـی وایـە كـە بـوو
شـتەكان لـە پـاش چییەتییەكانیانەوە دێـت تـەنیا مـەردووم نـەبێت
یێكەم جار بوونی دێتە دی ڤێجا (چییەتیی)یەكەی. لێرەوە ئەم تی
بە بێبڕوایی (إلحاد) لە قەڵەم درا چونكە بوونی خودا رەد دەكاتـەوە
مرۆ و چییەتییەكەی خوڵقاندووە. لە دیدی ئەواندا مرۆڤ– یـەكمج
بـوونی دێتـە دی دواجـار خـودی خـۆی بـێ هـیچ دەسـت تێـوەردانێ
دەرەكیی چییەتیی خۆی دەستنیشان دەكات.

بوونخوازە (فەلە)كان بڕوایان هەیە بە خودای خوڵقێنـەری مـرۆڤ بـ
مرۆڤ خۆی بەرپرسی كردەوەكانێتی. واتا خوڵقێنەری (چییەتیی) خ
تەنیا خودی خۆیەتی.

بوونخوازیی چیرۆك و ڕۆمانگەلێکی بە نرخی بەرهەم هێناوە بواری (شانۆ)ش وەکی بوارەکانی دی وێژە بێبەش نەبووە. بڕوانە: شانۆگەریی (مێش- 1943)ی سارتەر.

**بەرچاوگەی دەرەکیی منظر خارجي Exterior Scene**

ئەو بەرچاوگەیەیە کە دەرەوە نیشان دەدات وەکو (شەقام, گۆڕەپان, کێڵگە, چیا, چڕستان و هتد..).

# F

**چارەنووس القدر Fate**

لە شانۆی گریکدا (چارەنووس) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە گەشە پێدانی ڕووداوەکان و دۆزینەوەی ململانێیەکی بێئومێد لە نێوان



پاڵەوانی تراژیدیاکە و ئەو هێزە ناپەنییانەی کە لە خۆی بەهێزترن, ئەوەی بشزانێت و دەبنە ئەو ئەنگێزەیەی کە ڕووەو کۆتاییە دڵتەزێنی دەبات.

**شانۆگەریی فانتازیی مسرحية فنتزية Fantasy**

لە بنەڕەتدا (fantasy) یۆنانییە. شانۆگەریی (فانتازی)ش ئ شانۆگەرییەیە کە کەوشەنەکانی واقیع دەبەزێنێت و نوقمی ئەندێش خەیاڵ دەبێت کە هەندێجار تەڤلی پەنهانییەکانی گەردوون و سووپە سرووشت دەبێت.

**شەیدا المولع بالمسرح Fan**

کەسێکە کە خولیای شانۆ بێت.

**کردەی داکشان الحدث الهابط Falling Action**

ئەو ڕووداوەیە کە پاش گەیشتن بە تەشق دێتە ئاراوە.

**کورسی پێشەوە مقعد امامي Fauteuil**

نیشتنگا (مقعد)ێیکە بە دوو باڵگە ڕاگیر بووە- و دەکەوێتە ڕیزەک پێشەوەی نێو هۆڵکە.

**کۆمیدیای گاڵتەجاڕیی الملهاة الهزلية Farce- Comedy**

کۆمیدیایەکە پێکهاتەی فاکتەرەکانی شانۆگەریی گاڵتەجاڕی بەزمەساتی ڕیالیستیکە.

گاڵتەجاڕیی– فارسی هزلية Farce

شانۆگەرییەکە لەپێناو پێکەنین و کەیف خۆشیدا زێدەڕۆییەکی بێ کەوشەن لە گەڵاڵە, و کەسێتیی, و ڕووداوەکانیدا بەدی دەکرێت.

شانۆی ئەتێللا فابولا اتلانا Fabula atellana

وشەی (فابولا) لە زمانی لاتینییدا بە واتای (چیرۆك) دێت، (ئەتێللا)ش یەکێك بووە لە شارۆچکەکانی ئیتالیا، چەمکی زاراوەکە ئەو نمایشتە میللییانە دەگرێتەوە کە لە دێ و شارۆچکەکانی ئەوسای (ڕۆما)دا پێشکەش دەکران هەڵبەتە ئەو نمایشتانەیش زیاتر گاڵتەجاڕیی بوونە، و لە دوای نمایشتی خەماویدا پێشکەش کراون.

فابۆلا پالیاتا فابولا بلياتا Fabula Plliata

شانۆی خورج بەزمەساتێکی ڕۆمانییە بابەتەکانی لە بەزمەساتەکانی گریکەوە وەرگێڕاون.

فابۆلا تەیبەرناریا فابولا تابرناريا Fabula Tabernaria

شانۆگەرییەکی (ڕۆمان)ی کۆن بووە، لە بابەت قەیرانی کۆمەڵایەتییەوە دوواوە.

فابۆلا تۆگاتا فابولا توجاتا Fabula Togata

ئەو کۆمیدیا ڕۆمانییە بووە کە بابەتەکانی هەڵقووڵاوی نێو جڤاتگەی (ڕۆمانیا) بووە، و هیچ کاریگەرییەکی گریکی لەسەر نەبووە.

تەختەی زیادە خشبة اضافية False Stage



تەختەیێکە دەسەر تەختە شانۆییە سەرەکییەکەدا دادەنرێت.

ئەکتەری تایبەتمەند ممثل الشخصيات eature Player

ئەکتەرێکە ڕۆڵێکی گرنگ دەنوێنێ بەڵام لە بەرجەستەکرد
کەسێتییە دیار کراوەکاندا ئەستێرەیەکی درەوشەدار نییە.

نواندنی ڕۆڵی ئافرەتان

تقليد الادوار النسائية Female Impersnatio

ئەو کەسەیە کە لە شانۆگەرییەکدا ڕۆڵی ئافرەت دەنوێنێ.

پەردەی ئاگربەست

الستارة الواقية ire Proof Curtain Fire Curtain

پەردەیێکە لە پشتی کەوانی شانۆکەدا شۆڕ و درێژ بووەتەوە
پەردەیە لە (بەن)ی دەستکرد چنراوە بە شێوەیێك کە گڕ ناگرێ و
هیچ چەشنێك ناسووتێ.. کاری پەردەی تاین بەرگرتنی ئەگە
کەوتنەوەی ئاگرە دەسەر شانۆدا, و ناهێڵێت بگاتە شوێنی بینەران.

ئاسمانی تەختەی شانۆ سماء خشبة المسرح Flies

ئەو بۆشاییە پەنهانەیە کە دەکەوێتە بەرزایی سەر تەختەکە و پا
کەوانەی شانۆکەوە. ئەم بۆشاییە لە بۆ هەڵواسینی بەرچاوگە
بەکاردەبرێت کە لە ساتی پێویستدا دادەگیرێت یا بەرز دەکرێتەو
لەبەر چاودا ون دەبن.

سەلبەند, تات الشاسية Flat

پـاژێکی بەرچـاوگەکانە لـە بـەنی گـوش (قنـب) دروسـت دەکرێـت و دەچەسـپێنرێتە قەد چوارچێوەیێکی دارین چـەند دانـەیێکی لـیٚ بـەکار دەهێنریٚ لـەبۆ پێکهێنانی سێ (لا)ی بەرچاوگەی چەکمەزەیی (المنقر الصندوقی). بەکارهێنانی سەلبەند وا لە بینەر دەکات کە درك بە بوونی شـوێن, و کەشـی مـادیی بکـات. مـەرجیش نییـە (سـەلبەند) هەمیشـە چوارگۆشـە یـا لاکێشـەیی بێـت بـۆ نموونـە ئەگـەر درەختێـك دروسـت بکرێت شێوازەکەی دەگەڵ شێوازی منارەدا جیاوازە.

**فلاشباك، گەڕانەوە بۆ رابردوو الاسترجاع Flash Back**

تـــەکنیکێکی شـــانۆییە زەمـــەنی ئێســـتا رادەگـــریٚ و رووداوگـــەلێك نیشاندەدات کە لە رابردوو روویاندابێت.

**خاڤکی درەختی البرقع شجري FoliageBorder**

پەردەیێکە لێوارەکانی نارێکن, لە میچی شانۆکەوە شۆڕ دەکرێتە سەر چـەند شـوێنێکی دیـارکراو, لەسـەر رووی ئـەم پەردەیـە وێنـەی گـەڵای درەخت کێشراوە بۆوەی دیمەنی درەخت و دارستان پیشان بدات.

**درامای جەماوەریی**

**دراما المأثورات الشعبية- دراما الناس Folk Drama (Play)**

1-نمایشـــتێکە پێکهاتەیـــەکی درامـــی ســـاکاری هەیـــە.. شـــێوە سەرپێیەبابەتەکانی لە پەند و وتەکانی پێشینەوە وەرگیراون.

2-وەلـیٚ حـاڵی حـازر لـە ولاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکادا ئـەو شـانۆگەرییانە دەگرێتـەوە کـە کەسـانی پسـپۆڕ دەیانووسـن, و تێیـدا چارەسەری کێشەی داب و نەریت, و ئاستەنگییەکانی خەڵکی دەکەن.



**ئاماژەی پێشوەخت التلميح التمهيدي Fore Shadowing**

دەستەواژەیەکە یا دیمەنێکی جگار کورتە ئاماژە بۆ داهاتوو دەک ئەمـەش بەشـدارە لـە بینـای دراماتیکیی و یارمـەتیی گەشەسـەند رووداوەکان دەدات

**دیواری چوارەم الحائط الرابع FourthWall**

یەکێکە لە چەمکەکانی شانۆی سرووشتی, واتاکەشی:

ئەگـەری هـەبوونی دیـوارێکی خەیاڵییـە کـە بینـەران لـە میانییـ رووداوەکـانی سـەر تەختـەی شـانۆکە دەبیـنن هـەروەکو بلێـی راسـ بێت.

**رووناکییەکانی خوارەوە (پێشەوەی شانۆ)**

**اضاءة سفلية FootLighting**

رووناکییەکەلـەو گلۆپانـەوە پـەخش دەبێـت, کـە بەسـتراون بـەلێوا سەکۆی شانۆکەوە.

**رووناکی گوشاد (بەربلاو) الاضاءة الغامرة FooldLight**

رووناکییەکە رووبەرێکی فراوان دەگرێتەوە و بە یەك تەوژم و بیٚ زیاد و کەم.

**رەوشەنکاری چاودێر كشاف متعقب Follow Spot Light**

رووناهییـەکی جـەخت کـراو دەخاتـە سـەر ئەکتـەرێك و لەگـەڵ جوڵ چالاکییەکانیدا دەبزوێت و رەدووی دەکەوێت.

**کارەکتەری جیاوازگەریی   شخصية ستارية   Foil**

کارەکتەرێکە کە بنووس سیمای دیار کراوی پێدەبەخشێت, پاشان لە بەرامبەریدا کارەکتەرێکی دی دەخولقێنێت وەلێ خاوەن سیمایێکی جیاوازتر, بەمەش سیمای کارەکتەری دووەم لە رێی جیاوازییەکانەوە لە سیمای یەکەم جیا دەکرێتەوە.

**هاوسەنگیی شێوەیی   الموازنة الشكلية   Formal Balancing**

هاوسەنگیی نێوان شێوەکانی سەر سەکۆی شانۆکەیە.

**فۆرمالیزم, شێوەخوازیی   الايحائية– الشكلية   Formalism**

رەوتێکی شانۆییە زیاتر بایەخ بە فۆرم و ستاتیکا دەدات وەك لە لایەنی مەوزوعی یان هزریی دیارە کە رێڕەوی (هونەر لە پێناوی هونەردا)ش باوترین نموونەی ئەم رەوتەیە کە پێچەوانەی رێبازی ریالزمییە.

**فۆلیۆی شەکسپیر   الفوليو الشكسبيري   Folio (Shakespeare)**

مەبەست لە کۆی بەرهەمە شانۆییەکانی شەکسپیرە کە لە ساڵی (1623)دا لە دووتوێی کتێبێکدا بلاو کرانەوە.

**بەرچاوگەی شێوازبەندیی   المنظر الشكلي   Formal Scene**

بەرچاوگەیێکی ساکارە دەسەر شانۆدا دروست دەکرێ و واتایەکی گشتگیریی دەبەخشێت بۆیە بە درێژایی شانۆگەرییەکە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.



**وەستان   تجميد الموقف   Freeze**

دەستبەردار بوونی ئەکتەرە لە بزاڤ بۆ ماوەیێکی دیار کراو
تایبەتیی لەو ساتەی کە بینەر دەست بە چەپڵە لێدان دەکات.

**قووچەکی فرایتاگ   هرم فريتاج   Freytags Pyramid**

رەخنەگری ئەڵمانی ۆستاف فرایتاگ (1816– 1895)لە کتێبەکە
(Die Technikdes Drama) (تەکنیکی شانۆ) پێی وایە کە بی
دراماتیکیی هەر مەرگەساتێك پێکهاتووە لە پێنج بەشی پ
قووچەکیی کە هەڵدەکشێ و دەگاتە تەشق, و ڤێجا دادەکشێتەوە.

**ئایندەخوازیی   المستقبلية   Futurism**

بزاڤێکی هونەریی و وێژەیی نوێیە لەسەر دەستی شاعیر و بنووس
شانۆیی (فیبلۆ تۆماسۆ مارینتی) لە ئیتالیا و لە ساڵی (1909
دامەزرا. ئەم بزاڤە رۆڵێکی مەزنی هەبوو لەبۆ فەراژی کردنی بز
وێژەیی و هونەرییەکانی ئەوروپا وەکی گوزارشت خوازیی و س
ریالیزم وهتد. کاریگەرییشی بۆ سەر شانۆ لە خێرا گۆڕ
بەرچاوگەکان و دەنگە هێکراییەکان و چتی تردا بەرجەستە دەب
بێسو لە شانۆی (سی)یەکاندا ئایندە خوازیی کاراتر بووە بەتایبە
لە شانۆگەرییەکانی (براندیلۆ) و لەسەر (هزری مایکۆڤسکی)دا.

**باری پشت لێکردنی تەواو   الوضع الظهري الكامل   ull- Back Position**

کاتێکە کە ئەکتەر تەواو پشت لە بینەر دەکات.

**باری (لا) لێکردنی تەواو   الوضع المجانبة الكامل   ull- Front Position**

ئەو ساتەیە کە ئەکتەر تەنیا یەك لای بە تەواوەتی دەداتە بینەر.

**باری رووتێکردنی تەواو  وضع المواجهة الكامل  Full- Side Position**

کاتێکە کە ئەکتەر بە تەواوی روو لە بینەر دەکات.

# G



**کێشاك                ومأة               Gesture**

بزاڤێکە تەنی ئەکتەر وەکی شێوازێکی گوزارشتکاری واتا بەخ

ئەنجامی دەدات.

**کۆمیدیای نیان          ملهاة التظرف       Genteel Comedy**

چەشنە کۆمیدیایێکە لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدە لە ئینگلتە

سەری هەڵداوە, ئەم (کۆمیدیا)یە جەختی لەسەر رەفتار و هۆکارەک

زێدەڕۆیی لە نەرم و نیانیی کەسێتییەکان کردووە, هەروەها لەسەر

دەستیی باری سۆزداریی.

**رووناکی تەواو          اضاءة تامة          enrralLighting**

ئاراستە کردنی رووناکییەکی ئاسایی وهاوسەنگە, مەبەست

لەمەدا تەنیا رووناك کردنەوەیە و هیچی تر.

**جێلاتین                    جلاتينة                    Gelatine**

ماکێکی دیودەر و رەنگدارە دەچەسپێنرێتە قەد. گلۆپەکان بۆ ئەو

هەمانگ رەنگ ببەخشێت.

**شانۆگەرییەکانی تارمایی    مسرحيات الاشباح   Ghost Plays**

شانۆگەرییەکە تاپۆی تێدا بەکار دەهێنرێت. بڕوانە (هاملێت).

**بەخشین, بواردان        التفاسح        Give**

هەندێك جار ئەكتەر دەسەر شانۆدا بە جۆرێك دەبزوێت تاكو بوار بە ئەكتەرێكی دی بدات بۆ ئەوەی ژایوارێك (وچع)ی گرنگ وەربكرێت.

**چەرخی زێڕینی   العصر الذهبي الاسباني   GoldenAge(Spain)**

بەو رۆشنگەرییەیە دەوترێ لە ناوەندی سەدەی (16)هەمەوە تاوەكی كۆتایی سەدەی (17)هەم باڵی بەسەر ئیسپانیادا كێشابوو. لە شانۆنووسەكانی ئەو سەردەمە لۆب دی فیگا (1562 – 1635), تیرۆز دی مۆلینا (1584 – 1648).

**چاودێری دەرگای شانۆ**

**مراقب باب قاعة المسرح   Grorge-Stage-doorGesture**

كەسێكە لە دەرگای هۆڵی شانۆكەدا دەوەستێت و چاودێری دەكات.

**خەپكە, تۆڕ   الشواية   Gridiron**

مەبەست لەو میچە بەرزەیە كە دەكەوێتە سەرووی بۆشایی سەر سەكۆی شانۆكە, كە بە شێوەی تۆڕە.

**شانۆی تۆقاندن   مسرح الترهيب   Grand Guignol Theatre**

زاراوە ئینگلیزییەكە لە بنەڕەتدا فەرەنسییە و لە نێوی شانۆیەكی پاریسەوە وەرگیراوە, ئەم شانۆیە لە ساڵی (1879)دا لە (مۆنمارتەر)دامەزراوە, نمایشتەكانشی بریتی بوون لە شانۆگەری كورت كە هەوڵی ترساندن و زەهلە بردنی بینەریان دەدا.

**كۆمیدیای نائاسایی   ملهاة جرتسية   Grotesque Comedy**

ئەو پاژە ناواقیعیی و سەیرەیە كە دەبێتە مایەی پێكەنین یان حەپەسان.



**گروپ, دەستە   طاقم   Grew**

ئەو كۆمەڵە كارمەندەن كە لەسەر سەكۆی شانۆدا ئەركی خۆی ئەنجام دەدەن.

**پێكهێنانەكان, رێكخستنەكان   التشكيلات   roupings**

رێك خستنی دۆخ و شوێنی ئەكتەرەكانە دەسەر شانۆدا.

**نەخشەی سەر تەختەی شانۆ   خريطة ارضية الخشبة   Ground Plans**

نەخشەكارییەكە لەبۆ شوێن و رێگای دانانی بەرچاوگە, و رووناه و بزگوڕ و چتی تر بەكار دەبرێت.

**فارگۆنی قاتی زەوی   المقصورة   Ground- Floor Box**

ژمارەیەك كورسییە لە قاتی خوارەوە (زەوی)ی هۆڵی شانۆكەدایە.

**شانۆگەریی سەندیكایی   مسرحية نقابية   Guild Play**

ئەو شانۆگەرییانە بوون كە لە سەدەكانی ناوەڕاست لە ئەورو سەندیكاكان لە بەرهەمهێنانیاندا بەشدار دەبوون وەكو: سەندیك پیشەسازان.. سەندیكای بازرگانان و...هتد

# H

**هەڵەی تراژیك  الخطأ المأسوي  *Tragicflaw *Hamartia**

ئەرستۆ لە (هونەری شیعر)دا ئەم زاراوەیەی بەکار بردووە..بەو مانایەی کە هەڵەی تراژیدی دەبێتە هۆی بەدبەختیی (پاڵەوان), کە دەکرێ ئەوەش بگەڕێنینەوە بۆ چەند سۆنگەیێك:

بڕیار دانێکی ناپەسەند و هەڵە, ئیدی گەر بەهۆی نەفامی بێت یا بە هۆی کەم و کوڕییەکی سرووشتییەوە بێت.

دەشێ بەهۆی لاوازییەکی بوومـاوە (وراپی)یەوەش بێت (هەڵەی تراژیك) لە (ئۆدیب)ی (سۆفۆکلیس)دا دەکرێتە دوو بەشەوە

بەهۆی هەڵەشەیی باوکی خۆی کوشت.

پاشان بەهۆی نەفامی و نەزانییەوە دایکی خۆی مارەکرد.

**کۆتایی شاد,( خۆشنوود)  النهایة السعیدة  Happ Ending**

ئەو دوا ئاکامەیە کە کەسێتییە هاوسۆزەکانی بینەر بە ئەنجامی دەگەن و دەبێتە چارەسەری قەیرانەکان.

**قۆشمەگەریی  التهریجیة  Harle Quinade**

بەزمەساتێکە باس لە دوو گەنج دەکات (هاریلکۆین و کۆڵەمبین) کە لە ڕێی تەلیسم و جادووەوە لەدەست زەبر و زۆرو چەوساندنەوە خۆیان قوتار دەکەن و هەڵدێن, ئەم جۆرە شانۆییە تێکەڵەیەك بووە لە مۆسیقا و جوڵەی بێدەنگ و گۆڕان لە کارەکتەرێکەوە بۆ یەکێکی تر..

**کەرەستەی شانۆیی**

**حداید مسرحیة- ادوات مسرحیة  Hardware Theatre**



ئـەو کەرسـتانەن کـە لـە کـارە شـانۆییەکاندا بـۆ بونیادنـا

دروستکردنی دیکۆر, و چتی تر بەکار دەبرێن.

**پاڵەوان (کچە پاڵەوان)  البطل البطلة  Hero (Heroine)**

ئـەو کارەکتەرەیـە کـە زێـتر جـەختی لەسـەر دەکرێـت و جێـی بای

پێدانی بینەرانە.

**تراژیدیای پاڵەوانێتیی  المأساة البطولیة  eroic Tragedy**

لـە (ئینگلتـەرا)دا گەشـەی سـەندووە (1664– 1678) و لـە ژ

کاریگەریی شانۆی کلاسی فەرەنسییدا بووە. بابەتەکانی ئەم چەش

مەرگساتەش پەیوەستن بە خۆشەویستیی و ئابڕووەوە.. کەسێ

سەرەکیی دووچاری ململانێیەکی سۆزداریی دەبێت و لەسەرێتیی

لە نێوان خۆشەویستیی و ئابڕوومەندییدا هەڵبـژاردنێك بسازێنێ

داڕشتنی ئەم جۆرە تراژیدیایە داڕشتنێکی شیعرییە.

**درامای مێژوویی (دیرۆك)  اتلدراما التأریخیة  istorical Drama**

شـانۆگەرییەکە بابەتـەکانی لـە دیرۆکـەوە وەردەگیرێـت سـەبار

پابەنـدبوونش بـەوەی ئـاخۆ نووسـەر سەربەسـتە لـە بـەکار هێنـ

ئەندێشـە و خـەیاڵ؟ ئـەوە هەنـدێك لەسـەر ئـەوە ڕێککـەوتوون کـە دە

هێڵـە گشـتی و سـەرەکییەکان وەکـی خۆیـان بمێننـەوە واتـا بـ

دەستکاریی وەلیٚ بەشێکی دیش ئازادییەکی تەواو بە نووسەر دەدە

**تراژیدیای باڵا  المأساة الراقیة  High Tragedy**

ئەو شانۆگەرییەتراژیدییەیە کە لە رووی فۆرم و بونیادەوە دەگاتە بەرزترین و مەزنترین جۆرەکانی خۆی.

**کۆمیدیای مەزن, بەرز   الملهاة الراقية   High Comedy**

بەزمەساتێکی سەلارە.. شێلگیر ئامێزە و دەبێتە مایەی پێکەنینێك کە سەرچاوەکەی هزر بێت.

**شانۆگەریی ترس   مسرحية مفزعة   Horror Play**

شانۆگەرییەکە بینەر دووچاری ترس و تۆقاندن دەکات.

**ناوچەی گەرم   منطقة متوهجة   Hot Spot**

پاژێکی تەختەی شانۆیە کە رووناکییەکی جەختی لەسەر بێت.

**درامای مرۆیی   الدراما الانسانية   Humanist Drama**

درامایەك بوو بە زمانی لاتینیی (16و 17 پ. ن) لە خوێندنگە مرۆییەکان دەناڤەندی ئەوروپادا پێشکەش دەکرا, بابەتەکانشی لە کتێبی پیرۆز, چیرۆکەکانی و سەردەمی گریك, و رۆمانییەکانەوە وەردەگیران.. مەبەستیش لەمە راهێنانی خوێندکاران بوو لەسەر زمانی لاتینیی.

**گاڵتە و گەن   الفكاهة   Humor**

هەر چتێك کە دەبێتە سۆنگەیێك بۆ پێکەنین, یا بزە.

**لەخۆبایی بوونی پاڵەوان   الاستعلاء   Hy Bris**



فیززیی و خۆ بەگەورە زانینی پاڵەوانەکەیە کەوای لێدەکات کەوشـ
داب و نەریت ببەزێنێت یا یاساکانی خواوەند فەرامۆش بکات. ـ
کارەش زۆر جار خاوەنەکەی رووەو فەوتان دەبات.

# I

**درامای ناشەرعیی** **الدراما المخلوطة** **Illegitimate Drama**

ئەو نمایشتانەبوو کە ستران و مۆسیقایان تێدا بەکار دەهێنرا ئەویش بە مەبەستی خۆ قوتارکردن بوو لە یاساکانی پاشایەتیی چونکە ئەو سەردەمە (1660– 1843) یاسای پاشایەتیی لە (لەندەن)دا رێی بە هەموو نمایشتێك نەدەدا.

**بەهەڵە بردنی دراماتیکی** **الایهام الدرامي** **Illusion, Dramatic**

دەستبەسەرا گرتنی هەستی بینەرە ئەویش بە چەشنێك ئەنجام دەدرێت کە هەست بە راستێتیی رووداوەکانی شانۆگەرییەکە بکات و وابەستەی رووداو و کارەکتەرەکان بێت.

**بەکارەکتەر بوون (چوونە ناخی کەسێکی دی)** **تشخیص** **Impersonate**

توانستی ئەکتەرە هەندێکجار وا لە بینەر دەکات کە هەست بە بوونی ئەکتەر نەکات بەڵکو وای بە ئەندێشەدا بێت کە ئەوەی دەیبینێت جگە لە کەسێتییەکی راستەکیی هیچی تر نییە.

**سەرپێی کاتی، گوزارەکردنی کاتی** **الارتجال المؤقت** **Improvisation**

بزاوتێکە یان دیالۆگێکە لە کاتی نواندندا دێتە ئاراوە و لە سکرپتەکەدا چ بوونێکی نییە.

**کاریگەر خوازیی** **الانطباعیة** **Impressionism**



وێنا کردنی کەسێتیی یا رووداوەکانە لە میانی هەڵوێس
کەسێتییان و ئارەزووی(خود)ەوە لە ساتێکی دیار کراودا. ئەم زاراو
لە بواری وێنەکێشانەوە هاتووەتە جیهانی شانۆوە لە بنووس
ناودارەکانی (مۆریس مترلنك 1862– 1949)ی نەرویجیی.

**لاسایی کاریی** **المحاکاة** **Imitation Mimesis**

1– ئەفلاتۆن لەبەر ئەوە سەر زەنشتی شاعیرانی دەکرد چو
لاسایی ئەو سروشتە دەکەنەوە کە خۆی لاسایی نموونە و رەها
بۆیە ئەو هۆزانڤانانە دوو قۆناغ لە واقیعەوە دوورن. وەلێ (ئەرس
بەر هەڵستی بۆچوونەکەی (ئەفلاتۆن)ە و پێی وایە وان لاسایی کا
رووالەتەکان نین بەڵکو بەپێچەوانەی دیرۆك نڤیسەکان کە مامەڵە لەگ
کەوشەندارە تایبەتییەکان دەکەن، ئەمان لاسایی سرووش
گەردوونییەکە دەکەنەوە هەر بۆیە هونەر رێڕەوی لاسایی کار
هونەرییە کە پابەندی سەرجەم لایەنەکانی سرووشت نابێت.

2– بە بەسەر چوونی رۆژیار (لاسایی کاریی) چەمك و پێناسەی
جیای لەخۆ گرت، بۆ نموونە رۆمانییەکان پێیان وابوو لاسایی کار
واتا لاسایی کردنەوەی کارە وێژەییەکانی بەر لە خۆیان هەرو
کلاسییە فرەنساییەکانش خاوەن هەمان بیروبۆچوون بوون.

3– نووسەری ئینگلیزی ئەلیکسەندەر بۆب (1688– 1744) پ
وابوو کە لاسایی کردنەوەی دێرینان لاسایی کردنەوەی سرووش
خودی مرۆڤە، چونکە ئەوان– دێرینان– بنەماکانی ئەم سرووشتە
دۆزیونەتەوە و وایلێکردوون ئەو هەموو بەرهەمە جاویدانە بنووسنە

4– بنووسانی (رۆمانتیك)ش چەمکێکی تریان بە لاسایی کا
بەخشی ئەویش ئەوەیە کە پراکتیزە کردنی هونەریی بریتییە

(خستنە ڕوویەکی نموونایەتی ژینی مرۆڤایەتیی). لەگەڵ سەرهەڵدانی هەردوو میتۆدی ڕیالیزمی و سرووشتگەریدا چەمکی ئەم زاراوەیە ڕوون بووەوە کە وێنا کردنێکی ڕاستەکییانەی ژیانی مرۆڤایەتییە. بێگومان حاڵی حازر واتای لاسایی کاریی چ گفتوگۆ و لێدوانێك ناووڕوژێنێت جگە لە بۆچوونەکانی ئەرستۆش شتێکی ئەوتۆ بە هزری توێژەردا نایات.

**ئاخنین** **تحشير** **Inter Polation**

وشەیەکە یا ڕستەیەکە دەخرێتە سەر تێکستەکە.

**دەسپێکی شانۆیی** **الاستهلالة التمثيلية** **Induction**

زاراوەیەکە لە چەرخی ئەلیزابێسیدا گەشەی سەندووە و بەو پێشەکییە یا دیمەنە شانۆییە وتراوە کە شانۆگەرییەکەی پێ کراوەتەوە.

**ڕووداو (هەنگامە)ی دراماتیك** **حادثة درامية** **Incident, Dramatic**

ئەو قەیرانەیە کە کارەکتەرە شانۆییەکان دەیهێننە ئاراوە و دەبێتە مایەی بزاوتنی دراماتیکی و کردەی شانۆیی.

**ڕووناکی تیان (ناڕاستەوخۆ)** **اضاءة غير مباشرة** **IndirectLighting**

ڕووناك کردنەوەی دیمەنێکە لەڕێی دەروشێنەرێکەوە بەم شێوەیە ئەو تیشکانەی لە گڵۆپەکانەوە ئاراستە دەبن ڕاستەوڕاست ناکەونە سەر دیمەنەکان.



**ساتی دنەدان** **لحظة الدفع** **nciting Moment**

ئەو ساتەیە کە فاکتەرەکانی ورووژاندن کار لەسەر برەو پێد
ڕووداوەکان دەکەن.

**ناچارەکییەتیی** **الحتمية الدرامية** **Inevitability**

هەستێکە و ڕووداوە شانۆییەکان دەناخی بینەردا دەیخوڵقێن
وایان لێدەکات پێشبینیی ئەوە بکەن کە پێویستە ڕووداوەکان
داهاتوودا بە پێی بناغەیێکی بەرداوی لۆژیکی بە دوای ڕووداوەک
پێشووترەوە بن.

**هەمەجۆریی دەنگ** **التلوين الصوتي** **Inflection**

هەمەجۆر کردنی پلەکانی دەنگی ئەکتەرە لە ساتی نواندا.

**مۆسیقای لاوەکیی** **الموسيقى العرضية** **ncidental Music**

ئەو مۆسیقایەیە کە بەتایبەت بۆ شانۆگەرییەك دادەنرێت وە
شتێکی جەوهەریی نێو ڕووداوەکان نییە.

**مەودا, باخوەر, دۆژ** **فاصل اضافي تمثيلي** **nteriude**

سەرچاوەی وشە ئینگلیزییەکە لاتینییە و ئەم دوو خاڵەی خوار
دەگەیەنێت:

کورتە شانۆییەکە (کۆمیدی بێت یان شێلگیریی) بە مەر
ئامانجێکی زانستیی هەبێت.

لە هەردوو سەدەی پازدە و شانزەدا ئەم چەشنە لە ئینگلتەرادا
تەنێ پێشکێش دەکرا.. هەندێك جارش لەگەڵ شانۆگەر

درێژخایەنـــدا نمایشـــت دەکـــرا ئـــەویش لـــە مـــاوەی پشـــووی شانۆگەرییەکەدا.

**بەرچاوگەی ناوەکیی منظر داخلي Interior Scene**

پێچـەوانەی بەرچـاوگەی دەرەکییـە کـە ئەمیانـە ناومـاڵ، پێشـخانە، ژووری دکتۆر، و چتی تر نیشان دەدات.

**پەیمانگای شانۆی نێو دەوڵەتی**

**المعهد المسرحي الدولي International Theatre Institut**

سـەنتەرێکە لـەبۆ تـاوتوێ کردنـی سـتایلە شـانۆییەکان لـە سـاڵی (1947) لـە ژێـر چـاودێریی (یۆنیسـکۆ)دا دامـەزرا و بارەگاکەشـی لـە پاریسـە. سـاڵانە لـە پایتـەختی وڵاتـانی جیهـان کـۆنفرانس و سمینـار دەبەستێت.

**تەوسی دراماتیك المفارقة الدرامية Irony, Dramatic**

لەڕاســتییدا زاراوە ئینگلیزییەکــە فــرە ڕەهەنــدە و واتــا گــەلێك دەبەخشێت. وەلێ مەبەستی ئێمە بوارە دراماتیکییەکەیە. مەبەست لە تەوسـی درامـاتیکی ئـەو زانیاریانەیـە کـە بینـەر لەمـەڕ ڕووداوەکانـەوە دەیـانزانێ و بـێ ئـەوەی هەنـدێ لـە کارەکتـەران بیـزانن یـاخود بەپێچەوانەی زانیارییەکانیانـەوە بێت. ئەمـەش خـۆی لەخۆیدا چەشنە بێ مانابیـەك لـە لای کارەکتـەر درووسـت دەکـات و وای لێدەکات کـە بـە تەوسی چارەنووسی لە قەڵەم بدات، بۆ نموونە:



1–ئۆدیـب بـەڵێنی ئـەوە دەدات کـە تۆڵـە لـە بکـوژی بـاوکی خـ

بسێنێتەوە کەچـی هـەر خـودی خـۆی بکوژەکەیـە. (ئۆدیـب و زۆرین

کەسێتییەکان لەم ڕاستییە بێ ئاگان وەلێ بینەر دەیزانێ)

2–ئۆدیـب (ترزیـاس) بـەوە تاوانبـار دەکـات کـە گوایـا داوێـن پیـ

کەچی لە کۆتاییدا پێچەوانەی ئەوە ئاشکرا دەبێت (بینـەر دەزانێت

ئۆدیب خۆی داوێن پیسە).

# J

**درامای جێمز (یەعقوب)یی   الدراما اليعقوبيه   Jacobean Drama**

وشەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جێمزی یەکەم شای (ئینگلتەرا– 1603– 1625) کە تاوەکی ساڵی (1642) درێژە دەکێشێت شەکسپیر لەو ڕۆژیارەدانایابترین بەرهەمانی نووسیوە.

**یەکەم لاو   الفتى الاول   Jeune Premier**

بنەڕەتی زاراوەکە فەرەنسییە، و بەو گەنجە دەوترێت کە لە شانۆگەرییەکدا ڕۆڵی سەرەکیی دەبینێت.

**کایە   الجيغ   Jig**

نمایشتێکی شانۆیی بوو زێتر پاش تەواو بوونی شانۆگەرییە سەرەکییەکە پێشکەش دەکرا..

**بەزم سازە گەڕیدەکان   الفاكهون الجائلون   Jongleurs**

کۆمەڵێك ئەکتەری بەزمەسازی گەڕیدە بوون. لە سەدەی شازدەوە تاوەکی کۆتایی چەرخەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپادا گەڕاوون، و لە



گۆڕەپان، و بازاڕ، و مۆتێل، و کۆشکی دەوڵەمەنداندا نمایشتی خۆ
کردوون.

**دەستەی هەڵسەنگاندن   لجنة التحكيم   Jury**

دەستەیەکەلەفیستیڤاڵەکاندا پێکدەهێنرێت، ئەرکی ئەم دەستەیە
هەڵسەنگاندنی نمایشتە شانۆییەکانە.

**پەڕاندن   التفليت   Jump**

کاتێکە کە ئەکتەرێك چەند دێرێك لە دیالۆکەکانی خۆی بپەڕێنێت
ئەویش بەهۆی لەبیرچوونەوە یا چاك لەبەر نەکردنە.

# K

**درامای کابوکی    الدراما الکابوکیة    Kabuki Drama**

ئەو دراما ستران ئامێزە سەماکارییەیە کە لە ساڵی (1596)دا لە ژاپۆن    سەری هەڵدا و لە ناوەندی سەدەی نۆزدەدا گەشەی سەند.

تایبەتمەندییەکانی ئەم درامایەش بریتیین لە:

1-بەکار نەبردنی دەمامك.

2-زێدەڕۆیی لە گوزارشت و هێما کردن.

3-ئاڵۆزکردنی گەڵاڵە (الحبکە).

4-توند ڕەویی لە دیمەنە کاریگەرەکاندا.

5-درێژیی کات کە هەندێك جار ڕۆژێکی تەواوی دەخایاند بنچینەی (کابوکی) دەگەڕێتەوە بۆ سرود (گقس)ی ئاینە کۆنەکان.



# L

**شانۆی کرێکاران    مسرح العمال    Labor Theatre**

چالاکییەکی شانۆییە گوزارشت لە کێشەکانی چینی کرێکاری و
سەرمایەدارەکان دەکات.

**نمایشتی گاڵتەجاڕیی    تمثیلیة اقذاع    Lam Poon**

جۆرێکە لە شانۆی گاڵتە پێکردن و لێکۆڵینەوە, هەمیشەش سەرک
و تۆمەتباری کەسێك دەکات.

**تاقیگەی شانۆیی    المعمل المسرحی    aboratory Theatre**

ئەو شوێنەیە کە ئەکتەر و کارمەندە شانۆییەکان ڕاهێنانی تێدا دەک
و هەروەها ئەزموون و توێژینەوە سەبارەت بە پێشخستنی شانۆی ت
پێشکەش دەکرێت.

**درامای ڕێ پێدراو    الدراما الخالصة    gitimate Drama**

1–مەبەست لە دوو چەشن درامایە کە (کلاسی)یەت جگە لەو دووانە دان بە هیچی تر نانیّ.

أ–مەرگەساتی ریّ پیّدراو.

ب–بەزمەساتی ریّ پیّدراو.

2–مەبەست لەو شانۆگەرییەیە کە ئەکتەر بە تەنیّ رۆڵی تیّدا دەبینیّ بە مەرجیّ (وشەکان) تاقە ریّگەی ئەو رۆڵ بینینیەبن.

3–لە سەردەمی دیّریندا– و هەندیّ جار لە نڤارشدا بەو پاژە شانۆییە دەووترا کە لە ئاستیّکی ویّژەیی بەرزدا بووە.

### درامای نەریتە ئاینییەکان   الدراما الطقوسية   Liturgical Drama

مەبەست لەو شانۆگەرییانەیە کە لە سەدەی دووازدە و سیازدە لەسەرجەمی کلّیساکانی ئەوروپادا نمایشت دەکران.

### درامای ویّژەیی   الدراما الادبية   Literary Drama

1–ئەو شانۆگەرییانەن کە لە ئاستیّکی بەرزدان.

2–ئەوانەی کە تەنیا بۆ خویّندەوەن.

### رۆژنامەی زیندوو   الجريدة الحيّة   Living News Paper

زنجیرەیەك دیمەنی کورتە, بایەخ بە خستنە رووی رووداو و قەیرانە گەورەکانی سەردەم دەدات کە بیروهۆشی هەموانی قاڵکردوون.

–بۆ یەکەم جار لە (روسیا) لە ساڵی (1920)دا هاتە ئاراوە, ڤیّجا رووی کردە چەند وڵاتیّکی دی.

–دواتر بەهۆی شانۆی هاوچەرخەوە فەرامۆش کرا.



### رووناکی شانۆیی   الاضاءة المسرحية   ...ghting Stage

مەبەست رۆشن کردنەوەی تەختەی شانۆیە لە ریّی بەکاربرد... رووناکییە دەست کردەکانەوە

1– لە شانۆی یۆنانی و رۆمانییدا (هەتاو) سەرچاوە رووناکی بو... وەلیّ لەسەردەمی (ئەلیزابیسی) دا کاتیّك کە شانۆ میچی بۆ دروست... دەبوایە لە دووابەشی شانۆییەکەدا مەشخەڵیان بەکار بهیّنایە چو... ئەو بەشە شەوی بەسەر دەهات بەتایبەتی لە زستاندا کە نمایشت... دوای کاژیّر دوو یاسیّی نیوەڕۆ دەستی پیّدەکرد.

2– لە سیّپتەمبەری (1817)دا یێکەم شانۆی ئینگلیزی بە (گ... رووناك کرایەوە ئەویش شانۆی (Drurt Lane) بوو

3– لە ساڵی (1879)دا بۆ یێکەم جار لە (ئەمریکا) ئەلکتریك ل... رۆشنکردنەوەی شانۆ بەکار هیّنرا.

### شانۆچکە   المسرح الصغير   Little Theatre

شانۆیەکی چکۆلانەیە زیّتر شانۆخوازان لەبۆ ئەزموونە شانۆییەکا... بەکاری دەهیّنن.

### کۆمیدیای روون   الملهاة الخفيفة   Light Comedy

ئامانجی خۆشنوود کردنی بینەرە, و زیّدەرۆیی لە ویّنا کرد... کارەکتەرەکان ناکات, هیّندەش بایەخ بە فەلسەفەی رووداوەکان نادا...

### کۆمیدیای نزم   الملهاة الهابطة   Low Comedy

کۆمیدیایەکە بینای, یا بیرۆکەکەی سەرەتایی بێت, یاخود کۆمیدیایەکە کە لە ئاستێکی نزمدا بێت و تێیدا هەراگەریی و رەفتاری دزێو و قۆشمەگەریی نمایشت بکرێت.

**ناوچەیی المكانية Locale**

ئەو دەڤەرەیە کە دەبێت رووداوەکانی شانۆگەرییەکەی لیٚ روودەن.

**نەخشەی رووناکی خريطة الاضاءة Light- Plot**

ئەو نەخشەیەیە کەبۆ سەر تەختەکە و چەند شوێنێکی دی ریٚ و جێی رووناکییەکانی لەسەر کێشراوە.

**بزاڤی شانۆچکەکان**

**المسارح الصغيرة, حركة Little Theatre Movement**

ئەم بزاڤە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدا بۆوەی دنەی نووسینی شانۆگەریی هاوچەرخ بدات لە هەر یەك لە (فەرەنسا, ئینگلتەرا, ئێرلەندا). پاشان شانۆچکەکان لە بۆستن, و نیویۆرك, و شارەکانی دی ئەمریکا, و ئەوروپا سەریان هەڵدا.

**هۆڵ بهو المسرح Lobby**

هۆڵێکە بینەران بەر لەوەی بچنە نمایشتگاکەوە لێی دادەنیشن.



# M

**ئارایشتکاریی مكيجة, فنية التنكر Making- Up**

گۆڕینی رۆڵەتی راستەکیانەی ئەکتەرە لە ریٚی بەکارهێنانی بۆی
رەنیدی جیاجیاوە.

**ئامێرە شانۆییەکان الالات المسرحية Machinery**

1–ئەو چەند ئامێرە بوون کە لە شانۆ دێرینەکاندا بە مەبەستی بوو
خوداوەندێك یا هێزێکی سروشتبەدەر (خارق) بەکار دەبران.

2–تەواوی ئامێرە شانۆییەکان.

**چرای ئەفسوناوی الفانوس السحري MagicLantet**

له داهێنانی (کێرشر)ی نەمسایيە, ئەم چرایە بریتییە لە سنوقێك کە هاوێنەیەکی تێدایە. پاش داگیرساندنی رووناکییەکی جەخت دەبەخشێت.... هەروەها لە ڕێی ئەم چرایەوە دەتوانرێت چەند وێنەیەك لەسەر دیمانەیەکدا نمایشت بکرێت.

**کۆشکەکان الاکشاك المنظرية Mansions**

دیمەنی چەندەکیی (متعددە) و هەمە چەشن بوون لەبەردەمیاندا شانۆگەرییە ئاینییەکانی چەرخەکانی ناوەڕاست و چەرخی ڕاپەڕین پێشکەش دەکران.

**درامای دەستە جەمعیی دراما الدور الجماعي Mass Drama**

شانۆگەرییەکە تێیدا رۆڵی سەرەکیی لەلایەن کۆمەڵێك ئەکتەرەوە بەرجەستە دەکرێت.

**دەمامك, رووبەند القناع Mask**

پۆشاکێکی کێشراوە دەم و چاوی ئەکتەری پێ دەشاردرێتەوە تا هێما و رووالەتی دی ببەخشێت.

**سکرپت, روونووسی شانۆگەریی**

**نسخة المسرحية Manu Script (Scrip)**

دەقی شانۆگەرییەکە کە لە چاپ نەدرابێت.

**شانۆگەریی ئامێر مسرحية الحيل الالية Machino Play**

ئەو شانۆگەرییانەن کە لە سەدەی حەڤدە و لە (ئەوروپا)دا لە ڕێی ئامێرەکانەوە چەندین ئیفێکتیان تێدا ئاخێنراوە, وەکو: فڕینی ئەکتەر,



دەرکەوتنی فریشتەکان یاخود لابردنی بەرچاوگە و پارچەکانی دیک
بە چەشنێکی سەرسوڕهێنەر لە بابەت ناوەڕۆکیشەوە زیاتر
ئەفسانەکانەوە سەرچاوەیان دەگرت.

**ماریڤۆدەیگ الماريفوية Marivoudage**

شانۆگەرییەکانی بنووسی فەرەنسیی ماریڤۆ (1688– 763
ستایلێکی هونەریی جیاواز و دەستندەیان هەبوو تا ڕادەیێ
نووسەرانی دی لاساییان دەکردنەوە. جیهانی شانۆگەرییەکانی
ڕادەیێك سازگار و ئابڕومەند بوو, کارەکتەرەکانیش خۆش خوو
گاڵتەجاڕ بوون.

**ماسکارا المسكرة Mascara**

گیراوەیەکە لەبۆ رەنگکردنی مژۆڵ و برۆکان بەکار دەبڕێت.

**نمایشتی پاش نیوەڕوان العرض النهاري Matinee (Mat)**

نمایشتێکە کە پاش نیوەڕوان دووجار پێشکێش بکرێت.

**نمایشتی دەمامکەکان تمثيليات الاقنعة Maske, Mask**

نمایشتێکی خۆشگەرییە کۆمەڵێك ئەکتەری (دەمامك)دا
ئەفسانەیی نمایشتی دەکەن ئەم چەشنەش لە تێکستێکی (شیعری
مۆشیقا, و سەما, و ستران, و فێڵە شانۆییەکان) پێکدێت.
یەکەم نمایشتی (دەمامکەکان) لە ساڵی (1512) و لە ژێر چاودێر
(هنری) پاشای هەژدەهەم لە ئینگلتەرادا نمایشت کراوە.

**فیستیڤاڵی مالڤێرن مهرجان مالفين Malvern Festival**

فیستڤاڵێکی ساڵانەی شاتۆیە لە باژێری (ماڵڤێرن) لە ئینگلتەرادا سازێنراوە, ئەم فیستڤاڵە تەنیا لەبۆ شانۆگەرییەکانی (برناردشۆ) تەرخان کرابوو, لەگەڵ ئەوەشدا چەندین شانۆگەریی دەگمەن و بە نرخی سەردەمە جیا جیاکانی تێدا پێشکەش کراوە.

**خواوەندی مەرگەسات میلبومینة Melpomene**

یەکێکە لەو خوداوەندە خوشکانەی کە ستران, و هۆزان, و هونەر,و زانستەکان دەپارێزن- میتۆلۆژیای گریکیی.

**دراماى چەرخی ناوەڕاست**

**العصور الوسطی, دراما Medieval Drama**

بەو شانۆگەرییە ئاینیی و نائاینییانە دەوترێت کە لە چەرخی ناوەڕاستدا (لە سەدەی یانزەوە تا نزیکەی نیوەی سەدەی شانزەهەم) لە ئەوروپادا نمایشت دەکران گەرچی کلێسا لە سەرەتاوە دژایەتی شانۆی رۆمانیی دەکرد و لە ئاکامدا لە نێویشی برد... وەلێ لە سەدەی دەیەمدا جارێکی دی سەری هەڵدا و بۆ وەی کورتە شانۆیی ئاینیی بەرهەم بێنێت بێگومان ئەم دەسکەوتەشانۆییەیەش بە کۆ بەرهەمێکی شەرعیی کەشە ئاینییەکان دەژمێردرێت کە لە کلێسا کاریان لەسەر دەکرا. لەبەراییدا ئەم شانۆگەرییانە بریتیی بوون لە:

-کورتە نمایشتی (مەسیح)ییانە
-بە زمانێکی لاتینیی
-تەنیا پیاوانی ئایین رۆڵایان تێدا دەبینین.

ڤێجا کە ئەو نمایشتانە لەلایەن بینەرانەوە پەسەند کران,ماوەکەی درێژتر کرا, و زمانەکەشی بوو بە زمانی لۆکاڵیی (ناوچەیی) ژیاش



ئەوەی شانۆ لە کلێساوە بەرەو شەقام دەرباز بوو ئیدی هێدی.. هێ... بڵەخش (جوهر)ە ئاینییەکەی لە دەست دەدا و تایبەتمەندیی دنیای... مادی لەخۆ دەگرت.

**شانۆگەریی یادەوەریی مسرحیة التذکر Memory Play**

شانۆگەرییەکە پاڵەوانەکە رووداوی رابردووی دێتەوە یاد بە مەرج... ئەو رووداوە گرنگترین بەشی شانۆگەرییەکە بێت.

**شانۆی مێرمید مسرح میرمید Mermaid Theatre**

لە ساڵی (1959)دا لە (لەندەن) دامەزراوە.

**میلۆ دراما المشجاة- المأساة الفاجعة Melo Drama**

زاراوەکە پێکهاتەی دوو ووشەی یۆنانییە (melos= ستران... (drama= شانۆگەریی) واتا ئەو شانۆگەرییەی کە لەگەڵ دیالۆژەکا... مۆسیقا بەکار دەهێنرێت. لە تایبەتمەندییەکانی میلۆ دراما:

دۆخی وورووژاو.
رووداوی دڵتەزێن.
کارەکتەری نامۆ, و سەیر.
گۆڕانی ناکاو لەو رووداوانەی کە پشت بە زێدەڕۆیی دەبەستن.
کۆتاییەکی خۆشنوود.

دەڵێن گوایە شانۆگەریی (چیرۆکی نهێنییەکی ئالۆز- 1802... (تۆماس هۆلکرۆفت)ی ئینگلتەرایی یەکەم میلۆ دراماییە لە مێژو... دراماى ئینگلیزییدا.

**تراژیدیای چینی ناوەڕاست**

**مأساة الطبقة الوسطى Middle- Class Tragedy**

ئەو شانۆگەرییانەیە کە باس بابەتە تراژیدییەکانی چینی بۆرژوازیی دەکات.

درامای خێزان.

**شاعیری گەڕیدە الشوارد الفنانة Minstred**

مەبەست لەو شاعیر و مۆسیقاژەنە گەڕیدانەیە کە لە ناڤەندی سەدەی سیازدەهەم لە (ئەوروپا)دا سەریان هەڵدا, و تاوەکی سەدەی چواردە هەر سەرقاڵی هونەری خۆیان بوون.

**شانۆگەریی پەرجووە (مریەم)ییەکان.**

**مسرحيات المعجزات المريمية Miracles Of Notre Dame**

ئەو شانۆییانەبوون کە لە سەدەی (17) لە فەرەنسادا نمایشت دەکران و بابەتەکانیشی لە بارەی پەرجووەکانی (مەریەم)ی دایکی (مەسیح)ەوە بوون.

**شانۆگەرییەکانی پەرجوو مسرحيات الخوارق Miracle Plays**

ئەو شانۆگەرییانەن کە لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا چیرۆکەکانی نێو کتێبی پیرۆزیان نمایشت دەکرد.

**نواندنی بێدەنگ الميم- التمثيل الصامت Mime**

نواندنێکی بێدەنگە گوزارشت لە دۆخ و تەواوی لایەنەکانی ژین دەکات. بێسو ئەمەش لە میان ئاخێز, و گۆڕینی رواڵەتی دەم و چاوەوە بەرجەستە دەبێت.



**مەودای ئاکارەکیی (مۆراڵ) فاصلة اخلاقية Moral Interlude**

کورتە نمایشتێکی زانستییە لە سەدەی شانزە لە ئینگلتەرادا هاتو ئاراوە.

**ئەنگێزەکان, هاندەرەکان البواعث- الدوافع Motivtions**

ئەو هێزە هاندەرانەیە کە لەودیوی دیالۆك و رەفتاری کارەکتەردا بەوەش دەتوانرێت پاکانەی ئەو دیالۆك و کردەوانە بکرێ, ئەو هێز هەمیشە لە فاکتەری دەرەکیی و ناوەکیی (سایکۆلۆژیی)دا پەیدا دەب

**بزاوتن, جوڵە کردن التحرك Moving**

هاتووچۆکردنی ئەکتەری سەر شانۆیە بەپێی تێکست و رێنماییەک دەرهێنەر.

**تاکبێژیی منلوج Monologue**

گوتەیێکی درێژە, تاکە کەسێك دەیڵێتەوە, دەکرێت ئەو کەسە تـ بێت یان کەسێکی تریشی لەگەڵدا بێت بەڵام تەنا گوێبیست بێت.

**دراما ئامانجی ئاکارەکیی**

**دراما الهدف الخلقي (ملهاة) Moral Drama (Comedy)**

1-شانۆگەریی فێرکاریی

2-ئەو بەزمەساتەیە کە بەهۆی رەوشتێکی لادەر نزمەوە (منحرف) وابەستەی هەڵوێستێکی ئاکارەکییە.

**شانۆگەریی باری دەروونیی مسرحية الجو النفسي ood Play**

ئەو شانۆگەرییەیە کە بارێکی سایکۆلۆژیی بخولقێنێت بە مەرجێ لە گەلاڵە و وێنا کردنی کارەکتەر بە بایەخ تر بێت.

**درامای تاك ئەکتەر   دراما الممثل الواحد   Mono Dram**

**مۆنۆ دراما**

ئەو شانۆگەرییەیە کە سەرجەم فاکتەرە شانۆییەکانی تێدایە و تەنیا یەك ئەکتەریش رۆڵی تێدا دەبینێت.. پێدەچێ (زیانی تووتن– 1860–1930)ی چیخۆف لەم بوارەدا باشترین نموونە بێت شانۆگەریی تاك ئەکتەری.. لە ئەڵمانیا هاتە ئاراوە (1775– 1780) ئەویش لەسەر دەستی ئەکتەر (جۆهان براندنر)دا بوو.

**درامای هاوچەرخ   الدراما الحديثة   Modern Drama**

1–ئەو شانۆییانەیە کە لە پاش بەرهەمە شانۆییەکانی بنووسی نەرویجیی (هنریك ئەسپن 1828– 1906)وە لە ئەوروپادا سەریان هەڵدا.

2–مەبەست لەو شانۆگەرییە رۆژئاواییانەیە کە لەسەر رێبازی کلاسی گریکی و لاتینی دێرین نین.

(ئەو شانۆییانەیە کە لە دەرەوەی بازنەی ستایلی شانۆی کلاسیین).

**شانۆگەریی ئاکارەکیی   المسرحية الاخلاقية   Morality Play**

ئەو شانۆگەرییە فێرخوازییەیە کە بەخستنە رووی ململانێی نێوان چاکە و خراپە چارەسەری لایەنە ئەخلاقییەکان دەکات.

**خواوەندی بەزمەسات   الهة الملهاة   MuseOfComedy**

لە شانۆی یۆنانی دێریندا بەکار هێنراوە.



**کۆمیدیای مۆسیقایی   الملهاة الموسيقية   Musical Comedy**

کۆمیدیایەکی هێدییە, خودان پێکهاتەیێکی دراماتیکیی ساك
دەگەڵیدا ستران, و مۆسیقا, و سەما, و فێڵە شانۆییەکان بەکار دەب
و جیاوازییەکی ئەوتۆشی لەگەڵ (سازبەند)دا نییە.

**مۆسیقاگە   المكتبة الموسيقية   Music Library**

شوێنێکە ژمارەیەکی زۆر لە کاسێتی مۆسیقیی هەمە چەشن لە
دەگرێت بۆ ئەوەی بەپێی پێویس لەگەڵ شانۆگەرییەکاندا بەکار ببرێ

**موز, خوداوەند   الهة   Muse**

یەکێکە لەو نۆ خوداوەندە خوشکانەی کە ستران, و شیعر, و هونەر
زانستەکان دەپارێزن– میتۆلۆژیای گریکی–.

**نمایشتی دەمامکداران   تمثيليات المقنعين   ummering Plays**

بەر لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەم.. هەندێك لە هاوولاتییانی لادێک
(ئینگلتەرا) لە جەژنی سەری ساڵدا دەمامکیان لە دەم و چاو دەکر
شانۆگەریی (کۆمیدی)یان پێشکەش دەکرد.

**فرە بەرچاوگەیی   التعدد المنظري   Multipleset**

ئەو شانۆگەرییەیە کە چەندین جێگا نیشان دەدات.

**شانۆگەرییەکانی پەنهانیی   مسرحيات الغوامض   ystery Plays**

نمایشتی ساکارن. بابەتەکانیان لە کتێبی پیرۆزە وەرگیراون بەتایبەتی ژیانی (مەسیح). ئەم چەشنە لە چەرخەکانی ناڤەڕاست لە (ئەورووپا)دا باو بووە. نمایشتگەلێکی سادە و ساکارن.. لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپادا باو بوونە بابەتەکانیان لە کتێبی پیرۆزەوە وەردەگیرێن.

# N

**حیکایەت خوان** **الراوية** **Narrator**

ئەو ئەکتەرەیە کە لە نێو نمایشتەکەدا راستەوڕاست توانج دەگرێت, ئەو توانجەش لە بنەڕەتدا ئاراستەی بینەر دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەکتەری ( حیکایەت خوان) دەشێت (رۆڵ)ش بنوێنێت.



**درامای ناسیۆنالی (نەتەوەیی)** **الدراما القومية** **ational Drama**

کۆی ئەو شانۆگەرییانەیە کە لەسەر خاك و دەڤەرێکی دیارکرا دەنووسرێن, و مۆرکی مێژوویی نەتەوایەتییان پێوە دیارە.

(ئەو شانۆییەیە کە مۆرکی مێژوویی نەتەوایەتیی پێوە دیارە).

**سرووشت خوزایی** **الطبيعية** **Naturalism**

1-ئەمیل زۆلا (1840- 1902) خواوەندی رێـــره سرووشتخوازیی- گەیشتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە هونەر لە بابە پێڕەویدا زانستی بێت بەبۆچوونی ئەو (ئەمیل) بابەت لە دوو چاوگ هەڵدەقولێت:

-لە ئاکامی توێژینەوەی زانستیی.

-یا وێنا کردن (تصوير)ێکی راستگۆیانەی واقیع.

بۆیە بنووسی شانۆیی پێویستە پاژێك لە ژیان دەستنیشان بک وەلێ دەست نیشانێکی بابەتیی بێت.

2-ئەو ژینگەیەی کە خودان گەورەترین کاریگەرییە لە پێکهێنـ کەسایەتی, بایەخێکی فرەی پێدەدا, هەوڵدەدات تەواوی لایەنەک سرووشت بگوێزێتەوە بۆ سەر شانۆ.

3-لە شانۆگەرییە سرووشتخوازییەکان:

-(تیریز راکان- 1873) ئەمیل زۆلا.

-(کچە پاریسیی- 1885) هنری بێك.

-(خاتوو جولی- 1888)سترەند بێرگ.

-(قولاییەکانی ژێروو- 1902) مەکسیم گۆرگی.

-(گوریس- 1918) ئونێل.

**شانۆگەریی جەژنی لەدایك بوون   مسرحية عيد الميلاد   Nativity**

شانۆگەرییەکی ئاینیی بوو لە چەرخەکانی ناوەڕاست لە (ئەوروپا)دا نمایشت دەکرا و باسی چیرۆکی (مەسیح)ی دەکرد.

**شانۆیی نەتەوەیی   المسرح القومي   National the atre**

ئەو تیپە شانۆییەیە کە میریی سەرپەرشتی دەکات و پێداویستییەکانی دابین دەکات، ئەم چەشنە زێتر بەرهەمی خۆماڵی پێشکەش دەکات.

**کلاسیسزمی نویٚ (نڤار)   الكلاسيّة الجديدة   Neo- Classicism**

میتۆدێکە دەوێژەی رۆژئاوادا, مەبەستیش لەوە سەر لەنویٚ گرنگیی پێدانە بە ستایلە وێژەییەکانی گریك و رۆمانی دێرین.

**بزاڤی دەرهێنانی نویٚ (مۆدێرن)**

**حركة الاخراج الجديد   New Stage Craft**

ستایلێکیی دەرهێنانە ئامانجی سازاندنی نێوان فاکتەرەکانی نمایشتەکەیە وەکو: بەرچاوگە, رووناکیی, نواندن,... هتد.. هەمیشەش لە واقیعییەتەوە دوورە پەرێزە.

**ترسی شانۆ   رهبة المسرح   Needle (The)= Stage Fright**

پشێوییەکە هەندیٚ ئەکتەر لە ساتی رووبەڕوو بوونەوەیان لەگەلٚ بینەردا دووچاری دەبن.



**کەپووی دەستکرد   عجينة اصطناعية   Nos,Putty**

هەویر (عجینە)ێکی دەستکردە بۆ گۆڕینی شێوەی لووت بە
دەبڕێت.

**تێبینییەکانی دەرهێنان   الملاحظات الاخراجية   Notes**

ئەو سەرنج و تێبینییانەن کە دەرهێنەر لە پەراوێزی تێکستەک
دەیانووسێتەوە, ئەو تێبینییانەش سەبارەت بە جوڵە, رووناهی
کارتێکەرە دەنگییەکان, و تەواوی فاکتەرە هونەرییەکانی دییە.

**شانۆگەرییەکانی (نۆ)   النو, مسرحيات   No Plays**

دێرینترین چەشنەکانی شانۆی (ژاپۆن)ی نڤارە. رەگ و ریش
دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردە کە لە سەما و مۆسیقای ئای
(بودا)ییەوە گەشەی سەندووە. شانۆگەریی (نۆ)ی مەرگەسات ئا
بریتییە لە تەڤلی هۆزان و پەخشان لەگەلٚ مۆسیقا و سەمای دەس
جەمعیدا, سەدان شانۆگەریی لەو جۆرە نووسراونەتەوە وەلیٚ جگە
(235)ی هیچی تری لێنەماوەتەوە, رەخنەگران بەم چەشنەی خوار
بابەتەکانیان پۆلین دەکەن:

ستایشکردنی مەزنیی خواوەند و چاکە لەبن نەهاتووەکانی.

نمایشت کردنی وێنەی جەنگانێکی دلٚتەزێن.

چارەسەر کردنی کێشەی تایبەت بە ئافرەت (کە پیاوان رۆ
ئافرەتانیان هەڵدەسوڕاند).

بێئاوەز بوونی ژن, یا پیاو ئەویش بە هۆی ونبوونی منداڵێکەوە.

دەرکەوتنی تاپۆی مردووان.

بەرجەستە كردنـی خوداوەنـد كـە رۆڵـی سروشـت بـەدەر (خـارق) دەبینێت.

ئەكتـەرانی (نـۆ) دەمامـك بـەكار دێـنن و نواندنیشـیان تـا رادەیـەك هێماگەرییە.

**شانۆی نا بازرگانیی المسرح الفني Non- Commercial Theatre**

دەسـتەیەك شـانۆخوازن كـار بـۆ پێشكەشـكردنی ئەزموونـە هونەریـە بالآكـان دەكـەن پێشـكەش كردنـی ئەزموونـە هونەرییـە بالآكانـە (ئـەم شانۆیە بە هاودژی شانۆی بازرگانی دەناسرێت).

# O

**دیمەنی ناچاری مشهد الزامي ObligatoryScene**

بـارودۆخی رووداوەكـانی نێـو شـانۆگەرییەكە كـەوا لـە بینـەر دەكـات پێیان وابێت كە دەبێ بنووس دیمـەنێكی دیـار كراو بنووسێتەوە لەبۆ



رازیكردنـی سـۆز و ئاكارەكانیـان. لـە شـانۆگەریی (تارماییـەكا
1881)ی ئەپسـن, پێوەندییـەكی سـۆزداریی لـە نێـوان (ئۆزواڵـد
(ریجیتا)ی خوشكیدا دروست دەبێت (بەبێ ئەوەی بزانن كە باوك
یەكە) جا هەر كە بەندیواریی سێكسی لە نێوانیاندا بایەخی پێدەدرێ
هێنـدەش بینەرحـەز بـە دیمـەنێك دەكـات راسـتییەكانی تێـدا ئاش
بكرێت.

**شانۆكانی دەرەوەی برۆدوای**

**مسارح خارج برودواي ff Broadwy**

كۆمەڵێك شانۆچكەن دەكەونە دەرەوەی برۆدوای. زۆرینـەی نمایش
ئەم شانۆچكانەن ئەزموونگەریین و مەبەستی قازانجی دارایی فەرامۆ
دەكەن.

ئـەو شانۆچـكە ئەمریكیانـەن كـە نمایشـتەكانیان دەنێـو قاوەخانـە
كلێسا, و رێكخراوەكاندا ئەنجام دەدەن.

**كارەكتەری پەنهان شخصية غائبة OffStageCharacter**

كارەكتەرێكە رۆڵی خۆی دەنوێنێ بەبێ ئەوەی بینەران بیبینن.

**كارەكتەری ون, پێوار شخصية غائبة OffStageCharacter**

ئەو كەسێتییەیە كە رۆڵی خۆی دەنوێنێ و بینەر نایبینێت.

**شانۆی ئۆڵدڤیك مسرح اولدفك Oldvick**

لـە سـاڵی (1818) لـە (لەنـدەن)دا بـەنێوی شـانۆی (فیكتۆریـا)
كرایەوە.

**شانۆكاری دێرین الممثل القديم ld Pro, Old Stager**

ئەکتەرێکە کە لە بواری شانۆدا خزمەتێکی زۆری هەبێت، وەلێ سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا بێت.

**شانۆگەریی یەك پەردە مسرحية من فصل واحد One- Act Play**

لە ساڵی (1890)ەوە زێتر بایەخی پێدراوە واتە لەگەڵ سەرهەڵدانی شانۆچکەکاندا. گرنگترین ئادگارەکانی ئەم چەشنە:

شانۆگەرییەکی کورتە.

تەنیا ڕووداوێك یا چەند ڕووداوێکی چڕ لەخۆ دەگرێت.

تەواوی ڕووداوەکان ناخاتە ڕوو.

ژمارەیەکی کەم لە کارەکتەر. کارەکتەری کەمە.

بێ پشوو پێشکەش دەکرێت.

بەرچاوگەکان هێند جێ گۆڕکێیان پێ ناکرێن.

یەکەی کاریگەرییەکی گشتیی لەخۆ دەگرێت.

**سەر تەختەی شانۆ فوق الخشبة On Stage**

پاژێکی تەختەی شانۆیە کە بینەر دەیبینێت و ڕۆڵی لەسەر دەنوێنرێ.

**سروودی ئایینیی موشح ديني Oratorio**

پارچە شانۆگەرییەکی مۆسیقییە، بابەتەکەی ئایینییە و چ بزاوت و کردەیەکی دراماتیکی تێدا نییە.

**هەڤپەیڤینی شانۆیی مخاطبة درامية Oration**



پاژێکی وێژەیی گوتارییە، سۆزدارییانە دەخوێندرێتەوە بۆ ئەو
هەڵچوونی بینەر بوروژێنێت هەروەکی گوتارەکەی (مارك ئەنتۆنیو
شانۆگەریی (یۆلیۆس قەیسەر).

**شانۆی دەر مسرح الهواء الطلق**

**Out Door Theatre Open- Air Theatre**

ئەو شانۆیەیە کە بەبێ میچە یا نیوە میچە.

**زێدەڕۆیی لە نواندا تمثيل المبالغ فيه Over Acting**

**هووشەکاریی لەنواندندا Over Play**

ئەو کاتەیە کە ئەکتەر لەبۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندنی بینەر
نواندنیدا زیادەڕۆیی بکات.

**تیۆری ئۆکسفۆر النظرية الاكسفوردية Oxford Thery**

تیۆری تاین پێی وایە کە (ئێرل- ئێف- ئۆکسفۆرد) بنووس
شانۆگەرییەکانی ولیەم شەکسپیرە.

# P

**شانۆی گەڕۆك** **مسرح متنقل** **Pageant**

سەكۆی ئەو شانۆ ساكار و گوێزراوەیەیە كە لە ئینگلتەرادا شانۆگەریی ئاكاریی لەسەر پێشكەش دەكرا.

(نمایشتی ڤیستیفاڵیی) كە خودان بەرچاوگەی هونەریی مەزن بێت.

**درامای شوانكاریی** **الدراما الرعوّية** **Pastoral Drama**

شانۆگەرییەكی رۆمانتیكییە رووداوەكانی هەڵقوڵاوی نێو (لادێ)كانن. كارەكتەرەكانشی شوانن..

**درامای كەسەر** **الدراما الشاجية** **Pathetic Drama**

جۆرێكە لە درامای مەرگەسات كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرا. ئامانجی ئەم درامایە ورووژاندنی سۆز و بەزەییە دەناخی بینەردا ئەویش لە رێی وێناكردن ئێش و ئازاری كەسێتییە بێ تاوان و پۆزەتیڤەكانەوە ئەنجام دەدرێت بەتایبەتیی وەژەنی ئافرەت و منداڵان.

**دەروازە – پارۆدۆس** **المدخل– الباروdوس** **parodos**

سروودێكە كۆرس دەیچڕێ, نووسەر تاڵ (خێگ)ە سەرەتاییەكانی رووداوی شانۆگەرییەكە دەئاخنێتە نێو ئەم بەشەوە كە لە تراژیدیای گریكدا لە پاش (سەرەتا) دێت. هەروەها بەو دوو رێڕەوە دەوترا كە كۆرسەكەی لێوە دەهاتە ژوورەوە.

**سەرگەردگە** **المذبح** **Paradoi**

ئەو شوێنە بوو كە لە ناوەڕاستی سازبەندی شانۆی گریكدا لەبۆ (دیۆنیسۆس)ی خوداوەند بونیاد نرابوو.



**شانۆگەریی ئەشكەنجە, وەزەن** **مسرحية الالام** **assion Play**

شانۆگەرییەكی میللییە باس لە چیرۆكی دادگایی كردن و لە خـ...
دانی مەسیح دەكات.

**شانۆ رێ پێدراوەكان** **المسارح المرخصة** **atent Theatres**

ئەو شانۆ ئینگلیزییانەن كە شا (چاڕلز)ی دووەم رێی پێداو...
نمایشتەكانی خۆیان پێشكەش بكەن ئەویش لە نێوان ساڵ...
(1160 -1843)دا بوو, ئەم زاراوەیە هەمیشە بە دوو شان...
سەرەكیی دەووترا یەكەمیان (1663-Drury Lane) ئەوی دیش...
(1732 -Covent Garden) بوو.

**لاسایی كاریی گاڵتە پێكردن** **محاكاة تهكميّة** **Parod**

شانۆگەرییەكە لاسایی شانۆگەرییەكی شێلگیریی دەكاتەوە...
مەبەستی گاڵتە پێكردن.

**نمایشتی فیستیڤاڵیی** **عرض مهرجاني** **Pageant**

نمایشتێكە تێیدا بەرچاوگە مەزن و قەشەنگە نمایشتگەر...
(الاستعراچی)یەكان بەكار دەهێنرێن. دیرۆكی ئەم نمایش...
دەگەڕێتەوە بۆ ناڤەندی سەدەی (13)هەم.

**وەستانی كاتیی (دەمیی)** **توقف مؤقت** **Pause**

دەستەبەردار بوونی (ئەكتەر)ە لە نواندن بە مەبەستی سە...
راكێشانی بینەر یا جەخت كردن لەسەر كردەوەیێك.

**پاراباسیس البرابسس Parabasis**

پاژێکی نادراماتیکییە تێیدا کۆرسەکە بەناوی شاعیرەکەوەسروودێك دەچڕێت و ناوەڕۆکەکەی زۆرجار پەیوەندیی بە شانۆگەرییەکەوە نییە. مێژووی زاراوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بەزمەساتی (گریك)یی.

**پارناسیەنیزم البرناسیة Parnassianism**

نووسەرێکی فەرەنسایی ناونیشانی کتێبێکی (پارناسیەنی نوێ 1866, 1869, 1877) کە شیعری کۆمەڵێك نووسەری نوێی لەخۆ گرتبوو ناوەکەش لە چیکانی (پارناس)ی یۆنانەوە وەرگیراوەکە گوایە هەوارگەی خواوەندی شیعر بووە. ڤێجا بوو بە قوتابخانەیێك و ئامانجەکەشی ئەوە بوو کە دژ بە ڕۆمانتیکییەتی هۆگۆ, و ڤینی, و لامارتین بووەستێ, هەروەها لۆقەی ئەوەی دەکرد کە هۆزانڤان خودی خۆی و کۆمەڵگا فەرامۆش بکات, و تەنێ بایەخ بە خودی شیعر بدات.. پارناسیەنی زێتر وابەستەی شیعرە وەك لە هونەرەکانی تر.

**پانتۆمیم, نواندنی بێدەنگ التمثیل الایمائي Pantomime**

چەشنێکە لە نواندنی بێدەنگ, بۆ یێکەم جار لە (ڕۆمانیا)دا سەری هەڵدا.

**پانش و جودی بانش وجودي Panch and Judy**

دوو کارەکتەری شانۆی بووکە شووشەن کە لە (ئینگلتەرا)دا برەویان پێدراوە (1800).



–(پانش) پۆشاکی ئیتالی کۆن لەبەر دەرکا, و کەپووێیکی گێ
پشتێکی کوڕی هەیە, ڕۆڵی مێردێکی دڵڕەق و بەدگۆ دەبینێ
کوڕەکە خۆی لە پەنجەرەوە فڕێ دەداتە دەرێ.

–(جودی) خێزانی (پانش)ە کە لەسەر کوڕەکەی سەرزەنشتی دەک
و لە ئاکامدا سەری دەبڕێت.

**پەردەی خولێنکە (پانۆراما) الستارة الدوارة (البنورامية) anorama**

پەردەیەکی بەرینە چەندین وێنەی لەسەر کێشراوە (لا)کانی بە 
ستوون بەستراون. لە کاتی سوڕدانی ئێکێك لەو ستوونانە پەردەکە
وەکی فیلمی سینەمایی دەخولێتەوە.

**شانۆی میلليی المسرح الشعبي PeoPles Theatre**

شانۆیەکە تەنیا لەبۆ خزمەتکردنی جەماوەر کار دەکات و گوێ
قازانجی دارایی نادات.

**شانۆگەریی سینەمایی المسرحية السينمائية hoto Play**

ئەو شانۆگەرییەیە کە بە تەکنیکی سینەمایی دەرهێنراوە و لە ر
(شاشە)ی سینەماوە پیشاندەدرێت.

**جەردەیی شانۆیی القرصنة المسرحية Pirate**

لە چاپدانی بەرهەمی شانۆییە بێ ئەوەی ڕەزامەندیی نووسەرەک
وەرگێڕابێ, یا ئەو لایەنانەی کە ماڤ لە چاپ دان دەبەخشن.

**شانۆی پیککۆلۆ مسرح بيكولو Piccolo Theatre**

له سالّی (1947)دا له شاری (میلان) دامەزرێنراوە.

**بینەری نموونەیی المتفرج العريض Pis Ideal Spectator**

کەسێکی خەیالاّوییە کە بنووس شانۆگەرییەکەی لەپێناوی ئەودا دەنووسێتەوە و بۆی دەبێتە هەوێنی بەرهەمەکە.
کەسێتییەکە نووسەر دەیخوڵقێنێت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی هەستی زۆرینەی بینەران یا هەستی نووسەرەکە خۆی بکات.

**بەرایی تەختە (قۆرت) امامية الخشبة Pit**

شانۆی گشتیی لە سەردەمی شەکسپیردا بێ میچ بووە. تەختەی نواندنش بریتیی بووە لە سەکۆیەکی بڵند, بینەران بەپێوە لە سێ لاوە بە دەوریا را دەوەستان چونکە ئەو دەڤەرە بێ کورسی بووە.
لە شانۆی نوێدا مەبەست لەو قۆرتەیە کە بە درێژایی سەکۆی نواندنەکەیە, و تایبەتمەندە بە کەسانی سازبەند (ئۆرکسترا).

**پەیوەستکردنی بینەر اندماج المشاهدين Pick Up an Audience**

هەندێ جا سەرکەوتنی نواندن وا لە بینەر دەکات کە وابەستەی رووداوەکان بێت و هەوڵ بۆ گۆڕینییان بدات.

**پییرۆت بييرو Pierrot**

نێوی کارەکتەرێکی گاڵتەجاڕی نەگۆڕە, لە هێماگەرییە فەرەنسییەکاندا ڕۆڵی سەرەکیی دەنواند.

**شانۆگەریی, شانۆیی, نۆڤلێتی شانۆیی مسرحية Play**

ئەو بابەتە ئەدەبییەیە کە لەسەر شانۆدا بەرجەستە دەکرێت.



**پاکنووسکاری شانۆگەریی مراجع المسرحية Play Doctor**

کەسێکە لە بواری شانۆدا شارەزایە و سەر لەنوێ بە تێکستەک
دەچێتەوە, و پاکنووسی دەکات.

**نواندنی دەرەوەی شانۆگەریی تمثيل مدلوق Play Out**

هەندێك جار ئەکتەر لەبۆ سەرنج ڕاکێشانی بینەر سەرلەبە
توانستەکانی خودی خۆی وەگەڕ دەخات, وەلێ لە هەمان کا
پێوەندییە سەرەکییەکانی دەگەڵ ئەو دوای کارەکتەراندا لە ب
دەچێتەوە.

**نواندنی هیچنانە پێکەنین تمثيل استضحاكي lay for aLaugh**

هەوڵ و کۆششی ئەو ئەکتەرەیە کە دەیەوێت لە ڕێی نواند
وتەکانییەوە بینەر بهێنێتە پێکەنین.

**شانۆگەریی کارەکتەر مسرحية الشخصية lay of Character**

شانۆگەرییەکە بایەخ بە وێناکردنی کارەکتەرێك دەدات کە لە دوای
کاریگەریی دەبێت بەسەر کردەکانی شانۆگەرییەکە. نموونەی ئەمە
شانۆگەریی (هاملێت) و (ماکبێس)ی شەکسپیرە.

**شانۆگەریی کەش مسرحية جو Play of Atmosphere**

شانۆگەرییەکە بایەخ بە کارەکتەر و گرێچن نادات بەڵکو بایەخ بە و
کردنی کەشێکی تایبەت دەدات کە تەواوی فاکتەرەکانی تێدا بە
بکرێت.

**شانۆگەریی دەنێو شانۆگەرییدا**

**Play-Within- aPlay  مسرحية داخل مسرحية**

ئەو شانۆگەرییەیە کە دیمەنی شانۆیی تری تێدایە (هاملێت).

**شانۆگەریی دۆخ  مسرحيه الموقف  Play Of Situation**

شانۆگەرییەکە زیاتر بایەخ بە چارەسەر کردنی رووداوەکان دەدات وەك لە وێنا کردنی کارەکتەر و شتی تر.

**چاندنی شانۆیی  الاغتراس المسرحي  Plant**

شێوازێکە لە بۆ بونیادنانی تێکستی شانۆیی بەکار دەهێنرێ, هەروەها لە ساتی نمایشتەکەشدا:

لە ساتی نمایشتدا ئەشێ نووسەر بیرۆکەیێك, یان کارەکتەرێك بهێنێتە ئاراوە کە لە رێیەوە بایەخ داهاتووی رووداوەکان بدات.

دەکرێ دانانی ئەکتەرێك لەنێوان بینەراندا و بەمەبەستی بەشدار بوونی بینەر لە نمایشتدا بە چاندنی شانۆیی ناو بنێین. ئەم کارەش لە سەردەمی گریکەکاندا باو بووە و (ئەلیزابیسی)یەکانیش بەکاریان هێناوە.

**خوێندنەوەی شانۆگەری  قراءة درامية  Play- Reading**

خوێندنەوەی شانۆگەرییە بە دەنگێکی ئاشکرا لەبۆ شرۆڤە کردنی تێکستەکەی و چێژ لێوەرگرتنی لە رێی گوێ گرتن و تێکەیشتنەوە.

**تەختەی (رنان) ئامێز  الخشبة المصطبية  Plat From Stage**



ئەو سەکۆی شانۆیەیە کە دەگاتە نێو هۆڵی بینەران.

**دارتاشی شانۆیی  النجارة الدرامية  lay Carpenter**

ئەو نووسەرەیە کە شانۆگەرییەکانی لە بەرهەمی بنووسانی تر وەردەگرێت وەکو: رۆمان, چیرۆك... وهتد.

**گەڵاڵە  الحبكة الدرامية  Plot**

رێکخستنی بەشەکانی شانۆگەرییەکەیە و پەیوەست کردنێتیی لە بونیادی تۆکمەدا. بەم پێیە هەموو شانۆگەرییەك بەبێ گەڵاڵە ناب واتا دیار کردنی: کارەکتەر, کردەکان, زمان, جوڵە لە شێوەیێکی د کراودا. (گەڵاڵە) لەلای ئەرستۆ بریتییە لە سەرەتا, و ناوەند, و کۆتا

**بۆ شانۆگەریی گەڵاڵە  مسرحية الحبكة  ot Play**

ئەو شانۆگەرییەیە کە هێندەی بایەخ بە بونیادنان و سازاند رووداوەکان دەدات بایەخ بە وێنا کردنی کارەکتەرەکان نادات.

شایی نێوان کەرتەکانی بەرچاوگە بەکار دەهێنرێت.

**نچکدەر, گاڵەدەر, پێوەدەر  سدة  Plug**

گاڵەدەرێکی تەنگە لە نێو یەکەی بەرچاوگەدایە, لەبۆ پڕکردنەو نچکدانی

**دادوەریی شاعیرانە  العدالة الشاعرية  Poetic Justice**

ئەم زاراوەیە وێژەری ئینگلیزیی (تۆماس رایمەر) دایتاشیوە کە تێکستەکەیدا (مەرگەساتەکانی دووا پەیمان– 1678) هاتووە.

**دەسپێکی کردەی سەرەکیی    نقطة الانطلاق    PoinOfAttack**

ساتی بەرپابوونی هێزی بزوێنەری کردەکانە کە رووەو هەڵکشان ئاراستەیان دەکات, هەروەکو (هۆراشیۆ) کە تاپۆی شای کوژراو دەبینێت. (بڕوانە: هاملێت).

**درامای شیعریی    الدراما الشعرية    Potical Drama**

1–شانۆگەرییەکە بە شێوازێکی شیعریی نووسراوەو لەسەر شانۆدا بەرجەستە دەکرێت.

2–شانۆگەرییەکی شیعرییە دەخوێنرێتەوە و لەسەر سەکۆی شانۆدا بەرجەستە ناکرێت.

**درامای میللیی    الدراما الشعبية    Popular Drama**

1–ئەو دراماییە کە رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانە ئاینییەکانی نێو خەڵکی.

2–درامایەکە کە ئاستێکی وێژەیی نزمی هەبێت ئیجا ناچێتە نێو دیرۆکی درامای رەخنە سازییەوە.

**شوێن، جێگا    الموضع    positin**

ئەو شوێنەیە کە ئەکتەر بۆ ساتێك لێی دەوەستێت.

**بار    وضع    Pose**

ئەو چۆنێتییەیە کە تەنی ئەکتەر بۆ ماوەیەکی دیار بەخۆوەی دەبینێ.

**بێ بینەر    لاجماهيري    Poison at The Box Office**



بەو ئەکتەر, یا دەرهێنەرە, یا ئەو شانۆگەرییە دەوترێت کە لە سە
راکێشانی بینەردا ژێر کەوتوو بێت.

**پۆستەر    اللافتة    Poster**

ئەو پڕوپاگەندە نووسراوانەن کە ئاماژە بۆ شانۆگەرییەکە و پاڵەو
و کارمەندەکانی دەکەن.

**کەوتنە سەر سمت    تبطيطة    Prat Fall**

ئەو کاتەیە کە ئەکتەر دەکەوێتە سەر هەردوو سمتی بە جۆرێك
لای بینەر دەبێتە مایەی پێکەنین .

**بەرهەم هێنەر    المنتج    Producer**

لە (ئەمریکا)دا بەو کەسە دەووترێت کە لایەنی دارایی و ب
بووکردنی بەرهەمەکە دەگرێتە ئەستۆ, وەلێ زاراوەکە لە (ئینگلتەر
مەبەست لە دەرهێنەرە.

**پاشبەندە شانۆییەکان    الملحقات المسرحية    ropeties (Props)**

پاشبەندە دەستییەکان (Hand Props): ئەو چتانەن کە ئەک
بەکاریان دەبات وەکو (دەسەسڕ, جگەرە, پەرتووك.. هتد).

پاشبەندەکانی بەرچاوگە (Set Props): ئەو چتانەن کە جێگیر
بەکار نابرێن وەکی: تەبڵەکی جگەرە.

پاشبەندەکانی رازاندنەوە: (تابلۆی ئاوێزان, پەردە, و... هتد).

**پرۆگرام    البرنامج    rogramme= (u. s) Program**

بڵاوکراوەیەکە بەر لە نمایشتکردنی شانۆگەرییەکە بەسەر بینەردا دابەش دەکرێت کە لە میانییەوە بینەر ئاشنای ناونیشانی شانۆگەرییەکە و تەواوی کارمەندانی کارەکە دەبێت.

**پیشەگەر المحترف Professional (pro.)**

ئەکتەرێکە کە پیشەی تەنیا شانۆ بێت و لە بەرمبەر کارکەیدا بڕێك بارەش وەربگرێت.

**پێشەکیی المقدمة Prologu**

دیالۆژێکە یا مەنەڵوجێکە لە تراژیدیای گریکدا دەکەوێتە پێش هاتنی کۆرسەکەوە بۆوەی سەرنجی بینەر بەلای کارەکەدا بەرێت و هێڵە سەرەکییەکانی نێو نەخشەی کردە و کەسێتییەکان بخاتە روو.

**پەندە بەدراما کراوەکان**

**المأثورات الممسرحة Proverbe Dramatique**

بنووسی فەرەنسیی ئەلفەرید دی مۆسیە (1810– 1857) ئەم ناوەی نا لە هەندێك لە شانۆگەرییەکانی کە ئامانجیان پەند و رێنمایی بووە، یا ئەو شانۆگەرییانەی کە ناونیشانەکانیان لە پەندی پیشینانەوەوەرگیراون.

**گروپی پاشبەندەکان طاقم الملحقات Prop Grew**

ئەو کارمەندە شانۆییانەن کە ئەرکی دانان و لابردنی پاشبەندەکانیان پێ سپێردراون. بڕوانە (پاشبەندەکان).

**خەڵات, بەخشش جائزة Prize**



خەڵاتییەکی مادیی یا مەعنەوییە بە شانۆگەرییەك یا نووسراوێ ویژەیی دەبەخشرێت.

**درامای دنیایی الدراما الدنيوية Profane Drama**

پێچەوانەی درامای ئاینییە, بەم پێیە ئەو شانۆگەرییەیە کە باشا قەیرانەکانی ژینی ئەم (دنیا) دەکات گەر وابەستەی (ئایین)ش بێت.

**دەرگاکانی قۆقز ابواب البرواز ProsceniumDoors**

دەرگای هەمیشەیی بوون لە بۆ هاتنە ژوور و چوونە دەری ئەکتە بەکار دەهێنران.

**رووناکییەکانی قۆقز الاضواء المسرحية Proscenium Length**

ریزێك بلاجیکتۆرە بەستراوەتەپشت و دەوروبەری ناوەوەی کەوان شانۆکەوە,کاری ئەمەش رۆشنکردنی سەکۆی شانۆکەیە.

**سنوقی هاریکار کمبوشة Prompt Box**

دەلاقەیێکە لە چەقی پێشەوەی سەکۆی شانۆکەدایە و رووبەڕو بینەرانە, تێیدا فێرکار (الملقن) رێنمایی ئەکتەر دەکات و هەرو رۆڵەکان دەخوێنێتەوە.

**سەرپشکی پاشبەندەکان ملاحظ الملحقات Prop Master**

ئەو کەسەیە کە بەرپرسی دانان و لابردن و گوێزانەو پاشبەندەکانە. (پارچەکانی دیکۆر و شتی تر).

**شانۆگەریی پڕوپاگەندە المسرحية الدعاوية Propagandan Play**

ئەو شانۆگەرییەیە کە ریکلام بۆ ئایدیایەکی دیار کراو دەکات.

**شانۆی دەستندە (تایبەتیی) المسرح الخالص Private Theatre**

شانۆچکەی ناوەکیی (داخلی) ئەلیزابێسیی بوو کە پسوولەی چوونە ژوورەوەی بە هەرزان دەفرۆشرا.

ئەو شانۆیانەیە کە تایبەتن بە ئارەزوومەندانی شانۆوە و جگە لەوانش کەسی دی بۆی نییە بچێتە ژووریٚ.

**کارەکتەری سەرەکیی الشخصية الرئيسية Protagonist**

ئەو کارەکتەرەیە کە رۆڵی سەرەکیی دەبینێت.

**کارەکتەری سەرەکیی (یەکەم) الشخصية الرئيسية (الاولى) Principal**

مەبەست لە رۆڵی سەرەکیی نێو شانۆگەرییەکەیە... دەکرێ دابەش بکرێتە سەر سەرجەم کارەکتەرەکان, و هەر هەموو سەرەکیی بن.

**هاریکار الملقن Prompter Book Holder**

کەسێکە لە دەڤەرێکی نەبینراوەوە تێکستی شانۆگەرییەکەی بە دەستە و بە دەنگێکی نزمەوە بۆ ئەکتەرەکانی دەخوێنێتەوە.

**قۆقزی شانۆ البرواز المسرحي Proscenium**

ئەو چوارچێوە گەورەیەیە کە شانۆگەرییەکەی لێوە دەبینرێت.

**بانیژەی قۆقز شرفة البرواز Proscenium Balcony**



چەند بانیژەیێک بوو رووەو دیمانەی شانۆکە دروستکرا بوون لـ
دیتنی شانۆگەرییەکە ئەم جۆرە بانیژانەش تا سەدەی (19)
ئینگلتەرادا هەر باو بووە.

**بەرایی التصدية Prelude**

کورتە کۆمیدیایێک بوو رەخنەی لە دۆخی سەردەمی خۆی دەگر
ئەمەش دەگەڵ کرانەوەی وەرزێکی شانۆیی یا بونیادنانی شانۆێ
نڤاردا پێشکەش دەکرا.

**شانۆگەرییە ساختەکانی شەکسپیر النّحْل الشكسبيري eudo- Shakespearean Plays**

کۆی ئەو شانۆگەرییانەیە کە خراونەتە پاڵ بەرهەمەکانی شەکس
کەچی خۆشی نەینووسیون.

**درامای دەروونیی الدراما النفسية Psychological Drama**

**درامای سایکۆلۆژیی**

ئەو شانۆگەرییەیە کە باشاری قەیرانە سایکۆلۆژییەکان دەکات,
ئەو بابەتانەی وابەستەی دەروون زانین.

**درامای کلاسیی ساختە**

**الدراما الكلاسيكية المزيفة Pseudo- Classical Drama**

ئەو شانۆگەرییەیە کە تایبەتمەندیی کلاسیی نڤاری هەیەو لەگەڵ
و ئارەزووی بینەری هاوچەرخدا دەگونجێت.

**شانۆی بووکە شووشە**

**مسرح العرائس** **Puppet Theatre Marionette**

ئەو شانۆیەیە کە لە نمایشتەکانیدا بووکە شووشە رۆڵی کەسێتییەکان دەبینێت.

**شانۆی گشتیی** **المسرح العمومي** **Public Theatre**

بەر لە چەرخی ئەلیزابێسی شانۆگەریی لە دەرەوەی هۆڵ لە شێوەی شانۆی گەڕۆك (متنقل) پێشکەش دەکرا. پاشان ساختمانی تایبەتیی بۆ بونیاد نرا بۆوەی بینەران بەگشتی و دەستەجەمعیی رووی تێبکەن. یەکەم ساختمانی شانۆیی (جیمس بێربیگ) لە ساڵی (1576) و لە (لەندەن)دا بونیادی نا.



# Q

**خوێندنەوەی بە پەلە** **استيعاب السريع** **Quick Study**

1-کاتێکە کە ئەکتەر رۆڵی حۆی بخوێنێتەوە, و بیٚ ئەوەی لەبە
بکات.

2-ئەکتەرێك کە بتوانێت بەخێرایی رۆڵی خۆی لەبەر بکات.

# R

**نمایشتی رادیۆیی    التمثيلية الاذاعية    Radio Play**

ئەم چەشنە نمایشتە پشت بە دیالۆك و مۆسیقا و ئامێرەکانی دەنگ دەبەستێت.

**زمانحاڵی نووسەر    المتحدث الرسمي للمؤلف    Raiso Nneur**

کەسێتییەکی لاوەکییە چاودێریی هەڵس و کەوتی کارەکتەرەکان دەکات, پاشان هەڵدەستێ بە روونکردنەوەی دید و پیتۆڵ (فلسفە)ی نووسەری شانۆگەرییەکە.

**تەختەی لار    خشبة المسرح المنحدر    Raked Stage**

سەکۆیەکی شانۆیی بوو کە لە سەرووی خۆیەوە هێدی هێدی سەر بەرەو خوار دەبوو تاوەکی بە لێواری (کە دەکاتە بەرامبەری بینەر) کۆتایی پێدەهات, بێگومان حاڵی حازر ئەم جۆرە سەکۆیانە بەکار نابرێن.



**بەگوڕ کردنی نواندن    الاستجماع التمثيلي    Rally**

ئەوەیە کە ئەکتەر دەنگ و بزاڤی خۆی بە گوڕتر و چالاکتر بکات
ئەوەی چاکتر کار لەسەر بینەر بکات.

**زنانی لار (خیچ)    مصطبة مائلة    Ramp**

تاتێکی لێژی هەیە بە چەشنێك کە ئەکتەر بتوانێ لەسەریدا گو
بکات.

**هەراگەریی    التصاخبية    Rant**

ڕۆڵ بینینێکی هەراگەرییانەی وەڕس و خۆکردە.

**تەختەی سوڕاوە    المسرح الدوار    Revoiving Stage**

سەکۆیەکە بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و دەکرێت چەن
بەرچاوگەی لەسەر بونیاد بنرێت و پاش تەواوبوونی هەر دیمە
(مشهد) دەخولێتەوە بۆ ئەوەی دیمەنێکی تر و بەرچاوگەیەکی
ئاشکرا بکات.

**چاپی خوێندنەوە    الطبعة القرائية    ReadinEdition**

ئەو تێکستە شانۆییەیە کە بۆ خوێندنەوە چاپکراوە.

**خوێندنەوەی دراماتیك    تلاوة مسرحية    Recital, Dramatic**

خوێندنەوەی دەقی شانۆگەرییەکە لەبەردەم بینەردا و ب
بەکارهێنانی دیکۆر و جلك و مۆسیقا وهتد...

**دراماكانى پشوو   الدراميات الترويحيية   Recitai Drama**

ئەو نمايشتانەن كە ئامانجى قازانجى بازرگانييان نييە.. تەنيا وەكى چالاكيى رێكخراوێك يا يانەيەك لەلايەن ئۆرگانەكانەوە بۆ بينەرێكى ديار كراو نمايشت دەكرێن.

**دراماى چەرخى راپەڕين**

**عصر النهضة, دراما   Renaissance Drama**

كۆى ئەو شانۆگەرييانەيە كە لە چەرخى راپەڕين لە ئەورووپادا نووسراون يا پێشكەش كراون. چەرخى راپەڕينيش ئەو ماوەيەيە كە ئەورووپاى خۆرئاوا لە سەدەكانى ناوەڕاستەوە (سەدە تاريكەكان) رووەو سەردەمى نڤار گوزەرى دەكرد, ؟؟؟؟ سەردەمى نڤار لە ئيتاليا و فەرنسادا بە سەردەمى فەراژيبوونەوە زانست و هونەر دەژمێردرێت كە مێژووەكەشى دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو سەدەى چواردە و پازدە وەلىٚ لە (ئينگلتەرا)دا ئەم گۆڕانە لە سەدەى شازدەهەمدا روويدا.

**دراماى سەردەمى ژيانەوە   دراما عصر الاحياء   Restoration Drama**

سەردەمى ژيانەوە لە (ئينگلتەرا)دا بە گەڕانەوەى پادشايەتيى و هاتنە سەر تەختى (چارلز)ى دووەم لە ساڵى (1660)ەوە دەست پێدەكات و درێژە دەخايەنێت تاكو سەدەى حەڤدەو سەرەتاكانى سەدەى هەژدە.

**دراماى هەرێمايەتيى   الدراما الاقليمية   Regional Drama**

ئەو شانۆگەرييەيە كە لە دەڤەر و هەرێمێكى ديار كراودا پێشكەش دەكرێت, و تەنها باس لە بارودۆخى ئەو هەرێمە دەكات.



**درەوشەدەر   عاكس ضوئي   Reflectol**

تاتێكە لە شووشە يا هەر كانزايەكى تر , لەوديوى بلاجكتۆرەكان
دادەنرێت بۆوەى
چڕكردنەوەى رووناكى بەباشى ئاڕاستە بكات.

**ديمەنى راهێنان   مشهد تدريبي   Rehearsal Scen**

پارچێكى شانۆييە ئەكتەر راهێنانى لەسەر دەكات. كە بەها
كارەكتەرێكى گرنگ دەستپێدەكات و لەگەڵ دەرچوونيدا كۆتا
پێدێت. بۆيە بەر لەوەى شانۆگەرييەكە راهێنانێكى سەرتاسەرى لەس
بكرێت دابەش دەكرێتە سەر چەند يەكەيەك (وحدات)ێك لەبۆ راهێنا

**راستخوازيى, رياليزم   الواقعية   Realism**

ئەدەبى ريالزمى ئەو ئەدەبەيە كە گوزارشت لە سرووشتێك دەكات
لە ئەنجامى دەسكەوتە كۆمەڵايەتييەكانەوە بووە بە (واقيع) هەڵبەتە
دەسكەوتانەش بە كۆى هەموو ئەو بنەما, و نەريت, و هەڵوێس
رۆشنفكرييانەيە كە خودى مرۆڤ چێى كردوون .

(رياليزم) لە دەرئەنجامى فەلسەفەى (دانانەكيى– الوچعيە)ى ئۆگس
كۆنت ونووسينەكانى (داروين) لەمەڕ رەچەڵەكى رەگەزەكانەوە هـ
ئاراوە, هەروەها شۆڕشى پيشەسازيى و تۆيژينەوە زانستييە
گۆڕانكارييان بەسەر زۆرێك لە نەريتەكاندا هێنا. بۆيە نموونەخوا
رۆمانتيكى دەكشايەوەو ئيدى مرۆ وەكى هەر گيان لەبەرێكى
خرايە ژێر ئەزموون و تۆيژينەوە, بەو پێيەى كە مرۆڤ دەرنجامى د
فاكتەرى سەرەكييە: بووماوەيى (وراپە) و ژينگە. بۆيە دەشێت ك
لەسەر رەفتارى بكرێت, و چاكسازيى تێدا ئەنجام بدرێت كەوا

ئامـانجی جەوهـەریی لـە پـەنابردن بـۆ (ریـالیزم) تەقەلایەکـە لـەبۆ تۆیژینەوەی واقعی مرۆڤ و باشترکردنی بارودۆخێتی لەمیان پشکنین و ئاشکرا کردنی رووی راستەقینەیەوە. بەڵام پشکنینەکە بابەتیی بێت و وێناکردنی ئەو ژینە بێت کەتێیدا دەژێت و هەمیشە کاریگەری لەسەر دەبێـت. گەرچـی نـاکرێ واتایـەکی پێناسـەیەکی گشـتگیرییانە لـەبۆ (ریـالیزم) فەراهـەم بێـنین وەلـێ دەشـێ بلـێین وێنـاکردنی چـتە متـۆ (مـألوف)ەکـانی ژیانـە هـەروەك چـۆن لەڕاسـتیدا وایـە. گـرنگترین تایبەتمەندییەکانی شانۆی (ریالیزم)ی بریتیین لە:

1–رووداوەکانی لە واقیعەوە وەردەگیرێن.

2–هێندە بایەخ بە تەشق و تەکنیکە شانۆییەکان نادات.

3–گرنگیی بە وێناکردنی کارەکتەر دەدات ئەویش لە رێی ئاشنابوون بە کێشە و سۆنگەکانییەوە.

4–هەوڵ بۆ راڤەکردنی رەفتاری کەسێتیی دەدات لە ژێر تیشکی ئەو هێزە کۆمەلایەتییانەی کە خوڵقێنەرین.

5–بابەتـەکانی زێـتر بـاس لـە قەیرانـە ئابوورییـەکان، یـان کێشەسێکسیی، و کۆمەڵایەتییەکانی دی دەکەن.

6–زمان دەشێت لۆکاڵیی بێت و مەرجیش نییە (پەتیی) بێت.

7–دیکۆر رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ناساندنی کەسێتییەکان.

**راهێنان، پرۆڤە التدریبات Rehearsal**

ئـەو مەشـقانەیە کـە ئەکتـەر و کارمەنـدەکان لـەبۆ تـەیار کردنـی هـەر شانۆگەرییەك پێی هەڵدەستن.



| | |
|---|---|
| راهێنانی لەبەرکردن | Pick- Up Rehearsal |
| راهێنانی هەنگاونان | Pacing- Up Rehearsal |
| راهێنانی جەلایی کردن | Polishing- Up Rehearsal |
| راهێنانی تەکنیکی | Technical- Up Rehearsal |
| راهێنانی کۆتایی، دووا راهێنان | Dress- Up Rehearsal |

**رێڤیو، نمایشت الاستعراض Revue**

نمایشتێکی شانۆییە کە بەبێ گەلاڵە و چیرۆکە، و بریتییە لە کو… نمایشتی گاڵتەچاڕیی، مۆسیقا، وسەما، وستران ئەیش بە مەبەس… کەیفخۆش کردن... هەندێ جار پشت بە رەخنەی سووك وتی… (رامیاری)ش دەبەستێت.

**رێڤیوو، نمایشتی رەخنەیی الرَفیْو Review**

شانۆگەرییەکی چاپکراو، یا تازە نمایشت کراوە کە تاوتوێ لەس… دەکرێ و گرنگترین ئامانجەکانی دەخرێتە روو، هەروەها پێناس… بنووسەکەی دەکرێت، و لەبارەیەوە بیروڕا دەخرێتە روو، ئەمانەش… خولەشێلگیرەکاندا بڵاو دەکرێنەوە. (رەخنەی شانۆیی)ش ب… شیتەڵکارییەکی شێلگیرتر، و پرۆنە ڤیسیی (منهجی) تر دەژمێردر… وەك لە نمایشتی رەخنەیی.

**زەمینەی شانۆیی الرصيد المسرحي Repertory**

1–کۆی ئەو شانۆگەرییانەیە کە تیپێکی شانۆیی نمایشتی کردوو…

2–کۆی ئەو کارەکتەرانەیە کە ئەکتەرێك بتوانێت بەرجەستە… بکات، یا پێشتر بەرجەستەی کردبن.

### هەڵگەڕانەوە, گۆڕان

**Reversal Peripety (Peripetia)** الانقلاب- التحول

ئەرستۆ لە (هونەری شیعر)دا دەڵێت: هەڵگەڕانەوە گۆڕانی (کردە)یەکە بە دژەکەی, بە مەرجێك ئەو گۆڕانە پابەند بێت بە لۆژیکی ناچارەکییەتیی (الچرورە او الحتمیە).

**تراژیدیای تۆڵە** مأساة الانتقام **Revenge Tragedy**

چەشنە مەرگەساتێکە لە سەدەی شازدە و حەڤدە لە (ئینگلتەرا)دا هاتووەتە ئاراوە. گرنگترینتایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە کارەکتەرە سەرەکییەکان هەوڵی تۆڵە سەندنەوە دەدەن, (مەرگەساتی ئیسپانی, تۆماس کیدش) بە سەرەتاکانی تراژیدیای تۆڵە دەژمێردرێت.

**کۆمیدیای ریالیستیك** الملهاة الواقعية **Realistic Comedy**

بەزمەساتێکە بابەتەکانی لە واقیعەوە وەردەگیرێن.

### کۆمیدیای سەردەمی گەڕاندنەوە

ملهاة العصر **Restoration Comedy**

رووداوەکانی باس لە تەڵەکەبازیی, و لەو پێوەندییە سێکسییە شەرعیی و نا شەرعییانە دەکەن کە لە نێو هۆڵی کەسانی چینی بەرزدا روو دەدەن.

**گەڵاڵە(گرێچن)ی ناسینەوە** حبكة الاكتشاف **Recognition Plot**



ئەو شانۆگەرییەیە کە رووداوەکانی سەبارەت بە دۆزینەوەی چتێ
پەنهان دەدوێت, ئیدی گەر بەزمەسات بێت یا مەرگەسات بە بۆچوو
ئەرستۆ شانۆگەریی ئۆدیب بە پاشایی سۆفۆکلیس چات
شانۆگەریی ناسینەوەیە, چونکە ئۆدیب هەمیشە لە دوی ئەو کە
نادیارەدا دەگەڕێت کە نەفرەتی خواوەندی هێناوەتە س
دانیشتووانێکی چاکخواز, دواجار پاش زنجیرەێیك پشکنین و گە
گەیشتە دۆزینەوەی بکەری تاوانەکە.

**نمایشتی رەخنەگەریی خێرا** عرض نقدي سريع **Review**

چەند تێبینییەکە یا چەند سەرنجێکی رەخنەگرانەیە کە نووسە
سەبارەت بە نمایشتێکی شانۆیی دەیانخاتە روو, و لە گۆڤارێك
رۆژنامەیێکدا بلاویان دەکاتەوە.

**کێش** الايقاعية المسرحية **Rhythm**

خوڵقاندنی سازانێکە دەنێوان فاکتەرە شانۆییەکاندا. کێشی نواند
سازاندنی دەنگ و ئاخێزە (جوڵە).. وەلێ مەبەست لە کێشی دەرهێ
(الايقـاع الاخراجـي) گونجاندنی نێوان رووناکی, و نواند
دیمەنەکان, و هتد.. دەگەیەنێت.

**کردەی هەڵکشان** الحدث الصاعد **Rising Action**

ئەو بەشەیە کە رووەو تەشقی رووداوەکە هەڵدەکشێت.

**هەڵکشاندنی پەردە** رفع الستارة **Rise**

واتا لابردنی پەردەی پێشەوە لەبۆ ئاشکرا کردنی تەختەی شانۆ، ئەویشی کە لەسەریەتیی.

**درامای رۆمانتیکیی    الدراما الرومانسية    Romantic Drama**

شانۆگەرییەکە چارەسەری چیرۆکێکی ئەڤینداریی دەکات لەسەر بنەمایەك لە نموونەگەریێتیی (مثالية)یەکی تێکەلّ بە واقیع.

**رۆلّ    دور    Role**

ئەو کارەکتەرە شانۆییەیە کە ئەکتەر دەسەر شانۆدا بەرجەستەی دەکات.

**رۆمانتیسیزم    الرومنسية    Romanticism**

1- بنەچەی زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ وشەیەکی کۆنی فەرەنسی (romans) کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەو نۆڤلێتە دەوترا، کە لەمەڕ کاروباری چینی (بالاّ)وە دەدوا، هەروەها وێنای پالّەوانێتی وسوار چاکی، وسۆزدارییەکی پاك وبێگەردی دەکرد.

2- پێدەچی رەخنەگری ئەلّمانی (فردریك شلیگل)ێیکەم کەس بووبێت کە زاراوەی (رۆمانتیك)ی بەکار بردبیّ ئەویش بەمەبەستی ئەوەی بیکاتە هاودژی (کلاس)

3- زاراوەی تایبن لە سەدەی (18)دا وەکی بزاڤێك سەری هەلّدا.

4- (رۆمانتیسیزم) جەخت دەکاتە سەر ئەندێشە وسۆز، و وێناکردنی ئەزموونی خود، وبەها دارکردنی مرۆڤ.

**کۆمیدیای رۆمانتیکیی    الملهاة الرومنسية    Romantic Comedy**



شانۆگەرییەکە مەسەلەی دلّداریی بابەتی سەرەکیی رووداوەکانێ
هەردوو دلّدارش دووچاری چەند بەربەست و نەهامەتییەك دەبن و
بە خۆشنوودیی کۆتایی پێدێت.

**گودە رەنگاوڕەنگەکان    الاقراص الزجاجية    Roundels**

گودەێیکە لە شووشەی رەنگاوڕەنگ دەخرێتە سەر گلّۆپەکان بۆو
رووناکییەك لە هەمان رەنگی گودەکە دەست بکەوێت.

**نواندنی رۆمانتیکیی    تمثيل رومنسي    Romntic Acting**

چەشنێکە لە نواندنی شانۆیی، لە ریّی بزاڤی ئازادترەوە زێدەڕۆیی
وێنا کردنی هەست و سۆز دەکات،بۆیە ئەکتەری (رۆمانتیکی) ئ
ئەکتەرەیە کە ستایلی نواندنی رۆمانتیکی دەگرێتە بەر.

# S

**سارۆدوودلێدۆم    السارودية    Sarodoodledom**

زاراوەکە لە داهێنانی (برناردشۆ)یە و مەبەستی ئەو شانۆییانە ب
کە خودان تەکنیکی بەرز بوونە.. بێگومان زاراوەکەش لە نێ
نووسەری ناوداری فەرەنسی (فیکتۆریان ساردۆ)وە وەرگێراوە.

**درامای ئاینیی**

**acred Drama Religious Drama    الدراما الدينية**

ئـەو شـانۆگەرییەیە کـە لـە دیـدێکی ئاینییـەوە کێشـەیەکی ئـاینیی چارەسەر دەکات.

**تیز الساتورا Satura**

شـانۆگەرییەکە تـوانج لـە خەوشـیی و نەنگییـە کۆمەڵایەتییـەکان, و رەوشتی گەمژە, و بەدخو دەگرێت.

**درامای تیز (تەوس), ساتیر الدراما الهجائیة Satire**

شـانۆگەریی بەگاڵتـە بـە کـەم و کوڕییـە کۆمەڵایەتییـەکان, و رەوشـتی گەمژە, و دڕندە دەکات.

لە بنووسە ساتیرییەکان: یوسکۆ, بێکیت.

**شانۆگەریی ساتیریی مسرحیة ساتیریة Satyr Play**

بنەڕەتی ئەم چەشنە شانۆگەرییە دەگەڕێتـەوە بۆ ئـەو ئاهەنگانـەی کە بـۆ (دیۆنیسـیۆس)ی خوداوەنـد سـاز دەدران. رووالـەتی کارەکتـەر بـەم چەشنەی خوارەوە بوو:

دەمامکدار

دەم و چاو: دەم و چاوی مرۆ

کلك: کلکی ئەسپ

قاچەکان: قاچی بزن

پێست (کەڤڵ): کەڤڵی بزن

تایبەتمەندییەکانی شانۆی تاین ئەمانەن:

جوڵەی بێشەرمانە.

سەمای هەراگەریی.



سووکایەتیی لە گوزارشتی جەستەییدا.

**تەختەی هەڵواسراو خشبة مسقولة Scaffold**

زنانێکـە.. رووبـەرێکی دیـار کـراوی هەیـە لـە جێیـەکی تەختـ
شانۆکەوە بەرز دەکرێتەوە, ئەم زنانەش لە رێی ئەسکەلەوە لە ئاسم
تەختەی شانۆکەدا جێگیر دەبێت.

**درامای خوێندنگە دراما المدارس الاوروبیة chool Drama**

ئەو شانۆگەرییە بوو کە سەرەتا بە زمانی لاتینیی, و ڤێجا ئەڵمان
و دوواترش لە سەردەمی راپەڕیندا و لەژێر کاریگەریی (تأپیر)میتۆ
مرۆڤایـەتیی بـرەوی سـەند, و بریتیـی بـوو لـە تێکسـتی نووسـراو,
وەرگێـڕاو, و تایبـەتیش بـوو بـە شـانۆی خوێندنگـە, و دانیشـگا
ئەویش لە بەرایی چالاککردنی بزاڤە شانۆییەکانی ئەوروپادا بوون.

**دیکۆری شانۆیی الدیکور المسرحي SceneryTheatrical**

1-لە بنەڕەتدا زاراوەکە لاتینییە (décor), و ئەو کەرەستانەیە کە
کۆتاڵ, و تەختە, و شتی تر دروست دەکرێن.

2-(سۆفۆ کلیس) یەکەم کەس بوو کە دیکۆری لە شانۆی (یۆنان
بە کارهێناوە.

3-شانۆی (رۆمان)ی هەمیشە سێ جۆر دیکۆری بەخۆوە بینیوە:

ا-بـەر چـاوگەی شـەقام کـە خانووبـەرەی نێـو شـانۆییە مەرگەس
ئامێزەکان لەخۆ دەگرێت.

ب-بەرچاوگەی شەقام (تایبەت بە خانووبەرەی بەزمەسات)

ج- بەرچاوگەی (لادێ) پتر بۆ کۆمیدیا بەکار دەبرا

4-بەرچاوگەی شانۆیی لە نمایشتەکانی چەرخی ناڤین بریتی بوو لە پاژێکی (کلێسا).

5-بۆ یەکەم جار کە دیکۆری شانۆیی پێشڤەچوونی بەخۆوە بینی لە ئیتالیادا بوو.. کە نیگارکێشی سەلیقە هاتە ئاراوەوە دەسکرا بە نیگارکردنی باخچە و شەقام و بەرچاوگەی تری دەرەوە. بەرچاوگەی (لادێ) پتر بۆ لەبۆ کۆمیدیا بەکار ئەبرا.

6-لە سەدەی (18)دا قۆقزی شانۆیی (البرواز المسرحی) دروست کرا بەوەش بەرچاوگەکان چوونە نێو چوارچێوەیەکدا.

7-پاشان دیکۆرساز, و دەرهێنەری سەلیقەدار پەیدا بوون و ئیدی دیکۆری شانۆیی بوو بە خودان میتۆدی جیا.. جیا.

8-زاراوەی دیکۆر وابەستەی چەند وشەیەکی تریشە وەکو:

*کێشندەی بەرچاوگە جرار منظري SceneryWagon

زنانێکی دارینە چەند رەوڕەوەیێکی لە ژێرە لەبۆ هەڵگرتن و لابردنی پارچە گەورەکانی دیکۆر بەکار دێت.

*لابردنی بەرچاوگەکان ازاحة المناظر ShiftingScenery

گوێزانەوەی پارچەی بەر چاوگەکانە.

*کۆ کردنەوەی بەرچاوگە التصميم JoiningScenery

واتا لێیک لکاندنی پاژەکانی بەرچاوگە لە رێی بزمار, و چتی تروە

*هەڵپەساردنی بەرچاوگە تسنيد المنظر BracingScenery

راگرتنی پارچەکانی دیکۆرەکەیە لەسەر شانۆکەدا

*بونیادنانی بەرچاوگە تشيد المناظر ConstractingScenery

واتا بونیادنانی یەکە هاوبەشەکانی بەرچاوگە لەنێو دیکۆری گشتییدا.



**دیمەن المشهد Scene**

کاتێك کە بەشی شانۆگەرییەك دەکرێتە چەند پاژێك ئەوە هەر یەك
پاژانە دیمەنێکن.

**رابووریني لەیەکدژ عبور متعاكس cissor Crose**

رێکردنی دوو ئەکتەری سەر شانۆیە بەپێچەوانەی یەکتر و لەی
ساتیشدا.

**شانۆگەرییەکانی خوێندنگە**

**مسرحيات المدارس بانجلترا School Plays**

ئەو شانۆگەرییانە بوون کە پاش ئەوەی لە لاتینییەوە کران
ئەڵمانیی و ڤێجا لە سەردەمی راپەریندا لە ژێر کاریگەری میتۆ
مرۆڤایەتیی گەشەیان کردووە, و لە قوتابخانە و زانکۆکاندا لە بەر
جموجۆڵی بزاڤە شانۆییەکان دە (ئەوروپا)دا پێشکەش کراون.

**نیگارکێشی بەرچاوگە رسام المنظر Scene Painter**

ئەو کەسەیە کە وێنەی نێو بەرچاوگەکان دەکێشێ, وەکو (درەخ
شەقام, ئاسمان, دۆڵ و چیا و چڕستان, و هتد..).

**بەرچاوگەسازی شانۆیی**

**مصمم المناظر المسرحية cene Designer**

ئەو هونەرمەندەیە کە هەڵدەستی بە وێنەکێشان و ئافەریدە کرد
بەرچاوگەکان.

**بەرچاوگە گۆڕکێ    تغيير المناظر    Scene Shift**

لابردنی بەرچاوگە شانۆییەکانە بە چەند شێوەیێك:

بەدەست.

هەڵکێشانی پارچەکانی بەرچاوگەکە رووەو بۆشایی سەرەوەی شانۆکە.

راکێشانی بۆ دەرەوەی شانۆ.

داگرتنی بۆ ژێر تەختەی شانۆکە کە ئەویش لەرێی ئامێری بڵندکەرەکەوە (مصعد)ەوە ئەنجام دەدرێت.

بەکار هێنانی شانۆی سوڕاوە یان ئەسانسێریی (مصعد)، یا هەڵدێرگە (منزلق).

**شانۆی نیو بازنەیی    مسرح نصف آريني    semi- arena the atre**

ئەو شانۆیەیە کە کورسی بینەران بە شێوەی نیمچە بازنەیەك بەدەوریدا دانراوە.

**تراژیدیای سنیکایی    المأساة السينكاوية    Senecan Tragedy**

لە ناوی فەیلەسوفی رۆمانیی (سنیکا)ەوە وەرگیراوە کە نۆ تراژیدیای بە ستایلێك نووسیوەتەوە کە بە هیچ کلۆجێك لەسەر سەکۆی شانۆدا نمایشت نەکرێن.

(تۆماس کید) و (شەکسپیر). تا رادەیێك لەژێر کاریگەریی بنووسی ناوبراودا بەرهەمەکانیان نووسیونەتەوە.

**پسوولەی وەرزیی    البطاقة الموسمية    Season Ticket**



پسوولەیەکە لەبۆ بینینی تەواوی شانۆگەرییەکانی وەرزێك بە
دەبڕێت.

**وەرزی شانۆیی    الموسم المسرحي    Season**

ئەو ماوەیەیە کە شانۆیەك لە ساڵێکدا نمایشتەکانی تێیدا پێشکە
دەکات.

**بەرچاوگەی شانۆیی**

**المنظر المسرحي    Set, Setting, Stage Setting**

کۆی ئەو پێکهاتانەیە کە تایبەتمەندن بە دیمەن و لەسەر سەک
(شانۆ)دا دادەنرێن.

**قۆناغەکانی نواندن    المراحل التمثيلية    Se Quences**

زنجیرەیەکی لەیەك ئاڵاوی حاڵەتەکانی نواندنە کە ل
چوارچێوەییەکەی کردەی شانۆییدا پەرەدەسێنێ.

**رۆڵی شێلگیر    دور جدي    SeriousRole**

ئەو پاژەیە کە لە نواندندا ئەکتەر شێلگیرانە بەرجەستەی دەکات.

**رۆڵی دووەم    الدور الثاني    SecondRole**

ئەو رۆڵە گرنگەیە کە پاش رۆڵی سەرەکیی دێت.

**درامای ژین داریی    الدراما الحياتية    Secular Drama**

ئەو شانۆگەرییەیە کە ئامانجی خزمەتکردنی مەبەستێکی ئاینیی نییە دەشێ بابەتێکی ئاینیی تاوتوێ بکات وەلێ نەك لەسەر ئاستی مژدە بەخشێکی ئاینیی.

**درامای سۆزداریی الدراما العواطفية Sentimental Drama**

بەزمەساتێکە باس لە کێشە سۆزدارییەکانی چینی ناوەڕاست دەکات. لـە کۆتاییــەکانی ســەدەی (17) و ســەرەتاکانی ســەدەی (18) لــە ئینگلتەرادا سەری هەڵداوە.

**درامای شێلگیر الدراما الجدية Serious Drama**

ئەو شانۆگەرییەیە کە شێلگیرانە چارەسەری کێشەکانی مرۆ دەکات.

**کوارتۆی شەکسپیر**

**الكوارتو الشكسبيري (Shakes Pearean Quarto)**

سەرجەمی ئەو شانۆگەرییانەی شەکسپیرە کە هێشتا خۆی لە ژیاندا بوو بۆیان لە چاپ دا. ژمارەیان (8) شانۆگەریی بوو و لە پێنج بەرگدا بڵاوکرانەوە.

**شانۆی سەراو مسرح عائم Show Boat**

شـانۆی گەمیـە – ئـەو شـانۆ هامادەیـە کـە ئـاوی رووبـار یـا دەریـا لـە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەیگوێزێتەوە.

**نمایشتی سەهەن خيال الظل Shadow Show**



جۆرێکـە لـە شـانۆی (بووکـە شووشـە)، هەنـدێك دەڵـێن مێژووەک
دەگەڕێتـەوە بـۆ چـین وەلـێ هەنـدێکی دی رایـان وایـە کـە (هندست
نشیمەنی راستەکییەتیی.

ئەم شانۆیەش بریتییە لە پەردەییێکی سپی و تەنك، بەستراوەتە
کاریتەی دارینەوە، ئەکتەرانش لە پشتی پەردەکەوە دەوەستن، و پا
کوژانـەوەی گلۆپـەکانی نێـو هـۆڵی بینـەران، و هـەڵکردنی گلـۆپی پش
پەردەکـە، بووکـە شووشـەکانی دەسـتیان دەچەسـپێننە قـەد پەردەک
رۆڵەکانیان پێ دەنوێنن.

**مەرگەساتی ئافرەتی پاڵەوان**

**مسرحية المرأة البطلة ...he- Tragedy**

شانۆگەرییەکی کەسەر ئامێزە لە کۆتـایی سـەدەی حەڤدە و هـەژدە
(ئینگلتـەرا)دا بـاو بـووە. بابەتـەکانی سـەبارەت بـە خۆشەویسـتی
ئابڕوومەنـدیی و خۆبـەخت کـردن بـووە وەلـێ لـە رێـی دەربڕینێک
مەرگەسـاتییانەوە، رۆڵـی سـەرەکیی ئافرەتێـك دەینـوێنێ کـە بـەپ
کەسێتییەکە بەدبەختە.

**دۆخی دراماتیك الموقف الدرامي ...Situation, Dramatic**

1–ئەو خاڵەیە کە یەکێك لە کردەکانی گەڵاڵـە (الحبكـە) گەشـەی ل
دەکات.

2–پێوەنـدیی بـارودۆخی ئەکتەرەکانـە لەگـەڵ یەکـدی و لـە سـاتێ
گرنگدا.

**نمایشتی گۆلمەز، گاڵتە و گەپ تمثيلية مزاجية Skit Turn**

چـەند دیمـەنێکی کۆمیـدیی پەیوەسـتدارن، هەمیشـە دەنێـو یـەك بەشێکدان.

**پەردەی ئاسمانیی    ستارة سماوية    Sky Drop**

پەردەیەکی نیگار گێشراوە، دەکەوێتە پشتی بەرچاوگەکە و گوزارشت لە ئاسمان دەکات وەلیٚ لە ساتێکی دیار کراودا.

**کۆمیدیای قۆشمەگەریی    ملهاه تهريجيه    Slapstick Comedy**

واتای وشەکە لە زمانی ئینگلیزییدا ئەو کوتەکەیە کە قۆشمەچی لە ساتی نوواندنیدا بەکاری بردووە، ئیدی لەمە بەدووا وشەکە دزەی کردووتە نێو بواری درامای (بەزمەسات)دا بۆوەی ئاماژەیەك بێت لەبۆ ئەو نمایشتە ئاست نزمەی کە تژییە لە قۆشمە و هەراگەریی جەستەیی تەواوی ئەمانەش تەنیا لەپێناو هێنانە پێکەنینی بینەرن.

**پاژێکی ژیان    شريحة من الحياة    Slice Of Life**

درامای سرووشتیی لە فەرنسادا هەوڵی دا کە واقیعێکی پەتیی لەسەر شانۆدا پێشکەش بکات و بێ ئەوەی پشت بە تەکنیکی شانۆیی ببەستێت.

**پەردەی هێووڵ، ئارام، هێدی    ستارة بطيئة    Slow Curtain**

کردنەوە و لابردنی پەردەیە بە ئارامیی.

**تووڕەکەی بەفر    كيس الثلج    Snow Bag**



پارچە کۆتاڵێکی درێژ و کون ڕێژە. پاژە کاغەزی جگار چکۆلا
تێدەکرێت و ئەویش بەریدەداتەوە سەر سەکۆی شانۆ بۆ ئەوەی بی
بە بارینی بەفری تێبگات.

**خۆبێژیی    المناجاة الفردية    Soliloquy**

گوتارێکی درێژە بە دەنگێکی بیستراو و بێ پسان کارەکتەر
دەیڵێتەوە، و تێیدا گوزارشت لە ناخ هزرە پەنهانەکانی خودی خ
دەکات، یا هەندیٚ جار بینەر ئاشنای چەند راستییەکی جەوهەر
دەکات کە پێوەندییان هەیە بە گەڵاڵە (حبكە)ی شانۆگەرییەک
نموونە ئەمەش ئەو خۆبێژییەی (هاملێت)ە کە بە ( be or not to
be) دەست پێدەکات.

**کارتێکەرە دەنگییەکان    المؤثرات الصوتية    oundEffects**

چەند ئامێرێکن وەکو میکسەر و هەندیٚ ئامێری تر کە لە ک
نمایشتی شانۆییدا دەنگی جۆراوجۆر دەردەکەن.

**درامای کۆمەڵایەتیی    الدراما الاجتماعية    Social Drama**

ئەو شانۆگەرییەیە کە باس لە کاروباری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ دەکات.

**درامای کۆمەڵگای باڵا    دراما المجتمع الراقي    ociety Drama**

ئەو شانۆگەرییەیە کە هەڵس و کەوت دەگەڵ کاروباری چینی بەر
دەکات.

**ڕاستخوازیی سۆسیالیستیی    الواقعية الاشتراكية    ocialist Realism**

ئەم زاراوەەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی (1932) و لە (سۆڤیەت)دا وەك بزاوتێکی نەیار و دژ بە شانۆگەرییە تەقلیدییەکان سەری هەڵدا.

**سۆگگێتتۆ    سوجيتو    Soggetto**

بەو هێڵکار (مخگگ)ە شانۆییە دەووترا کە کۆمیدیای دەسازاند.

**43شانۆگەریی گەمژەلان    مسرحية المغفلين    Sotie (Sottie)**

چەشنێکە لەو کورتە شانۆییە گاڵتەجارِییانەی کە لە سەدەی چواردە لە فەرەنسادا باو بووە. بابەتەکانی سەبارەت رووداوەکانی ئەو سەردەمە بوونە و ئەکتەرەکانشی جلکێکیان لەبەر دەکرد کە کەسانی گەمژە لەبەریان دەکرد.

**تاك ژەنیی    لحن منفرد    Solo**

ئاوازێکە تاکە کەسێك دەیژەنێت.

**درامای ئاخاوتن    الدراما المنطوقة    Spoken Drama**

ئەو شانۆگەرییەیە کە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ئاخاوتن بونیاد نراوە هەر بۆیە پێچەوانەی درامای هێماگەریی (الايمائيه)یە.

**تەختەی دووپاژ    مسرح مشطور    Split Stage**

کاتێك کە سەکۆی شانۆ دەکرێتە دووپاژەوە و هەر یەکە و دیمەنێکی سەربەخۆ لەخۆ دەگرێت.

**رەوشەنکاری جەخت    كشاف مركز    Spot Light**

ئامێرێکە رووناکییەکی جەخت دەخاتە سەر شوێنێکی دیار کراوی شانۆکە.



**هاوێنەرووناکیی بەربڵاو    عدسة ضوء انتشاري    pread Lens**

هاوێنەیێکی شووشەییە دەخرێتە سەر ئامێری رووناکیی بۆو
تیشکەکانی پان و بەربڵاو بکات.

**ئەسرێلکی (سپرتۆ)    صمغ كحولي    Spiritcum**

ئەسرێلکێکی تراو (سائل)ە لەبۆ چەسپاندن و نووساندنی توو
دەستکرد بەکار دەهێنرێت.

**بەرچاوگە    المنظورات المسرحية    Spectacle**

تەواوی ئەو شتانەیە کە بەرچاوی بینەر دەکەون وەکو (جل و بەر
دیکۆری شانۆیی, بزاوتی ئەکتەران و چتی تر).

**بینەران, تەماشاڤانان    المتفرجون    Spectators**

ئەوانەن کە تەماشای شانۆگەرییەکە دەکن.

**خۆسەلماندنی شانۆیی الحضور المسرحي    Stage Presence**

**ئامادەبوونی شانۆیی**

ئەو توانستە پڕ روو (معنوی)ییەی ناخی ئەکتەرە کە دەتوانێ
سەرنجی بینەر بەلای خۆیدا بەرێت.

**دزینی نواندن    التسريق    Steal The Show**

1-دزینی ئەکتەرێکە لە لایەن ئەکتەرێکی ترەوە لە رێی جوڵەیە
ناشایستەوە کە دەبێتە مایەی سەرنج بردنی وەرگر بەلای خۆیدا.

2–سەرکەوتنی ئەکتەرێکی لاوەکییە بەسەر کەسێتییە سەرەکییەکاندا و بە چەشنێکی چاوەڕوان نەکراو.

**دۆخە نەگۆڕەکان (تامێلاکان)**

**المواقف الكرورة Stock Situations**

ئەو دۆخانەن کە لە زۆربەی شانۆگەرییەکاندا تامێلا دەبنەوە هەر وەکو ئەو پیاوەی دەرگا والآ دەکات و ژنەکەی لە باوشی هاوڕێکەیدا دەبینێتەوە, یا خۆشەویستییەك لە یەکەم دیتنەوە.

**ڕێنماییە شانۆییەکان الارشادات المسرحية Stage Directions**

ئەو تێبینییانەیە کە نووسەر لەتەك دیالۆژەکاندا دەیانووسێت.

**ستاسیمۆن المنشد Stasimon**

سروودی کۆرسی شانۆی گریکییە.

**سرتەسرتی شانۆیی همسة مسرحية Stage Whisper**

چەند وشەیەکە ئەکتەرێك بەگوێی ئەکتەرێکی تردا دەیچرپێنێ ئەویش بەو مەبەستەی کە ئەکتەرەکانی تر گوێیان لێنەبێت و تەنها بینەر لێی تێبگات.

**سوزاندنی پێکەنین حرق الضحكة Stepon Someones, Laugh**

بە گۆهاتنی ئەکتەرە بەر لەوەی بینەر لە پێکەنینی خۆی بووبێتەوە.

**سەرنجبەر لافت Strong**

بەو (دیالۆك, کردە, بزاڤی شانۆیی)یە دەوترێت کە جێی بایەخ پێدانە و سەرنجی بینەر بەلای خۆیدا دەبات.



**شانەکانی ڕووناکیی امشاط الاضاءة Strip Lights**

پێکهاتووە لە ریزێك بلاجیکتۆر کە بەستراون بەیەکەوە.

**شانۆگەریی چیرۆکاویی مسرحية قصة Story Play**

شانۆگەرییەکە زێتر پشت بە گێڕانەوە چیرۆکێك دەبەستێت وەك
تاوتۆێ کردن و قسە کردن لەسەر بابەتی هزر و بیر.

**شانۆگەریی نەگۆڕ (وەستاو) مسرحية راكدة Static Play**

ئەو شانۆگەرییەیە کە کەسێتییەکانی یا کێشەکانی نەگۆڕن و پش
بە هەڤپەیڤین دەبەستێت بۆ ئەوەی بایەخێك بە بزاوتی شانۆیی بدات

**شێواز، ستایل الاسلوب style**

لە بواری شانۆدا بەواتای (کەشی گوزارشت کردن لە رو
میتۆدییەوە) (گقس التعبير من الناحيه المڤهبيه) دەگەیەنێت. بەم پ
گەر بلێین (شانۆگەرییەکە دەڕەوشێنێ) واتا بە داڕشتەیێکی کلاس
یان ڕۆمانتیکی، یا گوزارشتخوازیی، یاخود هێماگەریی کارەک
پێشکەش دەکات.. وەلێ گەر وتمان فلانە شانۆگەریی تراژیدیی
یان کۆمیدیی بوو، ئەوە ڕەگەزە دراماتیکییەکەیمان دەستنیش
کردووە و لەگەڵ (ڕەووش) شێوازدا جیاوازە.

**کارەکتەرە کلێشەییەکان الشخصيات المكرورة ock Characters**

ئەو کەسێتییە شانۆییانەن کە خاوەنی تایبەتمەندیی سایکۆلۆژ
یا کۆمەڵایەتیی, دیارکراون, و هەییپدشە دووبارە دەبنەوە, لە زۆرب
شانۆگەرییەکانی سەدەی نۆزدەدا کارەکتەرە سەرەکییەکان تام

بوون, واتا هەمان کارەکتەری شانۆگەرییەکانی پێشووتر بوون, وەکو (خزمەتکاری فێڵباز, دکتۆری هەڵەکار, هتد).

**گوزەرکردنی شانۆیی     مشية مسرحية     Stage Walk**

زنجیرە پێنگاڤێکە ئەکتەر لەسەر سەکۆی شانۆدا ئەنجامی دەدات و وای دەنوێنێ کە مەودایەکی دورودرێژی بڕیبێ.

**میتۆدی ستانسلاڤسکی**

**طريقة استانسلافسكي     Stanislavsky Method**

ڕێبازێکی نواندنە. بەناوی دەرهێنەر و بنووسی روسیی (کۆنستانتین سێرگیفتش ئەلکسیڤ)ەوە ناوبراوە کە ئێکێکە لە دامەزرێنەر و دەرهێنەرانی (شانۆی مۆسکۆی هونەریی) بەڵکو لە گرنگترین بنووسانی میتۆدی شانۆییە.. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدەش:

سەرخستنی سرووشتخوازەکان لە نواندا.

پێویستە ئەکتەر توانستە داهێنەرەکانی خودی خۆی لە ڕێی مەشقی تەن, و هزرەوە ئاشکرا بکات.

پێویستە ئەکتەر پتر لە پەنهانییەکانی ئەو کارەکتەرە شارەزا بێت کە نیازی بەرجەستە کردنێتیی.

**ناوچەکانی تەختەی شانۆ     مناطق الخشبة     Stage Area**

جوگرافیای سەکۆ

کاڤاری نواندن لەبۆ ساناکردنی بزاوتی ئەکتەر, دابەش کراوەتە چەند ناچەیەکی خەیاڵاویی وەکو:

سەرووی چەپ     Up Left



چەپ     Left

خوارووی چەپ     Down Left

چەپی ناوەڕاست     Left Centre

سەرووی چەپی ناوەڕاست     Up Left Centre

سەرووی ناوەڕاست     Up Centre

ناوەڕاست     Centre

خوارووی ناوەڕاست     Down Centre

خوارووی راستی ناڤەند     Down Right Centre

10. راستی ناڤەند     Right Centre

11. سەرووی راستی ناڤەند     Up Right Centre

12. سەرووی راست     Up Right

13. راست     Right

14. خوارووی راست     Down Right

**نواندنی راستەوخۆ     الاداء المتحفظ     Straight**

ئەوەیە کە ئەکتەر راستە و راست و بە شێوەیێکی ئاسایی و بێ ه
هەڵچوونێك رۆڵی خۆی بنوێنێ.

**وێنەی شانۆیی     الصورة المسرحية     Stage Picture**

دیتنی سەکۆی شانۆکە- و قۆقزی دەوروبەرێتی لە ساتێکی د
کراودا کە ئەکتەرەکان تێیدا و لەگەڵ یەکتردا پەیوەندیی هونەر
دەبەستن.

**هەڤپەیڤینی رستەیی     حوار سطري     Stich Omy Thia**

هەڤپـــەیڤینێکی نێـــوان دوو کارەکتـــەرە هـــەر یەکـــەو بـــە چـــەند دەســتەواژەیێکی کــورت دەریــدەبڕن کــە تێیــدا هەســت بــە هەڵچــوون دەکرێت ئەم هەڤپەیڤینەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هەلۆیستە ورووژاوەکانی شانۆی گریکیی هەروەها (سنیکا) لە شانۆ رۆمانیدا و شەکسپیرش لە شانۆی ئینگلیزیدا بەکاریان هێناوە.

**ئەکتەرە گەڕۆکەکان  الممثلون المتجولون  Strolling Players**

کۆمەڵە ئەکتەرێکی بە شاراندا دەگەڕێن و کارەکانیان نمایشت دەکەن.

**بارۆقە و گوشار  العاصفة و الدفع  Stormand Stress**

بـەو کۆمەڵـە بنووسـە ئەڵمانییانـە دەوتـرێ کـە لـە سـەدەی (18)دا هـەوڵیان دەدا لـە ژێـر رکێفـی کلاسـییەتی فەرەنسـیی قوتـار بـن، و شەکسپیرش بکەن بە نموونە ئەویش بەوێنا کردنی (ئازادیی، راستیی، سرووشت)ە لەسەر سەکۆی نواندندا. لە پێشرەوەکانی ئەم کۆمەڵەش (گۆتـە، شـیللەر، لینـز، کیلجـەر) بـوون. هـەروەها نازنـاوی بزاڤەکـەش لەناوی شانۆگەرییەکی (کلیجەر)ەوە وەرگیراوە.

**بزگوڕی تەختە  اثاث الخشبة  Stag Furniture**

ئەو پارچە بزگوڕ و پەلانەیە کە لەسەر سەکۆی شانۆدا دادەنرێن.

**ئەستێرەی شانۆیی  نجم مسرحي  Star**

چاکترین ئەکتەری نێو تیپی شانۆییە کە هەمیشە پاش ناونیشانی شامۆگەرییەکە ناوی ئەم لە پڕوپاگەندەکاندا باس دەکرێت.



**بنەمای دراماتیک  البناء الدرامي  Structure, Dramatic**

ئەو تەنە دراماتیکییە کاملْ بووەیە کە لە چەند فاکتەرێکی سازێن پێکهاتووە و بەپێی ئارەزوویێکی دیار کراو بۆ ئەوەی کار لەسەر بی بکات.

**تیرەزارۆك  الاضحوكة  Stooge**

ئەو کەسە، یا ئەو چتەیە کە ئەکتەری کۆمیدیی لەبۆ راژۆ و گاڵت گەپی خۆی دەستنیشانی دەکات و دەبێتە مایەی پێکەنینی جەماوە

**بەڕێوەبەری تەختەی شانۆ  مدیر المرزح  Stage Manger**

بەرپرسی پراکتیزە کردنی کارە هونەرییەکانە وەکی رووناکی، و و بەرگ، و چتی تر. ئەویش بەپێی نەخشەی دەرهێنەر.

**تەختەی شانۆ، سەکۆ  المسرح، خشبة التمثيل، المرزح  Stage**

ئەو دەڤەریە کە نمایشتی لەسەر دەکرێت.

**بەدواداچوون (چاوەڕوانیی)  الترقب، التشويق  uspense**

ئێکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی بنەمای شانۆیی کەوا لە بینەر دەک بە ئەڵهاوە چاوەنواڕی ئاکامی رووداوەکان بێت.

**شانۆی هاوینان  المسرح الصيفي  summer the atre**

1- شـانۆیەکە لـە وەرزی هاوینـدا نمایشـتی شـانۆیی تێـدا ئـەن دەدرێت.

2- یـا ئـەو تیپـە شـانۆییەیە کـە لـە وەرزی هاوینـدا کارەکـ

نمایشتدەكات.

**كۆمبارس     نكرة مسرحية     Supernumerary**

كەسێكە لەبۆ پتر كردنی ژمارەی كەسەكان دەسەر شانۆدا دەر دەكەوێت. یا ئەو ئەكتەرەیە كە لە شانۆگەرییەكدا رۆڵ دەبینێت بێئەوەی بئاخڤێت.

**گەلاڵەی لاوەكیی     الحبكة الثانوية     Subplot Subordinate plot**

جاروبار وابەستەی گەلاڵەی سەرەكییە.. هەندێك جارش هاودژێتی.. دەشێ لێشی جودا بێت.

**سەرسورمان     المباغتة     Surprise**

سەرسام كردنی بینەرە بە رووداوێكی چاوەڕوان نەكراو.

**سەركەوتنی بێبینەر     نجاح بلا جمهور     Succes Destim**

ئەو شانۆگەرییەیە كە لە رووی هونەرییەوە سەركەوتووە وەلێ لە رووی ئامادە بوونی بینەرەوە ژێر كەوتووە.

**سووریالیزم     السريالية     Surrealism**

**سەرووی واقیع**

زاراوەیەكی فەرەنسییە و وێدەچێ نووسەر و شاعیری شانۆیی (ئەبۆللینێر, 1880- 1918) یەكەم كەس بووبێت كە بەكاری هێنابێ. وەلێ دامەزراێنەری بزاڤی سووریالیزم (ئەندرێ بریتۆن)ی شاعیر بوو كە لە (دادایزم) جوێ بووەوە و لە ساڵی (1924)دا یەكەم بەیاننامەی خۆی سەبارەت بە بزاڤەكەی بڵاو كردەوە. ئەو بیرۆكە سەرەكییەی كە



بزاڤەكەی لەسەر دامەزرا تەڤلێك بوو لە (دادایی)و (فرۆیدی) بەهەر
ئامانجی سووریالیزم قوناركردنی داهێنانی هونەرییە لە ژێر ركێ
لۆژیك و بنەما مۆڕاڵییەكان, بە واتایەكی تر لە دیدی ئەواندا راس
لەو ساتەدا بەرجەستە دەبێت كە ئاریش (العقل), و بیرسا (منگ
ئاكار و ئاین لەوپەڕی بێدەسەلاتی دابن و بە هیچ كلۆجێك توان
ركێف كردنیان نەبێت.

**نمایشتی ئاوێتە     العرض المسرحي المركب     Syn Thsesis**

رەووشێكە لە پێكهێنانی نمایشتی شانۆیی, هەوڵ بۆ ئاوێتە كرد
فاكتەرە هونەرییە جیاوازەكان دەدا بۆوەی نمایشتێك پێك بێنێت
شێوازێكی هونەریی یەك گرتووە.

**هێما خوازیی     الرمزية     Symbolism**

بزاڤێكی وێژەییە لە نیوەی دووهەمی سەدەی (19)دا وەكو بەرت
(رد فعل)ێكی دژ بە هەردوو قوتابخانەی (ریالیزم و سرووشتخوزا
لە فەرنسادا سەری هەڵدا. پێشەوایانی ئەم بزافەش هۆزانڤانی لیریك
بوون- نەك شانۆكار- لەوانە: بۆدلێر, فرلین, رامبۆ, میرل, مالار
ئەمانە ئەو بڕوایەیان رەددەكردنەوە كە ریالیزم و سرووشتخوازە
دەرهەق بە هزری بێدار (العقل الواعی) و فۆرمە دەرەكییەكانی واقی
سرووشت هەیان بوو. بۆیە هێما خوازەكان بەلای ئەوەدا دەهاتن كە
راستییەی نەیارەكانیان هەوڵیان بۆ دەدا لە هزری ناوەكیی (الع
الداخلی)دا دەدۆزرێتەوە. جا گوزارشت لێ كردنی دەبێت لە رێی هێ
و تیفرۆسماندن (الایحاو), و سەرنج دانەوە بێت. چونكە وان فاكتە
كارای واتاكانی نێو هزری بنووسن.

# T

**دیمەنی بێدەنگ مشهد صامت Tableau**

1–تابلۆیەکی زیندووە کۆمەڵێ ئەکتەر بە بێدەنگ و جوڵە دروستی دەکەن. دەشێ هەر دیمەنی بێدەنگش ببێت بە کۆتایی شانۆگەرییەکە یا دیمەنەکە.

2–پێدەچێ مەبەست لەو شانۆگەرییانە بووبێت کە پێکهاتەی سەما، و هێما، و مۆسیقا، و دیمەنی قەشەنگبن.

**دەست بە سەرا گرتن الاستیلاء Take**

هەوڵدانی ئەکتەرێکە لەبۆ سەرنج راکێشانی بینەر لە رێی بزاوتن و داگیر کردنی گرنگترین ناوچەکانی تەختەی شانۆکە.

**سڵاو کردن التحیة Take a call, Bow**

پاش تەواو بوونی شانۆگەرییەکە ئەکتەران بەرەو لێواری پێشەوەی شانۆکە دەچن و سڵاوی خۆیان ئاراستەی بینەر دەکەن.



**شانۆگەریی هەڤپەیڤیناوی مسرحیة کلامیة Talky Play**

شانۆگەرییەکە تێیدا دیالۆژ زاڵە بەسەر بزاڤدا.

**دەقی چاپکراو، تێکست النص المطبوع Text**

دەقی شانۆییەکە کە لە چاپ درابێت و لەگەڵ دەقی (ئەکتەر)ش
جیاواز بێت.

**کۆمیدیای گریاناویی الملهاة الدامعة Tearful Comedy**

بەزمەساتێکە ئامانجی ئەوەیە کە بینەر رۆنکی شادیی دابباریێن
ئەویش بەهۆی ئەو کێشانەی کە پاڵەوانەکە بەهۆی چارە رەشییەو
دووچاریان دەبێت. تایبەتمەندییەکانی ئەم (کۆمیدیا)یەش بریتیین
(سۆزدارییەکی لە رادەبەدەر، زمانێکی شیعریی ورد (دقیـ
کۆتاییەکی خۆشنوود).

**ئاماژە تومئة Telegraph**

ئاماژەیەکە ئەکتەر ئاراستەی بینەری دەکات بۆ ئەوەی ئاوڕ
ئەکتەرێکی دی بداتەوە کە نیازی کارێکە یا دەیەوێت شتێك بڵێت.

**تەکنیك حِرْفیة Technique**

چۆنێتی پراکتیزە کردنی و ئافەریدە کردنی هەر کارێکە بۆیە
دوترێ: تەکنیکی دەرهێنان، تەکنیکی نووسین، تەکنیکی بزاڤ
رووناهیی، و هتد...
واتا ئەو شێوازەی کە داهێنەر بۆ کارەکەی دەست نیشانی دەکات.

**تەنگژەی دراماتیکیی    التوتر الدرامي    Tenson, Dramatic**

ئەو ساتەیە کە کەف و کوڵی کردەکان دەگاتە تەشق

**چوارینەی شانۆیی    رباعية مسرحية    Tetralogy**

هۆزانڤانی (مەرگەسات)ی گریکی لە پێشبڕکێ درامایییەکانی سەدەی پێنجەمی (پ. ز)دا بە چوارینەیێك بەشدار دەبوون کە پێکدەهات سێ تراژیدیا و شانۆییەکی ساتیریی.

2-لە سەردەمی نڤاریشدا بەو چوار شانۆگەرییە دەوترێت کە بەرووبووا چارەسەری تەنیا بابەتێك یا بیرۆکەیەکیان دەکرد.. ئەو بابەتە یا بیرۆکەیە لە شانۆگەرییەکەوە بۆ ئێکێکی دی برەوی پێدەدرا.

**خاڤکی پێشبەر (تیەزەر)    البرقع القوس (الواجهة)    Teaser**

دەکەوێتە ئەودیوی کەوانەی شانۆکەوە..بۆ شاردنەوەی میچی شانۆکە بەکار دێت.

**سی وشەش رەوشی دراماتیکی    المواقف الدرامية الستة و الثلاثون**

**Thirty-Six Dramatic Situations**

بنووسی شانۆیی کارلۆ جۆزی (1720- 1806) ئیتالی پێی وابوو کە بنووسانی دراما بەرهەمەکانیان لە سی و شەش بابەتەوە وەردەگرن کە بریتین لە :

1- نزا.
2- رزگار کردن.
3- تاوانێك کە تۆڵە سەندنەوەی بەدواوە بێت.
4- تۆڵە سەندنەوەی کەسێك لە ناسیارێکی خۆی.



5- راونان: هەڵاتوویەك و سزایێك.
6- رووشە: کەسی سەرکەوتوو, و کەسی ژێر کەوتوو.
7- کەوتنە نێو داوی بەدبەختیی و دڵڕەقییەوە.
8-شۆڕش و کودەتا.
9- پاڵەوانێتیی زاتدارێك.
10- رفاندن.
11- گرێیەك پێویستە شیبکرێتەوە.
12- دادگایی کردن.
13- دژایەتی کردنی ناسیاران
14- کێبەرکێ کردنی ناسیاران.
15- داوێن پیسییەك کە وابەستەی کوشتن بێت.
16- شێتیی و بێ ئاوەزیی.
17- هەڵەشەیی, قوربانییەکانی هەڵەشەیی.
18- تاوانەکانی خۆشەویستی زۆرەملێ.
19- کوشتنی ناسیارێك بە هەڵە.
20- سەرگەرد کردنی بە کۆمەڵ لە پێناو بەهایەکی نموونەیی.
21- سەرگەرد کردنی خود لە پێناو ناسیارێك.
22- سەرگەرد کردنی بەکۆمەڵ لە پێناو سۆزدا.
23- ناچار بوون بە سەرگەرد کردنی خۆشەویست.
24- کێبەرکێی نێوان چینی بەرز, و چینی خوار.
25- داوێن پیسی.
26- تاوانەکانی خۆشەویستی.
27- ئاشکرا بوونی داوێن پیسی خۆشەویست.
28- بەربەستی نێوان دوو دڵدار.

29- خۆشویستنی نەیار.

30- ویست و ئارەزوو.

31- ململانێی نێوان مرۆیەك و خواوەندێك.

32- دڵ لێپیسکردنی نەفامانە.

33- سەرگەردێك لە ژێر فەرمانێکی دادگایی دا.

34- پەشیمانیی و سەرزەنشت کردنی ویژدان.

35- گەڕاندنەوەی چتێکی ونبوو.

36- لە دەستچوونی خۆشەویستێك.

**شانۆ- نمایشتگە المسرح- دار التمثیل Theatre (Theater)**

ئەو کاڤارەیە کە پێکدێت لە سەکۆی شانۆ و هۆڵی بینەران.

**شانۆگەریی بانگەشە مسرحیة الدعوة Thesis Play**

**شانۆگەریی کێشە Problem Play**

ئەو شانۆگەرییەیە کە چارەسەری ئایدیایەکی دیار کراو دەکات و بنووسەکەشی بانگەشەی بۆ دەکات و داوای پشتگیریی لێکردنی دەکات. کارە سەرەتاییەکانی برناردشۆ نموونەی ئەم چەشنەن.

**شانۆخوازیی المرزحیّة Theatriclism**

میتۆدێکی شانۆییە لە دەساڵی یەکەمی سەدەی بیستەم لە رووسیا و ئەڵمانیادا وەکی نەیارێك بەرامبەر بە میتۆدی سروشت خوازیی برەوی پێدراوە. ئەم میتۆدە بە بنەمایەك خۆی تۆکمە دەکات کە ئەویش (شانۆ شانۆیە نەك ژیان).

**واتای سەرەکیی- تێم الثیمة- الفکرة الاساسیة Theme**



ئەو بیرۆکە سەرەکییەیە کە بەسەر شانۆگەرییەکەدا زاڵە.

(تێم)ی ئەلیزابیسیی: مەبەست لەو ئەکتەرە بوو کە پاش تەواوبوو
کارەکە لەسەر شانۆ دەوەستاو بەپێی ویستی بینەر شیعرێکی
دەهێنا.

**بەڕێوەبەری گشتیی شانۆ**

**المدیر العام للمسرح Theatre Manger**

ئەو کەسەیە کە سەرپشکی شانۆکەیە لە رووی هونەریی
ئیدارییەوە.

**پەردەی دیودەر ستارة شفافة Thansiucency**

پەردەیەکی دیودەری تەنکە.. بۆ دیواری ژوورێك بەکار دەبرێ
بۆوەی بینەر بە سانایی لە رووداوەکانی نێو ژوورەکە تێبگات.

**سازدانی کات التوقیت Timing**

پەیوەست بوونە بە (کات)ەوە لە ساتی نواندندا وەکو:

1-سەرەتای بزاوتێك, یا گووتەیەك لە کاتێکی دیاردا.

2-سازندانی کاتێکە لەبۆ روودانی دووچت یا زێتر لە یەك ساتدا.

3-دیار کردنی ئەو ماوەیەیە کە تا بەرپا بوونی رووداوەکە بەس
دەچێت.

**گوتاری توندوتیژ خطیة انفعالیة Tirade**

وتارێکی دوور و درێژی تراژیدییە کلاسییەکانە, ئەکتەرێك بێ وچ
دەیخوێنێتەوە.. ئامانجیشی ئاگادار کردنەوەیە لەو سزا توندوتیژان
کە لە دەرئەنجامی کردەوەیێکدا دووچاری مرۆ دەبێت.

**رووناكی زرێ   اضاءة الدرع   TormentorLight**

رووناكییەكە (لا) كانی شانۆ رۆشن دەكاتەوە.

**شانۆی تەواو, هاماد   المسرح الشامل   Total Theatre**

بەكار بردنی (تێكست)ە وەكی فاكتەرێكی لاوەكیی لە كۆی فاكتەرە شانۆییەكانی دی كە نمایشتەكە پێكدەهێنێت و لە بنەڕەتشدا بریتین لە: رووناكی, مۆسیقا, نواندن, جلك, دیكۆر.

**پۆشار   الدرعان   Tormentor**

پەردەیێكی تەسكە دەكەوێتە پشت پەردەی پێشەوە, ئەویش بە مەبەستی كەم كردنەوە دەلاقە, و پۆشینی بۆشایی (لا)كان.

**دیمەنی تێپەڕ   مشهد انتقالي   Transitional Scene**

دیمەنێكە دوو دیمەنی دی پێكەوە دەبەستێت.

**دەرگا تەلسماوییەكان   الابواب المسحورة   Traps**

دەلاقەیەكە لە زەمینەی تەختەی یشانۆكە یا بەقەد دیوارەكانەوەیە رێ بە هاتووچۆی ئەكتەر دەدات.

**سێیانەیی   ثلاثية مسرحية   Trilogy**

زنجیرەییێكە پێكهاتووە لە سێ شانۆیی و بەشەكانی دەگەڵ یەكدیدا پەیوەندیی توندوتۆڵیان هەیە. نموونەی ئەمەش (ئەلیكترا شایەنی رەش پۆشییە) لە نووسینی یۆجین ئونێل.



**شانۆگەریی سێ گۆشەیی   مسرحية المثلث الغرامي   iangle Play**

شانۆگەرییەكە باس لە كێشەی خۆشەویستییەكی ئاڵۆز دەكات دوو پیاو و ئافرەتێك دووچاری دەبن, یا بەپێچەوانەوە دوو ئافرە پیاوێك.

**شانۆگەریی لاسایی كردنەوەی   مسرحية المحاكاة الهازلة   avesty**

**گاڵتە ئامێز**

شانۆگەرییەكە لاسایی كارێكی شێلگیرانە دەكاتەوە بە مەبەس پێكەنین و گاڵتە پێكردن.

**ئەكتەری سێهەم   الممثل الثالث   Tritagonist**

مەبەست لەو ئەكتەرەیە كە (سۆفۆكلیس) دایهێنا.

**بزوێنەری مەرگەسات   المحرك المأساوي   Tragic Force**

لە شانۆگەریی تراژیدیدا ئەو هێزەیە كە دەنێو رووداوەك بەرجەستە دەبێت و دەبێتە هۆی كردەی داكشان (الحدث الهابگ بەرەو بەرپابوونی رووشەی دەبات.

**تراژیدیا, مەرگەسات   المأساة- التراجيديا   ragedy**

1- یەكێكە لە رەگەزە هەرە گرنگەكانی (دراما) و لە بنەڕەت یۆنانییەو پێكهاتەی دوو وشەیە:

(tragos) واتەبزن ، (oid) واتەستران

كە دەكاتە سترانی بزن. پێدەچێ مەبەست لەو نمایشتانە بێت ئەكتەران پێستی بزنیان لەبەر دەكرد.

2–ئەو شانۆگەرییە شێلگیر و جەخاراوییەیە کە لێوان لێوە لە رووشە و کارەڕاتی دڵتەزێن, و هەروەها تژییە لە نمایشت کردنی نموونەی پاڵەوانێتیی, و باڵاگەردانیی, و ململانێ دەگەڵ سەرنڤیشت (القچا و والقدر), و پاڵنەرەکانی ئازوەریی, و تۆڵە سەندنەوە, و خۆشەویستیی و هەر چتێك کە ناخەکان دووچاری ترس, و سۆز, و سەرسوڕمان دەکات.

**تراژیدیای خوێناوی المأساة الدموية Traged of Blood**

لە سەردەمی (ئەلیزابیس)یی لە ئینگلتەرادا باو بووە, جۆرێکە لە (تراژیدیای تۆڵە). زێدەڕۆیی لە وێنا کردنی رووداوە خوێناویەکان دەکات و کوشتن دەکاتە ئامرازی تۆڵە سەندنەوە.

**تراژیکۆمیدیا الماسلهاة– الملهاة المفجعة Tragi- Comedy**

بەزمەساتی جەخاراویی: بریتییە لە تەڤلی فاکتەرەکانی تراژیدیا و کۆمیدیا, بەڵام بە خۆشنوودیی کۆتایی پێدێت.

لە تایبەتمەندییەکانی تراژیکۆمیدیا:

رووداوی خۆکرد و ئاڵۆز.

هەڵوێستی نائاسایی.

پشت بە گەڵاڵە کردن دەبەستێت.

خۆشەویستیی بیرۆکەی سەرەکییە.

لە دواساتی شانۆگەرییەکەدا پاڵەوان بەسەر شەڕخوازدا سەردەکەوێت.

**درامای تیۆدۆریی الدراما التيودورية Tudor Drama**



ئەو شانۆگەرییەیە کە لە نێوان سەردەمی (هنری حەوتەم– 1485 ... سەردەمی (ئەلیزابێسی یەکەم– 1558ز)دا نووسراون, وەل... شانۆگەرییەکانی سەردەمی (ئەلیزابێس) پێیان دەوترێ (ئەلیزابێس... وشەی (تیۆدۆر)ش دەگەڕێتەوە بۆ (ئۆین تیۆدۆر)ی بەگزادە ... پێوەژنەکەی (هنری) پێنجەمی مارەکرد. نەویدە (اولاد)ەکانشی بریت... لە:

- هنری حەوتەم (1485– 1509)
- هنری هەشتەم (1509– 1547)
- ئیدواردی شەشەم (1547– 1553)
- ماری یەکەم (1553– 1558)
- ئەلیزابێسی یەکەم (1558– 1603)

**ئەکتەری نەگۆڕ ممثل نمطي Type**

ئەو ئەکتەرەیە کە هەمیشە لە پێستی یێك کەسێتییەکدایە.

## U

**نواندنی ئاست نزم تمثيل هبيط Under Acting**

کاتێکە کە ئەکتەر بە ئاستێکی نزمەوە رۆڵچی خۆی بنوێنێ.

**ئەکتەری یەدەگ ممثل احتياطي Und Study**

ئەکتەرێکە تەواوی رۆڵی ئەکتەرێکی دی لەبەر دەکات بۆوەی لە کاتی تەنگانەدا, یا هەر رووداوێکی کتوپڕ کە ئەکتەری سەرەکیی دووچاری دەبێت ئەم شوێنی بگرێتەوە و رۆڵی بنوێنێت.

**کۆتایی خەمۆکیی     نهاية حزينة     Un Happy Ending**

ئەو دوا ئاکامە دڵتەزێنەیە کە ئەو کەسێتییانە بە ئەنجامی دەگەن کە هاوسۆزی بینەرن.

**یەکەگەلی سێیانە     الوحدات الثلاث     Unities**

ئەرستۆ لە (هونەری شیعر)دا لەبۆ نووسینەوەی تراژیدیایەکی تەواو (متكامل) ئەم یەکانە دەخاتە روو:

یەکەی رووداو: تراژیدیا دەبێت چارەسەری یێك رووداوێك بکات کە ماوەیەکی دیار کراوی هەبێت, هەروەها سەرەتا, و ناوەڕاست, و کۆتایی هەبێت.

یەکەی کات: رووداوەکان دەبێت لە ماوەی رۆژێکدا بەرپابن هەندێك لە لێکۆڵەران دەڵێن ماوەکەی (24) کاژێرە هەندێکی تریش دەڵێن (12) کاژێرە, لەگەڵ ئەوەشدا (ئەرستۆ) پابەندبوونێکی تەواوی بەم خاڵەوە نەبووە.

یەکەی شوێن: دەبێت رووداوەکان لە یەك ئاقاردا روویدەن, یا لە چەند جێیەکی شارێکدا.

**شانۆی زانکۆ     المسرح الجامعي     University Theatre**

ئەو تیپەیە کە کۆمەڵێك خوێندکارانی نێو زانکۆ پێکیان هێناوە هەر زانکۆش سەرپەرشتی دەکات.



**سەرووی تەختەی شانۆ     اعلى الخشبة     Jp Stage**

لای سەرەوەی سەکۆی شانۆ.

**کارەکتەری هاریکار     شخصية مساعدة     tilty Character**

ئەو کارەکتەرەیە کە لە شانۆگەرییەکەدا ئەرکێکی خۆی هەیە, و
ئەرکێکی هێندە گرنگ نییە لەبۆ برەوپێدانی گرێکەی (العقده).

## V

**خۆشکار     مسلاة– فُدْفيل     Vaudeville**

بەزمە ساتێکە پێکهاتووە لە سەما, و ستران, و جۆڵە و دیالۆ
پێکەنیناویی. زاراوەکەش لە بنەڕەتدا فەرەنسییە.

**هاو واقیعیی– لە واقیع چوون   مشاكلة الواقع   Verisimilitude**

یەکێکە لەو بنەمایانەی کە کلاسییە نڤارەکان لە نووسینەوەی تراژیدیادا پابەندی دەبوون, واتای زاراوەکەش پابەندبوونێکی لۆژیکییە لەبۆ ئاماژەکردن بە واقیع. بۆیە دەشێت کردە و کارەکتەرە شانۆییەکان لە واقیعدا بوونیان هەبێت ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە واقیع وەکی وێنەیەکی فۆتۆگرافی بگوێزرێتەوە.

**درامای سەردەمی ڤیکتۆریا دراما العصر الفیكتوري   Victorian Drama**

ئەو شانۆگەرییانەیە کە لە سەردەمی حوکمڕانی (ڤیکتۆریا)ی شاژنی ئینگلتەرا لە (1827– 1901)دا نووسراون.

لە دراما نووسەکانی سەردەمی تاین:

–ئۆسکار وایلد (1856– 1900) .

–جۆرج برناردشۆ (1856– 1950).

–جۆن جالزۆرسی (1867– 1933).

**کارەکتەری خراپە   الشریر   Villain**

ئەو کارەکتەریە کە کردەکانی دژ بە حەز و ویستەکانی بینەرە ئەو کردانەش هەمیشە دژ بە پاڵەوانەکە ئەنجام دەدرێن.

# W

**شانۆگەریی دانسقە   مسرحیة جیدة الصنع   Well- Made Play**



ئەو شانۆگەرییەیە کە کردەکانی روو لە هەڵکشانن تا ئەو سا
دەگەنە تەشق و پاشان هێدی... هێدی شی دەبنەوە تاوەکی دەگ
چارەسەر. هەروەها ئەم چەشنە شانۆگەرییە تژییە لە فاکتە
سەرنجبەر, و بەدوواداچوون, و پابەند بوون بە چارەسەر کرد
کێشەکان بەر لە کۆتایی.

**کالوس   کالوس– جناح   Wing**

رووبەرێکە لە کۆتاڵی بۆیە کراو کە دەکەوێتە سەرجەم لاکانی سەک
شانۆکە و بەرامبەر پەردەی پێشەوەیە کە بەرچاوگەیەك پێکدێنێت.
هەر مەودایێك کە دەکەوێتە پشتی دیمەنەکانەوە.

**گەندە قژ, بارۆکە   بروكة   Wig**

سەرپۆشێکە.. تووکی سەرەکیی یا دەستکردی پێوە چەسپێنراوە.

**نواندنی پێووتنەوە   التمثیل التلقیني   Wing it**

پیشەی ئەو ئەکتەرەیە کە لە کاتی نواندنی رۆڵی خۆیدا پشت
کەسێك دەبەستێت بۆ ئەوەی دیالۆکەکانی بۆ بخوێنێتەوە.

**راهێنانی دەمدو کردن(بێژان)   تدریب الالقاء   Word Rehearsal**

راهێنانێکە لەسەر چۆنێتیی دەربڕینی وشە و دیالۆگەکان وەلێ ب
هیچ جوڵەیەك.

**شوێنکار   الورشة   work-shop**

ئەو شوێنەیە کە دیکۆر، و بەرچاوگە شانۆییەکانی تێدا دەردەس
دەکرێن.

**Zanni (zanny)** زاني **زاننى**

1-کارەکتــەرێکی لاوەکــی بــوو لــە بەزمەســاتە ســەرپێیەکان ڕۆڵی خزمەتکاری قۆشمەی دەبینی.

2-ئەو قۆشمەچییەیە کە دەگەڵ ئەکتەرێکی گەورەدا دەئاخڤێ.

# پاشبەندی فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی



# Z

Mummery نمایشتی دەمامکداران

Paint بۆیە کردن, رەنیدکردن

Painter رەنگکار, نیگارکێش

Painting هونەری نیگار کێشان

Paper پسوولەیەکە بەبێ بەرامبەر بە کەسانێکی دیار کراو دەدرێت کە ئامادەی بینینی شانۆگەرییەکە بن.

Parable Play شانۆگەرییەکە کە خودان مەبەستێکی ئاکاریی بێت.

Parade نمایش, پیشاندان

Paste Board= Admission Ticket پسوولەی چوونە ژوورەوە

Perform کەسێك کە لە شانۆگەرییەکەدا رۆڵێك بنوێنێت.

Performance 1- نواندن لە شانۆگەرییەکدا

2- شانۆگەریی

Performer ئەکتەر

Photo Play شانۆگەریی سینەمایی: شانۆگەرییەکە کرابێت بە فیلم

Piece شانۆگەریی

Pitch پلەی دەنگ

Play on Words کایەکردن بە وشەکان

Play Wood سەکۆیەکە لەبۆ بونیادنانی بەرچاوگەکان بەکار دەهێنرێت.

Pling ناوێکە لەبۆ ئەو ئەکترە بەکار دەبرێت کە پتر لە رۆڵێك دەنوێنێ

Plotless بێگەڵاڵە

Podium سەکۆ

Pon= Improvise چەند وشەیەکە ئەکتەر لە ساتی لەبیر چوونەوەی دیالۆگەکانیدا پێکیان دەهێنێت.

Portal دەروازە, دەرگا



Powder بۆدرە, تۆز

ss Officer, Publicity ManAger سەرپشکی پرووپاگندەکاریی

Recognition یکترناسینەوەی دووکارەکتەرە دوای دابڕانێکی زۆر

Resolution گرێ کردنەوە

Ritual بەزم و رەزم (زیکر و سەما)

Scout کەسێکە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی کەسی خودان بەهرە دەدات

Screen دیمانە

Singer سترانبێژ

Single Act یێک پەردە

Siton Hands چەپڵە لێنادات

Smoke Machine دوکەڵدان, ئامێرێکە دووکەڵی لێوە دەردەچێت

Sound دەنگ

Sound Mixer ئامێری تەڤلکردنی دەنگ

Source ژێدەر, سەرچاوە

Stage Business= Business بزواتە شانۆییەکان

Stage Center چەقی شانۆ, نێوەڕاستی شانۆ

Stage Craft چێکردنی شانۆیی

Stage- Elevator ئەسانسێری سەکۆی شانۆ

Stge Movement بزاوتنی شانۆیی

Still وێنەیەکی فۆتۆگراڤی دیمەنێك یا ئەکتەرێکە

Subject- Matter بابەتیی شانۆگەریی

Veraion جۆری نیشاندان

# سوپاس و پێزانین:

سوپاسی یەك بەیەکی ئەم بەڕێزانەدەکەم کە یارمەتی زۆریانداوم بۆ دەردەست کردنی ئەم فەرهەنگە:—

| | |
|---|---|
| محەمەدسەعید زەنگنە | سه باح ئیسماعیل |
| سیروان بێلانە | قاسم غەمگین |
| مەهدی شۆڕاوی | کۆسرەت عبدالرحمان |
| تاریق کارێزی | ستارمحمدقادر |

هەفتەنامەی باسەرە